# واتـاسـازی وشـه

## لێکۆڵینەوەیەکی کارەکییە

نامەیەکە

بۆ خاڵ عبدالله سعید

بێشکەشی کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینی
کردوەو بەشێکە لە پێویستییەکانی
پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا

ذی الحجە 1409/ک        تەمموزی 1989/ز

ئەم نامەیە بەچاودێری من لە زانکۆی سەلاحەدین ئامادە کراوە و بەشێکە لە پێویستی یەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردی (واتاسازی).

ناو:

مێژوو: ١٩٨٩/١٠/١

بە پێ ی ئەو پێشنیارە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندنی دەکەم.

ناو:

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا

بەشی کوردی

مێژوو: ١٩٨٩/١٠/١

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی موناقەشە و هەڵسەنگاندن ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ قوتابیەکەدا موناقەشەمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارمان دا کە شایانی ئەوەیە پلەی ( ) بڕوانامەی ماجستێر لە زمانی کوردی (واتاسازی) دا پێ بدرێ.

ناو: د. وریا عمر امین
سەرۆکی لیژنە
مێژوو:

ناو: محمد معروف فتاح
ئەندام
مێژوو: ١٩٨٩/١٠/١

ناو: د. فاروق عمر صدیق
ئەندام
مێژوو: ١٩٨٩/١٠/١

لە لایەن ئەنجوومەنی کۆلیجی ئادابەوە پەسەند کرا.

ناو:
عەمیدی کۆلیجی ئاداب
مێژوو: ١٩٨٩/١٠/١

سوپاس بۆ:

- ماموستا محمد معروف فتاح بەرامبەر ئەرکی و ماندو بوونی لەگەڵمدا.
- هەموو فەرمانبەرانی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین.
- 《 رويدة 》 خان.

ناوەڕۆک


پێشەکی ١
بەشی یەکەم/ واتاسازی و واتاو جۆرو بیردۆزەکانی واتا ٥
- واتاو واتاسازی و ناونان ٦
- جۆرەکانی واتا ١٢
- سەرهەڵدان و گەشەسەندنی واتاسازی ئەوروپی ٢٢
- بیردۆزەکانی واتا ٢٧
بەشی دووەم/ وشە وەک هێمایەک ٣١
- پەیوەندی نێوان وشەو هێما ٣٩
- کەرەسەی لێڵ ٤٨
- کەرەسەی ڕوون ٤٩
- تەمومژ ٥١
- فرەواتایی ٥٤
- هاوبێژی ٥٧
بەشی سێیەم/ پەیوەندییە واتاییەکان ٦٨
- پەیوەندی ئاماژە ٦٩
- پەیوەندی شوێن ٧٣
- هاوواتایی ٧٦
- هاوواتایی تەواو ٧٧
- هاوواتایی ناتەواو ٧٨
- دژواتایی
- بەرامبەری ٨٢
- پێچەوانەیی ٨٣
- تەواوکردن ٨٧
- گرتنەوە ٨٩
- جیاوازی ٩٣

| | |
|---|---|
| ئەنجام | ٩٦ |
| سەرچاوەکان | ٩٩ |
| کورتەیەکی باسەکە بە زمانی عەرەبی | ١٠٢ |
| کورتەیەکی باسەکە بە زمانی ئینگلیزی | ١٠٣ |

# پێشەکی*

((به ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان))

پێشەکی:

واتاسازی لە زمانی کوردیدا وەک لە زۆر زمانە رۆژهەلاتییەکانی تردا بەشێکی زۆرکەمی (لەناو لێکۆڵینەوە زانستییەکانی زماندا بۆ تەرخان کراوە. هەر ئەمەش بوو بەهۆی سەرەکی بۆ هەڵبژاردنم بۆ ئەم بابەتە. ئەم هەڵبژاردنەش تووشی گیروگرفتی کەمی یان نەبوونی سەرچاوەی کردم. لە ئەنجامدا ناچاربووم پشت بە دوو جۆر سەرچاوە ببەستم، یەکەمیان: ئەو سەرچاوە کەمەی بە زمانی عەرەبی لەسەر ئەم بابەتە نوسراوە. دووەمیان: ژمارەیەک لە سەرچاوە بێگانەکان کە ئەویش تووشی گیروگرفتی گرانی وەرگێڕانی کردم. یەکێکی تر لەو گیروگرفتانەی لە نووسینی ئەم نامەیەدا دووچاری بووم، گیروگرفتی زاراوەکانە، چونکە تائێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی وا نەنوسراوەتەوە بە زمانی کوردی لەم مەیدانەدا زاراوە زانستیەکانی کردبێتە کوردی. سەرەڕای ئەمە کێشەیەکی زۆر لە چەمکی زاراوەکاندا لە زمانی زانست خۆیدا هەیە. بۆ دەستنیشانکردنی زاراوەکان هەوڵم دا بەشێکی ئەوانە بەکاربێنم کە زمانەوانە کوردەکانی پێشتر دایان رشتبوو (بەتایبەتی فەرهەنگۆکەکەی زاراوە زانستیەکانی کۆڕی زانیاری کورد)، کە ئەمە بەشێکی کەمی ئەوانە ئەگرێتەوە کە پێویست بوون. زۆر شتی نوێ هاتۆتە ئارا لەو مەیدانەدا کە ئێستە لە زمانی کوردیو تەنانەت لە زمانی عەرەبیشدا باسیان نەکراوە، بۆیە ناچاربووم هەندێ زاراوە دابڕێژم بە پشتبەستن بە رادەی تێگەیشتنی خۆم لە بابەتەکەو بە پرسکردنو راوەرگرتنی مامۆستاکانم. بۆیە نەگونجانی هەندێ لەو زاراوانە لەگەڵ چێژو سەلیقەی زمانی کوردیدا شتێکی سروشتیەو وابزانم لە هەموو زمانێکیشدا هەر بەم جۆرەیە. بۆ نەهێشتنی لێڵی (opaque) هەوڵم داوە لە تەنیشت هەر زاراوەیەک کە بۆ یەکەمجار یەتە بەرچاو لەنێوان کەوانەدا بە ئینگلیزیو عەرەبیش بینووسم.

لێکۆڵینەوەکانی واتاسازی لای رۆژئاواییەکان لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەو سەرەتای بیستەمەوە دەرکەوتو بەرەبەرە دەستی بە پەرەسەندن کردو بیردۆزی زۆر لەسەری هاتە کایەوەو رێبازی جیاجیا بۆ لێکۆڵینەوەی پەیدابوو. هەندێک لە زاناکان لەژێر رۆشنایی بیردۆزەکانی زانستی کۆمەڵناسی (علم الاجتماع)و هەندێکی تر لەسەر بنچینەکانی زانستی دەروون (علم النفس)و هەندێکی تریش بەپێی بیردۆزە فەلسەفیەکان، لەم بابەتەیان ئەکۆڵییەوە. ئەنجامی ئەم جۆربەجۆرییە بوو بەهۆی شڵەژاندنو تێکچوونی رێبازەکان تا هەندێ لە زاناکان کەوتنە ئەو باوەڕەوە کە واتاسازی زانستێکی زۆر ئاڵۆزەو تویژەر (باحپ) ناتوانێت لە لێکۆڵینەوەیدا بگاتە ئەنجامێکی زانستیانە. لەبەرئەوەی پەیوەندی بە چەند زانستێکی جیاواز جیاوازەوە هەیە. ئەمەش پێویستی بە زانینی زۆر شتی ئاڵۆز هەیە کە پەیوەندی بە مێژووی درێژی مرۆڤو دراسەکردنییەوە هەیە. دوای ئەم ئاڵۆزیو تێکەڵاوییە زاناکان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە واتاسازی بخەنە ژێر لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانەوە تا وای لێهات ببێت بە یەکێ لە لقە گرنگە سەرەکییەکانی زانستی زمان.

سروشتی بابەتەکە وای پێویست کرد کە نامەکە بکرێت بە سێ بەشەوە، لە بەشی یەکەمدا واتاو واتاسازیو ناونانو جۆرەکانی واتاو بیردۆزەکانی واتا، لەگەڵ سەرهەڵدانو گەشەی واتاسازی ئەورووپاییم خستۆتە ڕوو، بەدوای ئەودا بەشی دووەم و سێیەمم تەرخان کردووە بۆ ئەو دوو بۆچوونەی باڵیان بەسەر واتاسازی ئەمڕۆدا کێشاوە: بەشی دووەم، ئەو روانینەی کە وشە بە هێما ئەژمێرێ (بەواتای ئەوەی ئەرکێکی هێمایی ئەداتە پاڵ وشە) بە دیاریکردنی پەیوەندی نێوان وشەو هێما. کەرەسەی لێڵ، کەرەسەی روون، تەمومژو جۆرەکانیو فرەواتاییو هاوبێژیو جۆرەکانی.

بەشی سێیەمیش: ئەو روانگەیەی کە زمان بە پەیڕەوێکی تێکچڕژاو دائەنێ کە یەکەکانی تەواو بەناو یەکتردا چوونو هەر یەکێکیان واتای ئەویتریان دیاری ئەکات. بە دیاریکردنی پەیوەندییەکان، پەیوەندی ئاماژەو پەیوەندی شوێنو جۆرەکانی لە هاوواتاییو دژواتاییو گرتنەوەو جیاوازی. و دوای ئەم بەشە کۆتاییەش ئەنجامی باسەکەم بەکورتی بەدەستەوە داوە.

# بەشی یەکەم

## واتاسازی واتا و جۆر و بیردۆزەکانی واتا

(١) واتا و واتاسازی و ناونان

(٢) جۆرەکانی واتا

١- واتای هۆشەکی

٢- واتای بارکراو

(أ) ڕاگەیاندن

(ب) شێوازی

(جـ) ڕەنگدانەوە

(د) کاریگەری

(هـ) هاوڕێیەتی

٣- واتای بابەتی

(٣) بیردۆزەکانی واتا

١- بیردۆزی هۆشەکی

٢- بیردۆزی ڕەوشتی

٣- بیردۆزی بەکارهێنان

(٤) سەرهەڵدان و گەشەی واتاسازی ئەوروپی

١- بۆچونی مێژوویی

٢- بۆچوونی بەراوورد

٣- بۆچونی وەسفی

واتاسازیو واتاو جۆرو بیردۆزەکانی واتا

سەرەتا:


لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەدا یەکەم جار چەمکی واتاو ناونان (ئاماژە) جیائەکەینەوە. بەدوای ئەمەشدا لە جۆرەکانی واتاو ئەو بیردۆزانە ئەدوێین بۆ لێکدانەوەی واتا خراونەتە ڕوو. لە کۆتایی بەشەکەشدا باس لە سەرهەڵدانو گەشەی واتاسازی لای ئەوروپیەکان ئەکەین. هەموو بەشەکە سەرەتایەکە بۆ چوونەناو واتاسازی وەسفی وشەوە کە بەشەکانی تری بۆ تەرخان ئەکەین.

<u>واتاو واتاسازیو ناونان:</u>

فەیلەسوفو زمانەوانەکان لە زۆر کۆنەوە بە شیکردنەوەی واتا خۆیان خەریک کردووە بەو گیروگرفتەی کە پەیوەندی نێوان بیرو زمانو واقعی دەرەوە ئەیهێنێتە کایەوە. لای دێرینەکان بەتایبەتی ئەرستۆ، وشە هێمایە بۆ شت .

بەم پێیە زمان بریتییە لە کۆمەڵە هێمایەک کە لە ئاستێکدا ئەتوانرێ وەک رۆنانێکی داخراو لێکبدرێتەوە، بەڵام لە ئاستی واتاسازیدا پەیوەندی زمان لەگەڵ "دەرەوە"دا ئەبێ بخرێتە بەرچاو. واتای گوتنێک بریتی نییە تەنیا لە هێماکان خۆیان، بەڵکو ئەو شتانەش ئەگرێتەوە کە هێماکان ئاماژەیان بۆئەکەن. ئەمە بەتایبەتی لەکاتێکدا دەرئەکەوێ کە "شتەکە" دیاردەیەکی بەرجەستە بێت .

زۆر لە فەیلەسوفو زمانەوانەکان بەتایبەتی (Ogden and Richards) (1936)بۆ لێکدانەوەی سروشتی هێمای زمانی سێ کەرەسەی واتاییان جیاکردووەتەوە، لە وێنەیەکی روونی سێگۆشەییدا وەک لەم نەخشەیەدا دەرئەکەوێت .




لەم نەخشەیەدا بیر (کە بەلای هەندێکەوە "واتا" یان "ناوەرۆک" ئەگرێتەوە) پەیوەندییەکی هۆیی هەیە لەگەڵ هێما (کە "فۆرم" یان "ناو" ئەگرێتەوە بەلای هەندێ کەسەوە)و دیسان لەگەڵ ناونراو لەکاتێکدا کە پەیوەندی نێوان هێماو شت یان ناونراو پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆیە کە مرۆڤ ئەیانداتێ. بەڵام ئۆڵمان رەخنەی لەم بیرە گرتووە لەو رووەوە کە "ناونراو" ئەکەوێتە دەرەوەی کایەی زمانەوانی، واتە زمانەوانی تەنیا لێپرسراوە بەرامبەر پەیوەندی نێوان بیرو هێما یان "ناو"و "واتا". چوارچێوەی ئەو بیرەی کە ئۆگدن‌و ریچاردزو ئولْمان کاریان تیا کردووە کەوتۆتە بەر رەخنەیەکی توندوتیژ لەبەرئەوەی ئەو بیرو کۆنە بە "بیر"و "واتا"و "چەمک"ەوە، بەندە کە لێرەدا وەک یەکەی سەربەخۆو جیاوازو لەیەک ترازاو سەیرکراون. ئەم یەکە میتافیزیکیانە وا هەست ئەکرێ کە بەکەڵکی زمانەوانی نوێ نایەن کە لە قاڵبی زانستێکی بابەتیدایە. بۆ دوورکەوتنەوە لەو یەکانەی کە خۆیان نادەن بەدەست لێکۆڵینەوەی زانستییەوە، بلومفیلد هەوڵی داو ئەو شتانەی کە ئەبینرێن (فۆرمەکانی زمان) بەهۆی شتی بینراوی ترەوە راستەوخۆ لێکبداتەوە. بەم جۆرە واتای کەرەسە لە چوارچێوەی رەوشتیدا ئەبێتە "ئەو بارودۆخە کە قسەکەر کەرەسەکەی تێدا بەکارئەهێنێ‌و ئەو وەڵامە کە لە گوێگردا دروست ئەبێت". واتە تەنانەت زیاتر نزیک لە واقیعی دەرەوەی زمان.
بەپێی ئەو پێشنیارەی بلومفیلد کە ئەڵێ "واتا لە چوارچێوەی زانستێکی تردا لێکبدرێتەوە، بۆنموونە: واتای وشەی خوێی ئاسایی ئەبێ "سۆدیۆم کلوراید" بێت.

دیسانەوە واتای کەرەسەیەکی وەک هاوڕێیەتی، خۆشەویستی، دڵنەرمی، دڵڕەق...هتد ئەبێ لەچوارچێوەی فۆلکلۆرو کۆمەڵناسیو ئیتنۆلۆجیدا لێکبدرێتەوە، بەمەرجێ ئەم زانستانە بگەنە پلەیەکی تەواو پێشکەوتوو. بەم جۆرە واتای وشەی بەرجەستە ئەخرێتە دەرەوەی زمان لە شیکردنەوەی زانستیانەی واقیعی دەرەوە، واتای وشە روونەکانیش لەبەر کەموکوڕی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ناتوانرێ لێکبدرێتەوە. لەبەرئەوەی هەموو وشەیەک واتای هەیە، ئەگەر ناو لە شتیش نەنێت. بلومفیلد زیادەڕۆییەک ئەکات لە جیاکردنەوەی ئەو وشانەی ناو لە شت ئەنێنو ئەوانەی ناولێنراو بەرامبەریان نییە. هەرچەندە چارلس موریس، کە فەیلەسوفێکی ئەمریکاییە، وەک بلومفیلد بەدوای بابەتیدا ئەگەڕا، بەڵام وەک ئەو بۆ واتا پەنای نەئەبردە بەر زانستە سروشتیەکان: بەلایەوە واتای وشە نە یەکسان ئەوەستێ لەگەڵ بیرو چەمکداو نە لەگەڵ ناونراودا، بەڵکو بریتی ئەبێت لە بەشێک لەو نەریتە کۆمەڵایەتییەی کە فۆرمێکی زمان لە قیژەو نیشانەوە ئەگۆڕێت بە هێمای راستەقینە. بەم جۆرە ئەو گیروگرفتەی کە بلۆمفیلد لە شیکردنەوەی واتای رووتدا تووشی ئەهات، نامێنێو لەناوئەچێ، چونکە هەروەک مۆریس ئەڵێ لەکاتێکدا هەموو هێمایەک واتای هەیە، مەرج نییە هەموو هێمایەک ناو لە شت بنێت ."

پەیوەندی نێوان زمانو جیهانی دەرەوەی زمان بەهۆی چەمک یان ئەرکی هێماوە چەند گیروگرفتێ ئەهێنێتە کایەوە. لەلای زمانەوانی ئەمریکی تراگەر، واتا تەنیا لە چوارچێوەی پەیڕەوە کەڵچەرییەکاندا لێک ئەدرێتەوە. هەموو واتای فۆرمە زمانییەکان لە پەیوەندی نێوان زمانو پەیڕەوە کەڵچەرییەکانی کۆمەڵێکدا خۆیان ئەدۆزنەوە. قوتابخانەی زمانەوانی بریتانیش کە تەکنیکی – چوارچێوەی بار – بەکاردێنێ باوەڕی وایە کە کەرەسەی واتاداری زمان تاکە هێماکان نین، بەڵکو گوتن هەموویەتی. واتای گوتنیش لەو بارودۆخەوە یەت کە گوتنەکەی تێدا

بەکاریەت. واتای گوتن بەم پێیە بریتیە لە ئیماژەدان بەو کەسانەی بەشداری ئەکەن لە گوتنداو رەوشتی زمانیو نازمانی ئەمانە، ئەو شتانەی باس ئەکرێو کاری کردە زمانییەکان (العمليات اللغويه).

لێرەدا ئەبێ ئەو سیمایانە جیابکرێنەوە کە بەگشتی لە جۆرە کەڵچەرییەکەدا هەیەو ئەوانەی کە ئەگەڕێنەوە بۆ بارودۆخە تایبەتییەکە – بەواتایەکی تر – سیما کۆمەڵایەتییەکە ئەبێ لە بارودۆخی گوتنەکە دەربکرێ. ئەم کردەی "رووتکردنەوە"یە لە تایبەتیەوە بۆ گشتی، ئەبێ زیاتر لە فەرهەنگدا رەچاوبکرێ، لێرەدا ئەو یەکەیەی باسی لێ ئەکرێ وشەیە نەک گوتن. فەرهەنگ ئەرکو بەکارهێنانی وشە لە رۆنانی ئاساییدا کورت ئەکاتەوە. بەم جۆرە چوارچێوەی بار هێندە روون ئەبێتەوە کە لە کاری فەرهەنگ نووسەکان نزیک ئەبێتەوە. هەرچەندە واتای تەواوی گوتنێکی دیاریکراو ناتوانرێ لە دەرەوەی چوارچێوەی باردا لێکبدرێتەوە، واتای گشتی گوتنێکی وەک "باران ئەبارێ؟" پەیوەندی بەو بارەوە نییە کە تێیدا ئەگوترێ لەبەرئەوە زۆر زمانەوان تەنیا بۆ رەواندنەوەی تەمومژ لە بار ئەکۆڵنەوە.

ئەبێ لێرەدا تێبینی ئەوە بکەین کە پەیوەندی زمانو دیاردەی دەرەوەی پەیوەندییەکی تەواو ئاڵۆزە. هەر زمانە گرنگی بە لایەنێکی "واقیع" ئەداتو پێڕەوە هێمایەکانی دەور ئەبینێ لە دابڕینو ریزکردنو رێکخستنی ئەو فرەچەشنییەی لە دیاردەکاندا هەیە، بەشێوەیەکی رێکوپێک. ئەم دابڕینە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر ئەگۆڕێت. لەبەرئەمەیە کە پەی بردنمان بە جیهانی دەوروبەرمان نەک هەر لەلایەن زمانەوە رێک ئەخرێت، بەڵکو لەژێر کاری زمانیشدایە (بەڵگەمان جیاوازی زمانەکانی گێتییە لە دابڕینی دیاردەی رەنگەکاندا) ناولێنان، بەم جۆرە تاڕادەیەک زمان دیاری ئەکاتو خۆشی تاڕادەیەک واتا دیاری ئەکات. تەنانەت لەو وشانەشدا

که بۆ ناولێنانن، واتا بەندە بەو ڕونانەوە کە لەنێوان پێڕەوە زمانییەکەدا هەن. بەم جۆرە ئەبینین کە واتا دیاردەیەکی ئاڵۆزەو هەر لەبەرئەمەشە کە هەندێ زمانەوان لایەنی سیمانتیکیو سینتاکسی واتا لە یەکتری جیائەکەنەوە (مۆریس)، هەندێکی تریش وەک (دیکسن) واتای ناوەوەو (بەندە بە پەیوەندی نێوان یەکەکانی زمان خۆیەوە) دەرەوە (پەیوەندی نێوان زمانو جیهانی دەرەوە) لەیەکتری ئەترازێنن.

تەحویلیەکان لە بۆچوونەکانیاندا بۆ لێکدانەوەی واتا وشەیان بە بچوکترین کەرتی واتاداری زمان دانەنا وەک زانایانی پێش خۆیان بەڵکو هەروەک چۆن دەرکەوت بۆ فیزیکیەکان کە ئەتۆم لە پێکهێنەرەکانی وەک نیۆترۆن و پرۆتۆن پێکهاتووە، وشەش لەسەر بناغەیەکی لۆجیکیو زانستی شی ئەکرێتەوە بۆ چەند پێکهێنەرێک یان چەند سیمایەکی واتایی کە لێی پێکهاتووە.

(کارناب– Carnap) 1956 – ، ئەم پەیڕەوەی خستە ڕوو.

أ- کوڕ نێر.

ب- کچ مێ .

"کوڕ" "نێر" ئەگرێتەوە. "س" کوڕە، کەواتە "س" نێرە. لەبەرئەوە "کوڕ نێرە" ڕستەیەکی راستە، بەپێی کەرەسە خاوەکانی واتاسازی. کەرەسە واتاییەکان بەشێک نین لە دانە فەرهەنگیەکان، بەڵکو پێکهێنەری نەزەرین دانراون بۆ وەسفکردنی پەیوەندییە واتاییەکانی دانەکانی هەر زمانێکی دیاریکراو کە چەند نەگۆڕێکی مەنتیقی وەک "و"، "یان"، "نییە"ش ئەگرێتەوە.

پیاو نێر "و" هەراش.

ژن مێ "و" هەراش.

کورٍ یان کچ          هەراش "نییە."

پیاو "یان" ژن "یان" کورٍ "یان" کچ          مرۆڤ.

یان بەشێوەیەکی تر:

کورٍ          ژیر و مرۆڤ و نێر و هەراش نییە.

کچ          ژیر و مرۆڤ و مێ و هەراش نییە.

پیاو          ژیر و مرۆڤ و نێر و هەراش.

ژن          ژیر و مرۆڤ و مێ و هەراش.

ئەم پەیڕەوە چەند یاسایەکی ناو تویژیش (تچمینی) ئەخرێتە پاڵی:

مرۆڤ          زیندوو.

نێر          مێ نییە.

نێر          زیندوو.

مێ          نێر نییە.

مێ          زیندوو.

بەم پێیە دوو وشە یان زیاتر هاوواتا ئەبن کە لەهەمان پێکهێنەری واتایی پێکهاتبن و بەهەمان نەگۆڕی مەنتیقی ئەم پێکهێنەرانە بەیەکەوە بەسترابن.

دوو وشەی وەک "ژن" و "هەراش" یەکەمیان هەمان پێکهێنەرەکانی تێدایە کە لە دووەمدا هەیە، بەڵام "ژن" لە پێکهاتنیدا تایبەتیەکی واتایی وەک "مێ"ی تێدایە کە لەوانەیە لە "هەراش"دا نەبێت، کەواتە "هەراش" لەناو "ژن"دا هەیە، بەڵام پێچەوانەکەی راست نییە. بەم پێیە "ژن" هەراش ئەگرێتەوە. ئەو دوو وشەیەی کە هەموو پێکهێنەرە واتاییەکانیان پێکەڵ (متگابق) بێت، تەنیا یەک پێکهێنەری وەک "س" کە لە یەکێکیاندا هەیە، بەڵام بەرامبەری "سَ" هەبێت لەویتریاندا بەواتایەکی تر

که ئەو دوو پێکهێنەرە هەرگیز بەیەکەوە دەرنەکەون- ئەوا ئەو دوو وشەیە (دژ - Antonyms)ئەبن.

| ژن × | پیاو |
| --- | --- |
| +مرۆڤ | +مرۆڤ |
| +هەراش | +هەراش |
| +زیندوو | +زیندوو |
| -نێر | +نێر |

هەرچەند زۆر لە زانایان(کاتز – Katz، فۆدور - Fodor – 1963) و (فایزایش- 1966) و (باپروش - Bierwisch - 1969).

پەیڕەوی شیکردنەوە بۆ پێکهێنەرە واتاییەکانیان، ئەکەن و هەرچەندە ئەم بۆچوونەش ئابووورییانەو ڕێکوپێکە، بەڵام تاڕادەیەک نەیتوانیوە گیروگرفتی واتا بە تەواوی چارەسەربکات لەبەرئەوەی هەموو وشەیەک شی ناکرێتەوە بۆ پێکهێنەرەکانی.

<u>جـــــــۆرەکـــــــانی واتـــــــا:</u>

هەندێ کەس وا لە زانستی واتاسازی چاوەڕوان ئەکەن کە لە واتا فراوانەکەی واتا بکۆڵێتەوە، بەڵام هەندێکی تر تەنانەت بەشێک لە زمانەوانەکانیش لەو باوەڕەدان کە لێکۆڵینەوەی واتا تەنیا واتا بنچینەییەکە (Denotation) ئەگرێتەوە، ئەویش ئەو واتا گشتییەیە کە کۆمەڵ لەسەری ڕێک کەوتووە. بەدوای (لیچ)دا بە پێویستی ئەزانین کە چاو بە جۆرەکانی واتادا بخشێنین پێش ئەوەی خۆمان لە لێکۆڵینەوەکەدا بە جۆرێکی تایبەتی واتاوە ببەستین لیچ بەگشتی سێ جۆر واتا جیا ئەکاتەوەو جۆری دووەمیان کەرت ئەکات بۆ چەند جۆرێکی ووردتر. بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. واتای هۆشەکی.
2. واتای بارکراو کە ئەکرێت بە پێنج چەشنەوە:

أ- ڕاگەیاندن.

ب- شێوازی.

ج- ڕەنگدانەوە.

د- کاریگەری.

ه- هاوڕێیەتی (تێکەڵی).

3. واتای بابەتی[1].

وا لە خوارەوە زۆر بە کورتی لە هەموو ئەو جۆرانە ئەدوێین، لە دواییدا بیروڕاکانی- لیچ هەڵدەسەنگێنین‌و شوێنیان لە لێکۆڵینەوەکەمان دیاری ئەکەین .

## 1) واتــــای هۆشـــەکـــــی - Conceptual Meaning

ئەم جۆرەی واتا لە هەموو جۆرەکانی تر زیاتر گرنگی پێدراوە، چونکە دائەنرێن بە بنچینەی لەیەکترگەیشتن‌و پەیوەندیکردن لەنێوان مرۆڤداو خاوەنی ڕۆنانێکی وا ڕێکوپێکە کە بە ئاسانی بەراورد ئەکرێن لەگەڵ ڕۆنانی ئاستەکانی تری زماندا بە تایبەتی فۆنۆلۆجی‌و ڕستەسازی[2]. واتاکان لەم جۆرەیاندا بەرامبەر یەک ئەبن لە ناوخۆیاندا ڕێک ئەکەون‌و بەهۆی سیماجیاکەرەوەکانیانەوە ئەنوێنرێن وەک چۆن لەکاتی وەسفکردنی فۆنیمەکاندا ڕووئەدات، بۆنموونە هەروەک چۆن فۆنیمی (ب) لێوەکیە،

---

[1] Leech, 1975, p.10.

[2] زمانەوانی: ١٦٨.

کپە، دەربازەیە[1]. هەمان ڕێگە ئەتوانین واتای وشەش (بۆنموونە ژن، کوڕ...هتد) بەهۆی تایبەتییەکانییەوە دیاری بکەین:

ژن (+ مرۆڤ، + مێ، + هەراش)

کوڕ (+ مرۆڤ، – مێ، – هەراش)

ئەم بنەمای واتا کەرت کردنە تەواو جووتە لەگەڵ بنەمای شیکردنەوەی ڕستە بۆ پێکهێنەرە ڕێزمانییەکان، کە لە کەرتی بچووکەوە ئەمانگەیەنێتە دانە ڕێزمانییە گەورەکان یان بە پێچەوانەوە کە دانەی ڕێزمانی گەورە لەت ئەکەین بۆ کەرتی بچوکتر (وشەو فۆنیم).

## 2) واتــــای بــــارکــــراو:

واتای بارکراو جۆرەکانی واتای (راگەیاندن، شێوازی، ڕەنگدانەوە، کاریگەری، هاوڕێیەتی) ئەگرێتەوە، کە یەک ڕەوشتیان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەتوانێت ژمارەیەکی بێ سنوور واتا بدات بەپێی ئەو بارەی تێیدا دێت. دیسان ئەم لەسەر بنچینەیەک شی ئەکرێتەوە لەبەرئەوەیە کە ئەتوانرێت ئەم جۆرانە هەموویان بەیەکەوە ببەسترێتو بەواتای بارکراو ناوببرێت کە بەرامبەر واتای هۆشەکی ئەوەستێت کە لەسەر بنچینەیەکی هۆشەکی ئاڵۆزەو بەتەنیا تایبەتە بە مرۆڤەوە. ئەم جۆرە واتایە بەشێوەیەکی دڕشت نەبێت ناتوانرێت شی بکرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە (ئۆزگود – Osgood و تانینبام – Tannenbaum) لە (1957)دا لە کتێبەکەیاندا (پێوانی واتا) ڕێگەیەکی نوێیان هێنایە کایەوە لەسەر بنچینەی شیکردنەوەی واتا لە حەوت پلەدا. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم ڕێگە نوێیە شیکردنەوەیەکی تەواو ورد نییە بۆ پێوانی واتای بارکراو

[1] فۆنەتیک: ٦٠.

لەبەرئەوەی لە حەوت پلە پێکهاتووە کە ناتوانرێت بەوردی سنووریان لەنێواندا دابنرێت، بەڵام دیارە کە ئەمە تەنیا ڕێگەیە لەکاتی ئێستادا کە ئەتوانێ واتای بارکراو بپێوێ لەبەرئەوەی ئەم جۆرە واتایە پلەدارە وەک لە خوارەوە ئەبینین:

3 2 1 0 1 2 3

(خراپ) – – – – – – – – (باش)

لەم وێنەیەدا وەک ئاشکرایە لەنێوان (باش) و (خراپ)دا حەوت پلە دیاریکراوە (خراپ – کەمتر خراپ – زۆر کەمتر خراپ – {خراپ نییە، باش نییە} – زۆر کەمتر باش – کەمتر باش – باش).

واتای بارکراو بەپێی جیاوازی تاقیکردنەوەی کەسیی ئەگۆڕێت. هەموو وشەیەکی زمان ئەم جۆرە واتایەی تێدا نییە، چونکە هەموو وشەیەک وەک ئەم ئاوەڵناوانە پلە پلە ناکرێت. (ڕەق – نەرم) (خێرا – هێواش) (دڵخۆش – خەمبار)...هتد.

واتای بارکراو لەم جۆرانەی خوارەوە پێکهاتووە:

أ- واتای راگەیاندن - Connotative Meaning:

ئەو واتا لاوەکییانەیە کە ئەچنە سەر واتا بنچینەییەکەی وشە لە ئەنجامی بەکارهێنانیدا لە ژیانی رۆژانەدا. لەوانەیە ئیجابی بن یان سەلبی. بۆنموونە: (کوننە بەبوو) لە رووی واتای هۆشەکییەوە باڵندەیەکە کە تایبەتیو پێکهاتنی فسیۆلۆجی تایبەتی هەیە. کە بەهۆیانەوە ناسراوە، بەڵام ئەم باڵندەیە لای ئینگلیزەکان کە (Owl)ی پێ ئەڵێن لەپاڵ واتاکەی خۆیدا واتای لاوەکی گەشبنیایەتی (التفائل) ئەگەیەنێ لە ئەنجامی دووبارە

بوونەوەی بارێکی خۆش چەند جارێک لەگەڵ بینینی ئەم باڵندەیەدا، ئەمە نموونەیە بۆ واتا لاوەکییە ئیجابییەکە، هەر هەمان باڵندە لای رۆژهەڵاتیەکان لەپاڵ واتا هۆشەکییەکەیدا، واتایەکی لاوەکی سەلبی هەیە لەبەر هەمان هۆ بەڵام لەگەڵ رووداوی ناخۆشدا.

واتای هۆشەکی وشەی (ژن) بەپێی شیکردنەوەی بۆ تایبەتییە پێکهێنەرەکانی بریتییە لە (+ مرۆڤ، + مێ، + هەراش). ئەم تایبەتییە پێکهێنەرانە بارمەتیمان ئەدات کە لە واتای (ژن) تێبگەین‌و بەشێوەیەکی راست بەکاری بهێنین، بەڵام تەنیا ئەم سێ پێکهێنەرە نییە کە تایبەتی بن بە (ژن) بەڵکو چەندان تایبەتی تر هەیە لە (ژن)دا کە پەیوەندی بە پێکهاتنی فسیۆلۆجیەوە نییە وەک بوونی غەریزەی دایکێتی، حەز بە خۆڕازاندنەوە، حەز بە ناو کۆمەڵ کردن، شارەزایی لە چێشت لێنان، بوونی توانای قسەکردن، شارەزایی لە جل شتن، تەنورە لەبەرکردن...هتد[1]. هەندێ تایبەتی هەیە کە واتای لاوەکی ئەیگەیەنێت دراوەتە پاڵ ئافرەت لە قۆناغێکی مێژوودا کە لەوانەیە راست نەبێت، بەڵام بەهۆی باوەڕی کۆنەوە یان باوەڕی کۆمەڵێکی دیاریکراوەوە یان باوەڕی کەسێکەوە وەک:
تایبەتی ترسنۆکی، گرینۆکی، بەسۆزی‌و گوێ نەدان بە هۆش (تاڕادەیەک)، هەندێ تایبەتی تریش هەیە کە ئەم واتا لاوەکییە ئەیگەیەنێت، بەڵام ئەمە پەیوەندی بە سروشتی ئافرەتەوە هەیەو ستایشە بۆی وەک: دڵسۆزی، بەبەزەیێتی، ناسکی‌و دڵنەرمی،...هتد.

ئەم جۆرە واتا لاوەکییە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر وەیان لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی ترو تەنانەت هەندێ جار لە ڕوانگەی کەسێکەوە بۆ کەسێکی تریش، ئەگۆڕێت.

## ب- واتای شێوازی - Stylistic Meaning:

واتای شێوازی ئەو واتایەیە کە پارچەیەکی زمانەوانی دیاریکراو لەژێر ئەو بارە

[1] زمانەوانی

کۆمەڵایەتییەی تیایدا بەکارهاتووە. ئەیگەیەنێت. هەندێک لە وشەکان شێوەی گوتنەوەی و جۆری دیالێکتەمان بۆ روون ئەکاتەوە، هەندێکی تریان جۆری پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان قسەکەرو گوێگر روون ئەکاتەوە.
دیسان هەندێکی تریان جۆری بابەتەکە ئاشکرا ئەکەن (زانست، ئەدەب، یان راگەیاندن...هتد) و هەروەها پەیوەندی رەسمیو ناڕەسمی جیائەکاتەوە.
زمانەوانەکان هەموویان لەسەر ئەو رایە رێکناکەون کە (زمانی تاکەکەس، جۆری دیالێکتێک لە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراودا، زمانی کاتێک یان سەردەمێکی دیاریکراو، زمانی قسەکردن، زمانی یاسا، زمانی نووسینو زمانی ناوبازاڕ) ئەمانە هەموویان ئەچنە ژێر واتای شێوازەوە.
ئەگەر مەبەست لە هاوواتایی بەرامبەری بێت ئەتوانین زۆر وشە بدۆزینەوە کە لە واتای هۆشەکیدا وەک یەک بنو لە واتای شێوازدا جیاوازبن وەک وشەی (ئەسپ) لە شێوەی ئەدەبیدا، کە بەرامبەرەکەی (هەسپ)ە لە هەندێ زارداو (هەچە)یە لە شێوەزاری مناڵدا[1].

ج- واتای رەنگدانەوە - Reflected Meaning:

واتای رەنگدانەوە ئەو واتایەیە کە بارئەگرێ لە واتای هۆشەکی دیاریکراو بەهۆی کاری بەکارهێنانی ئەو وشەیە لەباری تردا، بەجۆرێ کە گوێمان لە یەکێکیان بێت ئەویتریانمان یەتە یاد لەبەرئەوەی بەکارهێنانی یەکێکیان بڵاوترە لەویتریان[2].

[1] زمانەوانی: ١٧٠.
[2] هەمان سەرچاوە – ١٧٢.

هەندێک جار یەکێک لە واتاکانی رەنگدانەوەیی وشەیەک هەموو واتاکانی تر لائەبات لەکاتێکدا کە توانایەکی بەهێزی پەیداکردبێت لە ئەنجامی دووبارەکردنەوەی و یان بەهۆی ئاسانییەوە. وەک وشەی (Green) لە زمانی ئینگلیزیدا، لەپاڵ واتا هۆشەکییەکەی خۆیدا کە بەرامبەر بە (سەوز)ە لە کوردیدا واتای بەغیلی ئەگەیەنێت وەک: ئەڵێن (Green of envy) واتە لە بەغیلیدا سەوز بووە. دیسان رەنگی رەش واتای خەم و دڵتەنگی ئەگەیەنێت. ئەم جۆرە واتایە زیاتر بە روونیو ئاشکرایی هەستی پێ ئەکرێت لەکاتێکدا کە یەکێک لە واتاکانی وشەکە بەکارهێنانی جێی رازی بوونی کۆمەڵ نەبێت لەبەر بوونی پەیوەندی بە جینسەوە. کە لە راستیدا وشەکە خۆی واتای تەواوەتی، ئەو واتا قەدەغەیە نییە، هەر لەبەرئەمەشە کە زۆر وشە بێ گوناه بەرەو لەناوچوون ئەچن بەهۆی کەم بەکارهێنان یان هەر بەکارنەهێنانیانەوە.

د- واتای کاریگەری - Affective Meaning:

واتای کاریگەری ئەتوانێت بەهۆی واتای هۆشەکی یان لاوەکییەوە یان شێوازییەوە هەستی قسەکەر دەربڕێت بەرامبەر ئەو بابەتەی کە لێی ئەدوێتو هەستی دەربخات بەرامبەر گوێگر یان بەرامبەر دیاردەیەکی دیاریکراو، وەک لەوکاتانەدا کە بۆ دەربڕینی ناڕەزایی بە کەسێک ئەوترێت. (تۆ مرۆڤێکی خراپو بێ کەڵکی)[1]. هەروەها قسەکردن بەپێی رێژەی رێزگرتن لەنێوان قسەکەرو گوێگردا ئەگۆڕێت.

أ- ئەتوانیت دەنگت نزم کەیت تا بتوانم بخوێنمەوە. (بەڕێزەوە).

[1] زمانەوانی: ١٧٢

ب-   دەنگت نزم کە تا بتوانم بخوێنمەوە. (ریز کەمترە).
ج-   ئەوەنە مەڵێ تا بتوانم بخوێنمەوە. (ڕێز نییە).

## هـ-   واتای تێکەڵی یان هاوڕێیەتی – Collective Meaning:

ئەو واتایەیە کە وشە پەیدای ئەکات لە ئەنجامی پەیوەندی کردنی لەگەڵ وشەی تردا کە لە بەرامبەری یان لەگەڵی یەت لە باری تایبەتیدا. وشەی (جوان) و (قۆز) هەردووکی یەک واتای هەیە، بەڵام بەپێی ئەو ناوانەی لەپاشیانەوە یەت جیائەکرێنەوە، بەم شێوەیە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| کوڕ | | کچ | |
| | قۆز | ژن | جوان |
| پیاو | | گوڵ | |
| | | جل | |

بەم پێیە وشەی (میاواندن) و (وەڕین) و (حیلاندن) لە رووی گەیاندنی مەبەستەوە کە دەنگی گیانلەبەر ئەگەیەنن هاوواتان، بەڵام هەریەکەیان لەویتریان جیا ئەکرێتەوە بەپێی ئەو وشانەی کە لە دوایانەوە یەت لە رستەدا یان لە دەستەواژەدا. (میاواندن) تەنیا لەگەڵ (پشیلە)دا یەت و (وەڕین) لەگەڵ (سەگ) و (حیلاندن) لەگەڵ ئەسپ...هتد، بەشێوەیەک کە هەر لادانێک لەم شێوازە رستەی ناڕێکو نادروستمان ئەداتێ .

واتای رەنگدانەوەو تێکەڵی بەوە لەیەک جیا ئەکرێتەوە کە جۆری یەکەم لە یەک وشەدا دەرئەکەوێت، بەڵام هەرچی جۆری دووەمە لە فرێزدا دەرئەکەوێت. دیسان جۆری یەکەم بنچینەیەکی زانستیانەی نییە، بەڵکو سەرهەڵدانی پەیوەندی بە چەند بارێکی کۆمەڵایەتیو ڕەوشتی کۆمەڵەوە هەیە، بەڵام جۆری دووەم تاڕادەیەک بنچینەیەکی زانستیانەی هەیە.

## 3) واتای بابەتی - Thematic Meaning:

ئەم جۆرە واتایە گرنگی ئەدات بەو ڕێگایەی کە قسەکەر تیایدا قسەکانی یان وشەکانی ڕێک ئەخات بۆ گەیاندنی مەبەستێکی تایبەتی، بەشێوەیەک کە لەگەڵ مەبەستە ڕاستەقینەکەی خۆیدا بگونجێتو سەرکەوتوو بێت لە گەیاندنی مەبەستەکەیدا وەک خۆی، بە گوێگر ئەمیش لەڕێی پێشخستنو پاشخستنو سووربوون لەسەر کەرەسەیەکی تایبەتی ڕستەوە ئەبێت، بۆ نموونە:

ئازاد دیاری یەکەمی وەرگرت.

دیاری یەکەم بۆ ئازاد بوو.

ئەم دوو ڕستەیە هەردووکیان یەک چەمکیان هەیەو هەمان مەبەست ئەگەیەنن لەگەڵ ئەوەشدا کە لە ڕۆنانی ڕێزمانیدا جیاوازن. مەبەست ئەوەیە کە واتاکانیان جیاوازە لەو بارەی کە ڕستەکەی تێدا هاتووە. ڕستەی یەکەم وەڵامە بۆ پرسیاری (ئازاد چی وەرگرت؟) ڕوونە کە ئێمە ئازاد ئەناسین، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا کە وەڵامە بۆ پرسیاری (دیارییەکە بۆ کێ بوو؟) ڕوون نییە کە ئازاد ئەناسین. هەروەها ئەم رستانەی خوارەوەش تەنیا لە ڕووی ڕێکخستنی کەرەسەکانەوە جیاوازنو هەریەکەیان ئەبێتە وەڵام بۆ پرسیارێکی جیاواز.

پیاوێک لە ژوورەوە چاوەڕوانت ئەکات.

کێ چاوەڕوانم ئەکات لە ژوورەوە.

لە ژوورەوە پیاوێک چاوەڕێ ئەکات.

لە کوێ پیاوەکە چاوەڕوان ئەکات.

پیاوێک لە ژوورەوەیە.

کێ لە ژوورەوەیە؟

دوای خستنه ڕووی جۆرەکانی واتا ئەوەی بۆمان روون بۆتەوە ئەوەیە کە هەرچەند (لیچ) هەوڵێکی زۆر ئەدات هەموو ئەو جۆرە واتایانە لە یەکتر بترازێنێ و جیابکاتەوە، بەڵام شایانی تێبینیە کە ئەم جۆرانە لە هەندێ شوێندا تەواو تێکەڵ ئەبنەوەو تاڕادەیەک زۆر بە گران لەیەکتری جیائەکرێنەوە، بۆنموونە: جیاکردنەوەی واتای هۆشەکیو لاوەکی، هەندێ جار بەئاسانی ناکرێت. لەم دوو رستەیەی خوارەوەدا، وشەی "خست" و "خزاند" ئەتوانرێ لەڕووی هۆشەکیەوە بە هاوواتا دابنرێنو جیاوازییان بخرێتە بۆتەی شێوازەوە:

1- کتێبەکانی خستە جانتاکەوە.

2- کتێبەکانی خزاندە جانتاکەوە.

لەهەمان کاتیشدا ئەتوانین بڵێین کە گۆڕانی شێواز لەم دوو رستەیەدا هاوشان لەگەڵ گۆڕانی واتای هۆشەکی وشەکان – بەواتایەکی تر – وشەی (خزاندی) لە ڕستەی دووەمدا واتایەکی هۆشەکی وردتر ئەدات – تێکردن بە زۆر – وەک لە "خست" لە ڕستەی یەکەمدا. هەر لەبەرئەمەشە کە زیادکردنی "بەئاسانی" رستەی دووەم ئەکات بە ناڕێزمانی:

کتێبەکانی بەئاسانی خستە ناو جانتاکەوە.

کتێبەکانی بەئاسانی خزاندە ناو جانتاکەوە.

دیسان هەندێ جار تێکەڵیەک لەنێوان واتای هۆشەکیو هاوڕێیەتی (تێکەڵیدا) بەدی ئەکرێت، کە بەئاسانی لەیەکتری جیاناکرێنەوە. بۆنموونە، وشەی "شەنگ" و "جوان" دوو واتای هۆشەکی جیاوازیان هەیە یان بەهۆی هاوڕێیەتی "شەنگ" لەگەڵ "لاویدا" لەیەکتری جیائەبنەوە لە رستەیەکی وەک:

- لاوێکی ........ لەلای سەرەوەی ژوورەکە دانیشتبوو.

گیروگرفتی وا ناچارمان ئەکات کە بگەڕێینەوە سەر دابەشکردنە دێرینەکەی واتا بۆ "هۆشەکی" و "لاوەکی" – لاوەکی هەموو جۆرەکانی واتا ئەگرێتەوە بێجگە لە هۆشەکی، هەرچەندە دابەشکردنی لاوەکیو کەرتکردنی بۆ واتای وردتر لە خۆیدا کارێکی بەکەڵکەو هەندێ جار سوودی لێ وەرئەگرین، بەڵام لە راستیدا دابەشکردنە دێرینەکە لەگەڵ کارەکەی ئێمەدا ئەڕوات، چونکە لەم دووانە تەنیا بایەخ بە جۆری یەکەم ئەدەین و ئەمیان ئەکەینە سەرپشک، هەرچەندە لەهەمان کاتدا ناوبەناو ئیماژەی جۆری دووەمیش ئەکەین کە واتای بارکراوو لاوەکیو مەبەستو گەیشتوو بابەتی و شێواز... هەموویان ئەگرێتەوە. ئاساییە کە گوێدان بەتایبەتی بە جۆری یەکەم لە جێگەی خۆیایەتی چونکە ئەمەیان وشەیەک لە یەکێکی تر جیائەکاتەوەو هەموو جۆرەکانی تری لەسەر ئەم جۆرە بارکراوە.

سەرهەڵدان و گەشەو مەبەست و جۆرەکانی واتاسازی:

واتاسازی ئەو لقەی زانستی زمانە کە لە واتا ئەکۆڵێتەوە[1]. بۆ لێکۆڵینەوە لە واتاسازی وشە لە زمانی کوردیدا لە چوارچێوەیەکی زانستیانەدا پێویستە بەکورتی تێپەڕین بەسەر مێژووی سەرهەڵدانو گەشەکردنو مەبەستو ئامانجی ئەم زانستەدا. گوێدان بەم زانستە بەواتای ئەمڕۆی لای ئەوروپییەکان درەنگ دەستیپێکرد لەچاو بەشەکانی تری زمانەوانیدا، هەرچەندە گرنگیدان بە زاراوەکە بەرەبەرە زیادی کرد تا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا شوێنی خۆی گرت لەناو لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا[2]. بەڵام لەناو زمانە رۆژهەڵاتییەکاندا کە زمانی کوردیش یەکێکە لەوان، هێشتا ئەم زانستە پەرەی نەسەندووەو ئەتوانین بڵێین لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان لەم بەشەی زانستی زماندا زیاتر وەرگرتنی

---

[1] LYONS, 1986: 160.

[2] الدلالة اللغوية عند العرب: ٩.

بیروڕای ئەوروپپیەکانە، واتە ئەم زانستە لە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکاندا بەتایبەتی کوردی زۆر کەم لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو نووسراوانەی تائێستا کەوتوونەتە بەردەستمان لەژێر کاری بیرە بێگانەکاندایە[1]. مێژووی داهاتنی ئەم لقە گرنگەی زانستی زمان ئەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە[2]. وشەی (Semantics)خۆی وشەیەکی گریکییە بەواتای (sema) یان نیشانە. هەرچەندە لە سەدەی حەڤدەدا ئەم زاراوەیە بەواتای پێشبینی کردن بەکارهاتووە، بەڵام بەواتای ئەمڕۆی بۆ یەکەمجار لەلایەن زانای فەرەنسی) میشیل بریل – (Michel Brealەوە لە (1893)داو دوای ئەو بەساڵێک، لەو لێکۆڵینەوەیەدا کە بە (کۆمەڵەی زمانەوانی ئەمریکی) پێشکەشکرا، بەکارهاتووە[3]. ئەم دوو بەکارهێنانەی ئەم زاراوەیە تەنیا بۆ ئاماژەکردن نەبوو بۆ واتا بەڵکو بۆ ئەو پەرەسەندنو گۆڕانەش کە بەسەریدا یەت، لەبەرئەوە ناونرا (زانستی واتاسازی مێژوویی). ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە لەپێش ئەماندا گرنگی نەدراوە بەواتا، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەڵگەش ئەو فەرهەنگانەیە کە دانرابوون بۆ لێکدانەوەی واتای وشەکان لە زۆر زماندا.

هەر لەلایەن (بریل)ەوە لە (1900)دا کتێبێک دەرچوو لەژێر ناوی (چەند لێکۆڵینەوەیەک لەسەر واتاسازی)، بەڵام زیاتر کتێبەکەی (ئۆگدن و ریچاردز – Ogden and Richards)[4] لە (1923)دا بەناوی (واتای واتا) کە سروشتی گیروگرفتو ئاڵۆزی واتا تیایدا روونکراوەتەوە، بوو بەهۆی راکێشانی سەرنجی زانایانی زمانو زانستیەکانی تر بەرەو ئەم بابەتە.

(پرۆفیسۆر بیردگمان - B.W.Birdgman) لە کتێبەکەیدا بەناوی (مەنتیقی فیزیای نوێ – Logic of Modern Physics)[5] تێبینی ئەوەی

---

[1] (وشەی زمانی کوردی)ی ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٥، (ل٤-٢٤) – (زمانەوانی) محمد معروف فتاح، کە کتێبێکی مەنهەجییە، ١٩٨٧ – چەند وتارێکی د. وووریا عمرامین لە گۆڤاری رۆشنبیری نوێ و کاروانذا.

[2] علم الدلالة: پاڵمەر: ٣.

[3] دراسات في اللغة: ١٣.

[4] هەمان سەرچاوە.

[5] هەمان سەرچاوە.

کردووه که واتا زۆر له وشه ئاساییەکان لای خۆی که زانایەکی پسپۆڕه له فیزیادا، جیاوازی هەیه لەگەڵ واتاکانیان له بەکارهێنانی رۆژانەدا. ئەمەش وای لێکرد رێگەیەکی نویٚ پێشنیار بکات بۆ پێناسەکردنیان به دانانی واتای وشه بەکارهاتووەکان له لێکۆڵینەوەکانیدا بەرامبەر وشه هاوواتاکانی له زمانی قسەکردنا.

هەر له سەرەتاوه واتاسازی بۆ نەهێشتنی گیروگرفتی لەیەکتر گەیشتن بووه، ئەوەته (پۆرمان ئەرنۆڵد – Thurman Arnold) که له مەیانی یاساو بەڕێوەبردندا ئیشی ئەکرد له کتێبەکەیدا بەناوی (فۆلکلۆری سەرمایەداری)[1] باسی گیروگرفتی ئەو هێماو وشانەی کردووه که له جێی خۆیاندا بەکارناهێنرێن‌و ئەبنه هۆی دروستبوونی گیروگرفت که چارەسەرکردنی تەنیا به دیاریکردنی واتای ئەو وشەو هێمایانه ئەبێت.

بەلای (ئەلفرێد کۆرسبسکی - Alfred Karzybski)یەوه، لێکۆڵینەوەی واتاسازی چارەی هەموو نەخۆشییەکانی مرۆڤەو گیروگرفته کۆمەڵایەتییەکان له ئەنجامی تەمومژی زاراوەکانەوه پەیدا ئەبن که بەئاسانی ناتوانریٚ پۆلێن بکرێن‌و بخرێنه ژێر کایەیەکەوه که کۆمەڵ هەموو لەسەری رێک بکەون[2].

لەکاتێکدا که لێکۆڵینەوەکانی دەنگ‌و رێزمان ئاشکرا ئەچنه کایەی کێڵگەی لێکۆڵینەوەی زمانەوانییەوه لێکۆڵینەوه له واتا ئاشکرا نەبوو بەتەواوی ئەچێته کام کایه له لێکۆڵینەوه، چونکه هەمان گرنگی پێدراوه لەلایەن زانایانی دەروون‌و فەلسەفەو رەگەزناسی‌و مەنتیقەوه. کەواته تەنیا زمانەوانەکان نین که گرنگیان داوه به زانستی واتا. لەگەڵ ئەوەشدا که لێکۆڵینەوەکانی ئەم زانستانه

---

[1] دلالة الافاظ: ٩.

[2] الدلالة اللغوية عند العرب: ١٤.

جیاوازییان هەبوو لەگەڵ زمانەوانیدا لە جۆری شیکردنەوەو ئامانجو بۆچوونو چارەسەرکردنیاندا بۆ بابەتەکە، بەڵام سودێکی زۆریان هەبوو بەوەی بوونە بنچینەیەک بۆ دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان.

ئەوەی سەرنجی فەیلەسوفەکانی راکێشا بەلای واتاداو بووە هۆی گرنگی پێدان، ئەو پەیوەندییە بەهێزەیە کە لەنێوان وشەو بیردا هەیە، چونکە وەک هەمان پەیوەندییە کە لەنێوان سروشتی چەمکە گشتیەکانو شیکردنەوەی ئەم چەمکانەیە لەگەڵ بیردا، کە پەیوەندی دووەمیان لە گرنگترین لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکانە هەر لەبەرئەوەشە فەیلەسوفەکان پەیوەندی یەکەمیشیان بە ئەرکی سەرشانی خۆیان زانی وەک بابەتێکی فەلسەفی سەیری واتا بکەنو گرنگی بدەن بە پەیوەندییە هۆشەکییەکانی نێوان ناوو ناونراو نەک پەیوەندییە باوەکەی نێوانیان.

زانایانی دەروونیش گرنگیان داوە بەم لقەی زانستی زمانو لە لێکۆڵینەوەکانیاندا چەندان راو بیردۆزەیان لەسەر هێناوەتە کایەوە کە پەیوەندی بە هۆشو نائاگاییو بیرو بۆچوونەوە هەیە، یەکێک لەمانە (بلۆمفیلد - Bloom Field)ە[1]. کە رێچکەیەکی هاوچەرخی هێنایە کایەوە لەژێر کاری (رێڕەوی رەوشتی – المذهب السلوكی) لە زانستی دەرووندا. پەیڕەویکەرانی ئەم رێچکەیە زمان بە رەوشت دائەنێن، بۆیە تەنیا گرنگی ئەدەن بە شێوەو لە ئەنجامی ئەمەشدا واتا ئەخەنە پشتگوێ. بەلای بلۆمفیلدەوە واتا ئەو بارەیە کە قسەکەر تیایدا وشەیەک یان رستەیەک ئەدرکێنێو گوێگر وەڵامدانەوەیەک یان رەوشتێک ئەنوێنێ بەرامبەری، کە ئەمانەش دوو رووداون پەیوەندییان بە رەوشتەوە هەیە، واتە بەهیچ جۆرێک گرنگی نادات بە پەیوەندی واتایی نێوان وشەکان لەناو رستەدا[2].

[1] الدلالة اللغویة عند العرب: ١٥.
[2] هەمان سەرچاوە.

زمانەوانی سویسری (ف. سوسیر – Ferdinand Saussure)[1] یش ڕێچکەی وەسفی لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا هێنایە کایەوە وەک وەلامدانەوەیەک بۆ ڕێچکە مێژووییەکە، چونکە ڕێچکەی وەسفی لە واتا ئەکۆڵێتەوە لەوبارەدا کە تیایەتی‌و لە کات‌و شوێنی دیاریکراودا، بەبێ ئەوەی گوێ بدات بە واتا کۆن‌و داهاتووەکەی، بەڵام نوێترین ڕێچکە لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا دەرکەوتبێ قوتابخانەی زمانەوانی گواستنەوەیە (المدرسە التحویلیە)[2]. ئەم قوتابخانەیە واتای بە کەرەسەیەکی (عنصر) بنچینەیی دانا بۆ لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی. هەندێ لە زانا هاوچەرخەکان کە سەر بەم قوتابخانەیەن، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانیان لە سەرەتاوە بە کەرەسەی واتا دەست پێ ئەکات دوای ئەوە دێنە سەر پێکهاتنی ڕێزمانی‌و وشەسازی‌و دەنگسازی‌و چۆنێتی دروستبوونی ڕستەی واتادار، بەڵام لایەنی لێکۆڵینەوە لە شوێن‌و ئەو هەڵوێستەی کە تیایاندا ڕستەکە وتراوە، بەلای پەیڕەویکەرانی ئەم قوتابخانەیەوە ناتوانرێ بەشێوەیەکی زانستیانەو بەئاسانی بکرێت. پێداچوونەوە بەسەر مێژووی سەرهەڵدان‌و گەشەو مەبەستی واتاسازیدا وای دەرئەخات کەسی ڕێبازی جیاواز لە زانستەکەدا هەیە، کە ئەمانەن:

1) ڕێبازی مێژوویی :Diachrony – کە بەدوای واتای وشەکاندا ئەگەڕێت بە درێژایی مێژوو، گۆڕان‌و هۆکانی دیاری ئەکات.

2) ڕێبازی وەسفی :Synchrony – کە لە واتای وشە ئەکۆڵێتەوە لە زمانێکدا لەماوەیەک و شوێنێکی دیاریکراودا.

3) ڕێبازی بەراوردکاری: بریتیە لە لێکۆڵینەوەی واتای وشە لە دوو زماندا کە لە یەک خێزانەوە هاتبن، واتای وشەو ڕەگەزەکەی لێک ئەداتەوە کە

[1] اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة: ١٠٦.

[2] الدلالة اللغوية عند العرب: ١٦.

له زمانێکەوە هاتبێتە زمانێکی خزمەوە بۆ دیاریکردنی بنچینەی وشەو ئەو گۆڕانانەی پێیدا تێپەڕ بووە.

بیردۆزەکانی واتا:

هەروەک لەپێشەوە باسمان کرد خاوەن بیروڕاکان نەک تەنیا هەر زمانەوانەکان، لە دەمێکەوە خەریکی ئەوەن، ئەو شاردراوانەی دەربارەی واتا ون و داپۆشراون پەردەی لەسەر دامالّنو ئاشکرایان بکەن. لە ئەنجامی وردبوونەوەو لێکۆلّینەوەیان چەندان پرسیار لەلایان دروست بوو. بۆ وەلاّمدانەوەی ئەم پرسیارانەش هەر دەستەی زانایان بەپێی ئەو زانستەی کە تیایدا پسپۆڕن بۆچوونەکانیان بۆ لێکدانەوەی ئەم دیاردەیە، لە شێوەی چەند بیردۆزێکی جیاجیادا خستە روو. کە گرنگترینیان ئەمانەن:

1) بیردۆزی هۆشەکی - The Mentalistic Theory

بەپێی بۆچوونی هەندێ لە پەیڕەوکەرانی ئەم بیردۆزە واتا ئەو کۆمەلّە وێنە هۆشەکییەیە کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیەو بە وشە یان گوتن ئەنوێنرێن[1]. یان ئەو چەمکەیە کە بەهۆیەوە تێگەیشتن ئەبێت. بەلای هەندێکی تر لە هۆشەکییەکانەوە بەکارهێنانی وشە بۆ نواندنی ئەو بیرەی بەرامبەرێتی لە مێشکدا، هێمایەکی پەسەندە. واتە واتای وشە یان هێما ئەو بیرەیە کە لەگەلّ وشەکە یان هێماکە دروست ئەبێت لە مێشکی ئەو کەسەدا کە بەکاری ئەهێنێو دیسان لە مێشکی ئەو کەسەشدا کە ئەیبیستێو بەهۆیەوە پەیوەندی کردن ئەبێت لەناو کەساندا. کەواتە بەپێی ئەم بیردۆزە وشە یان هێما بۆ

[1] مفهوم المعنى: ٥٥.

گوێزانەوەو گەیاندنی بیر لە مێشکی یەکێکەوە بۆ مێشکی یەکێکی تر، بەکارئەهێنرێت کە ئەم بیرانەش ئەبنە واتای ئەو وشە یان هێمایە. بەم پێیە وشە یان هێما یان واژە واتادار نابێت ئەگەر بیرێک لەگەڵیدا دروست نەبێت لە مێشکی ئەوکەسەدا کە بەکاری ئەهێنێت. ئەو پێناسانەی پێشوو بۆ واتا لە یەک خاڵدا یەک ئەگرنەوە ئەویش ئەوەیە کە وشە یان رستە لە هۆشی قسەکەردا واتادار ئەبن بەپێی ئەو وێنانەی لەکاتی بەکارهێنانیاندا دروست ئەبن تیایدا، بەم پێیەش دوو وشە کاتێک هاوواتا ئەبن کە هەردووکیان دوو وێنەی تەواو لەیەکچوو لە مێشکی مرۆڤدا دروست بکەن. هەرچەندە بیردۆزی هۆشەکی لە چەند شێوەیەکی جیاوازدا ئەبینرێت، بەڵام جیاوازییەکە سەرزارییەو لە دوو خاڵی سەرەکیدا دەرئەکەوێت:

1. یەکەمیان ئەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئەو شتە هۆشەکیانەی کە لە مێشکی قسەکەردا دروست ئەبێت: (واتا) کە بەلای هەندێکیانەوە وێنەیەو لای هەندێکی تریان بیرە یان چەمکە یان ئەو تایبەتیانەن کە تەمادارین لە شتێکدا ببینین یان پێشبینی بکەین.

2. هەندێک لە هۆشەکییەکان لەسەر سروشتی پەیوەندی نێوان واتاو وێنە هۆشەکییەکە رێک ناکەون، بەشێکیان بە پەیوەندییەکی هۆیی دائەنێنو بەشێکی تریان بە رێککەوتنێکی کۆمەڵایەتی دائەنێن. چەند هۆیەک یارمەتی ئەم بیردۆزەی داوە کە خۆی بچەسپێنێت لە مێشکی خەڵکدا گرنگترینیان ئەمانەن:

1- ئەم بیردۆزە تاڕادەیەک توانی لێکدانەوەیەک بۆ پەیوەندی نێوان هێماو ئەو شتەی ئەیگەیەنێت، بهێنێتە کایەوە کە بەلای زۆربەی خەڵکەو جیاوازی نییە لەنێوان شتو کرۆکیدا، بەم پێیە هەموو شتێکی ناونراو بە (جوان) ئەبێ جوان بێتو هەموو شتێکی ناونراو بێگەرد ئەبێت گەردی نەبێتو هەموو

گوڵێک چاوەڕوانی جوانیو بۆنخۆشی لێ بکرێت، کە ئەمەش راست نییەو نابێت لەبەرئەوەی زۆر وشە هەیە کە وێنە بەرامبەریان نییەو نابێت لە دەرەوەی مێشکداو پەیوەندی ئەم وشانە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا ناراستەوخۆیە، لەگەڵ ئەوەشدا واتایان هەیە وەک: پیاوی چوارچاو، سیمرغ، دێو، خێو... بەم جۆرە لای هۆشەکیەکان گرنگ وێنەی هۆشەکی یان بیرە، نەک وێنەی راستەقینە بۆ دیاریکردنی واتا.

2- بەلای زۆر کەسەوە جیاوازی نێوان وشەی واتادارو بێ واتا لەو رۆڵەدایە کە لە ژیانی هۆشەکی مرۆڤدا ئەیبینین – بەواتایەکی تر – ئەتوانین بە وشەی واتادار بیربکەینەوە. بەم پێیەش واتای وشە بریتی ئەبێت لەو کردە (عملیە) هۆشەکیانەی کە وشەکە رۆڵی تێدا ئەبینێ.

3- دیسان لە ژیانی رۆژانەماندا شتی وا ئەڵێین دەربارەی واتاکە وای دەرئەخات باوەڕمان بەوە هەیە کە واتا بریتیە لە دیاردەیەکی هۆشەکی ناوەوە وەکو: "مەبەستم ئەوە نەبوو"، "نازانم چۆنی دەربڕم"، "وشەکە لەسەر زمانمەو بۆم نایەت"، "هەرچەند ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم – بۆم ناخرێتە چوارچێوەی مەبەستم."

4- بێجگە لەمانەش هۆشەکییەکان توانیان گیروگرفتی هاوواتا نەبوونی واتای دوو وشە کە ناوبن بۆ یەک شت، چارەسەر بکەن، چونکە بەڕای ئەمان ئەگەر دوو بیری جیاواز بەرامبەریان دوو وشەی جیاواز بێت لەسەر هەمان بابەت، ئەو دوو وشەیە هاوواتا ئەبن. ئەم سیفەتانەی پێشوو کە لە بیردۆزی هۆشەکیدایە رزگاریان نەکرد لە رەخنەی هەندێ لە فەیلەسوفەکانی زمان. لە چەند روویەکەوە:

1. واتای ئەو بیرەی، کە لە مێشکی ئەوکەسەدا دروست ئەبێت لەکاتی بەکارهێنانی ئەو هێمایە یا وشەیەی کە بەرامبەرێتی خۆی لە خۆیدا روونو

دیاریکراو نییە، کە مەبەست لەو بیرە، بیرە رووتەکانە یان رووداوە ژیرییەکانە، یان وێنە هۆشەکییەکانە یان شتی ترە، چونکە وەک هەندێک لە زمانەوانەکان (بەتایبەتی دانیال تایلەر) شی ئەکەنەوە: ئەگەر مەبەست بیرە رووتەکە بێت ئەوە خۆی لە خۆیدا دیاریکراو نییە، ئەمەش گرنگترین رەخنەیە کە لەم بیردۆزە ئەگیرێ لەبارەی ئەوەوە کە چۆن مرۆڤ ئەگاتە راستی ئەو وێنانەی کە لە مێشکدا دروست ئەبێت. بۆنموونە: لە واتای وشەی (پشیلە) لەوانەیە پشیلەیەکی رووت بێت یان بیرێکی رووت لەسەر پشیلەیەک (مەبەست لە رووت دیاری نەکردنی تایبەتیە وردەکانی وەک: رەنگو درێژیو قەوارەو بوونی کلک یان نەبوونیو رەگەزو...هتد ئەو پشیلەیەی کە مەبەستمانە). کەوا پشیلەی رووت لە بنەڕەتدا بوونی دیاریکراوی نییە. واتە هەرگیز ناتوانرێ پەی بکرێت بە پشیلەیەکی رووت. و ئەگەر مەبەستیش لەو بیرە یان (واتا) رووداوە ژیرییەکان بێت کە لەکاتی بەکارهێنانی وشەیەکدا دەرئەکەوێت (لەسەر ئەو بنچینەیەی کە بیر بریتیە لەو رووداوانە) ئەوا خەڵک ناتوانن هاوبەشی یەکتر بکەن لەو بیرانەدا، واتە بەشداری کردنی بیرێ نابێت لەبەرئەوەی هیچ کەسێ ناتوانێ رووداوە ژیرییەکانی مێشکی وەک خۆی بگەیەنێتە مێشکی یەکێکی تر .

دیسان بیر وێنەی هۆشەکیش نییە. بۆ تێگەیشتنی واتای وشەیەک یان رستەیەک مەرج نییە وێنەیەک یا بیرێک لە مێشکماندا دروست بێت، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو وشانەن کە واتادارن کەچی بەهیچ جۆرێک وێنەی هۆشەکی بەرامبەریان نییەو نابێت وەک: ئەگەر، لەبەرئەوە، هەموو، ئەوسا، بۆ، ئەو، لە....هتد. تەنانەت ئەگەر خۆشمان بە (ناو)ەوە ببەستینەوە دیسان هەندێ ناو وێنەی نییە وەک: خاڵی ماتماتیک، منی باڵا، بۆشایی چوارلایی، ئاشکرایە کە دۆزینەوەی وێنە بۆ ئەم جۆرە یەکە بیردۆزەییانە هێندە ئاسان نییە وەک دۆزینەوەی وێنە بۆ کورسی، مێز، ژن، پیاو...هتد.

دیسان ئاشکرایە کە هەندێ کەس خەیاڵو ئەندێشەیان لە هەندێکی تر بەپێزترە، ئەگەر لێکدانەوەی واتای وشە لێکدانەوەی وێنە هۆشەکییەکان بێت، ئەبێت ئەو مرۆڤانەی خەیاڵیان بڵاو نییە لە هەندێ وشە تێ نەگەن، بەڵام ئەمە ئەنجامێکی بێ واتایە.

## 2) بیردۆزی رەوشتی – Behaviorism Theory

هەندێ جار بە بیردۆزی (وشیارکەرەوەو وەڵامدانەوە – Stimulus Respons)[1] ناوئەبرێت. بەشێوەیەکی گشتی ئەم بیردۆزە واتا وەک رەوشتێکی زمانی لێک ئەداتەوە. هەروەک گۆکردنی وشەیەک ئەبێتە هۆی دروست بوونی رەوشتێک لە گوێگردا کە ئەم وشەیەی تێدا ئەنوێنرێت. واتە بەپێی ئەم بۆچوونە واتا دائەنرێت بە وشیارکەرەوەکانو وەڵامدانەوەکانیان – بەواتایەکی تر – وشە کاتێک واتادار ئەبێت کە وشیارکەرەوەیەک وەڵامدانەوەیەک بەجێ ئەهێنێ لە گوێگرەوە. پەیڕەویکەرانی ئەم بیردۆزە پشتیان بەو سەرکەوتنانە بەستووە کە زانا دەروونناسەکان (رەوشتیەکان) بەدەستیان هێنابوو لە لێکدانەوەی چەند لایەنێکی دیاریکراو لە رەوشت لە رێگەی (وشیارکەرەوەو وەڵامەکان)ەوە، بەو هیوایەی کە پەرە بەم لێکدانەوانە بدەن بەجۆرێک کە رەوشتی زمانیش بگرێتەوە.

ئەو تاقیکردنەوانەی کە لەم مەیدانەدا لەسەر سەگو چەند گیانلەبەرێکی تر کردیان، بەتایبەتی تاقیکردنەوە بەناوبانگەکەی (بافلۆف) کە روونی کردەوە چۆن وەڵامدانەوەی هەڵوێستێکی (وشیارکەرەوە) دیاریکراو، ئەبێتە وشیارکەرەوەیەکی تر – بەواتایەکی تر کاتێ سەگەکە بۆنی خواردنەکە ئەکات یان ئەیبینێ لیکی دێتە خوارەوە، ئەگەر لە هەموو جارێکدا کە خواردنی بۆ ئەهێنرێ

---

[1] وشیارکەرەوە – مثیرات او منبهات (Stimulus).
وەڵامدانەوە – الاستجابات (Response).

گوێی لە زەنگێک بێت، ئەوا جارێکی تر ئەگەر زەنگەکەی گوێ لێ بوو بەبێ ئامادەبوونی خواردنیش بەهەمان رەوشت هەڵئەستێت[1]، بۆ فێربوونی واتا کە وەک کردە مەرجییەکەی باری سەگەکەیە، هەروەک (ریچاردز) لە (فەلسەفەی خیتابە)دا روونی کردۆتەوە، ئەبێت لە دوو روانگەی بنچینەییەوە سەیری بکرێت:

1- روانگەی چوارچێوەی فیزیکی (زاویە السیاق الفیزیائی) واتە بابەتو رووداوە فیزیکیەکانی دەوروبەری.

2- روانگەی چوارچێوەی دەروونی (زاویە السیاق النفسی) واتە بارە هۆشەکیەکانو رووداوەکانی لەوکاتەدا لە مێشکدایە.

ئەم دوو بارودۆخەش بەیەکەوە بەستراون، چونکە ئەو شتانەی مرۆڤ ئەیانبینێت لە دەوروبەرێکی فیزیکیدانو ئەو شتانەش کە هەستی پێ ئەکات لە چوارچێوەی دەروونیدان. کە ئەتوانین ئەو هەستانەی مرۆڤ کە لە چوارچێوەی دەروونیدان دایان بنێین بە وەڵامدانەوەی سروشتی بۆ ئەو چوارچێوەیە، کە وشە ئەتوانرێ بە وشیارکەرەوە بنچینەییەکان دابنرێت .

کەواتە فێربوونی واتا بەلای ریچاردزەوە لە رێگای گۆکردنی وشەوەیە لە چەند چوارچێوەیەکدا هەتا وای لێ یەت ئەو وشەیە ئەبەسترێتەوە بە بەشێکی دیاریکراو لەو چوارچێوانە. بەم پێیە گۆکردنی وشەی (مێز) لە چەند چوارچێوەیەکدا کە مێزەکە ئامادەبووبێت واتە بوونێکی فیزیکی بووبێت، ئەوا ئەو وشەیە ئەبەسترێتەوە بەو شێوەیەوە کە مێزەکەیە بە ڕادەیەک کە بەبێ ئامادەبوونی ئەو شێوەیەش لەگەڵ ناوهێنانیدا هەمان وەڵامدانەوەی دەروونی ئەبێت.

بەلای بلۆمفیلدەوە واتا بریتیە لە وشیارکەرەوەو کاردانەوەکەی بەرامبەری کە ئەتوانرێ تێبینی بکرێت بەهۆی گۆکردنەوە[2]. – کەواتە بەلای ئەم زانایەوە

---

[1] مفهوم المعنی: ٣٦.

[2] مفهوم المعنی: ٣٨.

واتا بریتیە لە هەڵوێستی قسەکەر لەکاتی هەستانیدا بە کاری گۆکردن، لەگەڵ وەڵامدانەوەی گوێگر (لەوانەیە وەڵامدانەوەکە وشە بێت یان رەوشتێک بێت کە گوێگر بەرامبەر قسەکەر بەجێی ئەهێنێ). بەڵام زیاتر هەڵوێستەکە بە واتا دائەنێن نەک وەڵامدانەوەکە. بەدوای بلۆمفیلدا دەیان هەوڵ دراوە لەلایەن زمانەوانو فەیلەسوفو دەروون ناسانەوە بۆئەوەی واتای وشیارکەرەوە بۆ وەڵامەکەی روون بکرێتەوە. لەمانە زانایانی دەروون ئۆگدن و ریچاردز، و ئەو فەیلەسوفانەی گرنگی بە رەوشتی مرۆڤ ئەدەن وەک چارلز مۆریس. کە لە لێکدانەوەکانیاندا بۆ واتای گۆکردن، هەندێ جار گرنگیان داوە بەو بەشەی تایبەتە بە وەڵامدانەوەکان زیاتر لە هەڵوێستەکان، هەندێ جاریش بەپێچەوانەوە. بەپێی ئەم بیردۆزە دوو وشە هاوواتا ئەبن ئەگەر بوونە هۆی دروستبوونی هەمان وەڵامدانەوە لە گوێگردا وشەی (وەرە) هاوواتایە لەگەڵ (فەرموو) چونکە هەردووکیان چاوەڕوانی هەمان وەڵامدانەوەیان لێ ئەکرێت[1]. ئەم بیردۆزە لەو رووەوە پەسەندکرا، کە بەپێی بۆچوونەکانی، پەیوەندییەکی پتەو هەیە لەنێوان قسەی پڕواتاو رەوشتدا، بەڵکو هەر واتا بریتیە لە جۆرێک لە رەوشت، چونکە کارئەکاتە سەری، واتە رەوشت ئەگۆڕێت لە گوێگردا بەهۆی گۆڕانی واتا لەلایەن قسەکەرەوە. بەم پێیە وشەی واتادارو بێ واتا بەو کارە جیائەکرێتەوە کە ئەیکاتە سەر بەرامبەرەکەی. ئەم بیردۆزەش وەک ئەوانی پێش خۆی تووشی چەند رەخنەیەک بووەو کەموکورتییەکانی لە لێکدانەوەی واتادا خراوەتە ڕوو وەک لەم خاڵانەدا:

1. بەپێی ئەم بۆچوونە وەڵامێک یان چەند وەڵامێک بەندە بەجۆرێ لە وشیارکەرەوەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە بۆ وشەیەکی وەک: خواردن، خواردنەوە...هتد بەڵام لەگەڵ چەندان وشەی تردا رێکناکەوێت وەک: ئەگەر، لە،

[1] LYONS, 1986: 30.

یان، هەر، بۆ، هەروەها...هتد بەم پێیە ئەم وشانە ئەبێ بێ واتا بن ئەمەش وانییە.

2. کورتی دووەم لەوەدایە کە هەندێ لە وەڵامەکانی گوێگر مەرج نییە پەیوەندی بە واتای وشە گۆکراوەکەوە هەبێت. یان بەجۆرێکی تر، جۆری وەڵامەکانیش بەپێی چوارچێوە ئەگۆڕێت. بەم پێیە واتای وشە لەگەڵ گوتنێکدا ئەگۆڕێت و وشە واتای چەسپاوو نەگۆڕی نامێنێت.

3. جۆرێکی تر لە گیروگرفت کە ئەم بۆچوونە دروستی ئەکات لەوەدایە کە پێش ئەوەی بتوانین واتای وشەیەک بەتەواوی بزانین پێویستمان بەوە ئەبێت کە رەوشت خۆی بناسینەوە، چونکە رەوشت تەنیا جوڵانەوەی ماسولکەیی نییە بەڵکو کارە وەک (پاڕانەوە، دروستکردن، شەق تێ هەڵدان) کاتێکیش ئەمانە ئەچنە ناو رەوشتەوە، جیاکردنەوەی رەوشت زۆر قورستر ئەبێتو بەبێ زانینی واتای وشەکان ناکرێت.

4. ئەگەر ئەو بیرانەی لە مێشکماندایە تەنیا وەڵامدانەوەیەکی ئامێری بووایە بەرامبەر وشیارکەرەوەکانی (قسەی) کەسانی تر ئەوا بیرمان هەردەم لەژێر دەسەڵاتی کەسانی تردا ئەبوو ئەمەش هەرگیز روونادات، و ئەگەر رووشبدات ئەوا ناتوانین بەم کارە بڵێین تێگەیشتن روویداوە، بەڵکو دایئەنێین بەجۆرێک لە کاری هۆشەکی رەنگدانەوەیی (Mental Reflex).

بێجگە لەمانەش ئەم بۆچوونە نەیتوانی رێگەیەک دانێت بۆ پێناسەکردنی وشەی وەک: خۆشەویستیو رق..هتد کە هێشتا بەشێوەیەکی زانستیانە پۆلێن نەکراون. هەروەها رستەیەکی وەک (برسیمە) هیچ بنچینەیەک نییە پشتی پێ ببەسترێت بۆ دیاریکردنی جۆری وەڵامدانەوەکەی چونکە زۆر وەڵامی هەیە. لەوانەیە گوێگر خێرا بچێت خواردن پەیداکات بۆ قسەکەر، یان لەوانەیە گوێ نەداتیو هیچ وەڵامدانەوەک روونەدات، یان لەوانەیە هەر جۆرە وەڵامێکی تر هەبێت.

3) بیردۆزی بەکارهێنان - The Use Theory

بەپێی ئەم بیردۆزە واتای وشە بەگوێرەی چۆنێتی بەکارهێنانی دیاری ئەکرێت. ئەم بیردۆزە لە دوو وێنەدا دەرئەکەوێت، یەکێکیان ئەو بەکارهێنانەیە کە بەگوێرەی جۆرە رێککەوتنێک بەکارئەهێنرێتو پێی ئەوترێت "بیردۆزی بەکارهێنانی رێککەوتن" و ئەویتریان بەکارهێنانە بەپێی چەند یاسایەک کە پێی ئەوترێت بیردۆزی یاساکانی بەکارهێنان.

1- بیردۆزی بەکارهێنانی رێککەوتن - Conventional Use Theory

ئەتوانین بڵێین ئەم بیردۆزە بەهۆی لێکۆڵینەوەکانی (فتجنشتین)ەوە، لە کتێبەکەیدا بەناوی (لێکۆڵینەوەی فەلسەفی)یەوە، هاتە کایەوە – کە تیایدا ئەڵێت "مەگەڕێ بەدوای واتادا بەڵکو بەدوای بەکارهێناندا"[1]. بۆ پتەوکردنی ئەم وتەیەش ئەڵێت "لێکدانەوەی واتای وشە بەهۆی دەرخستنی چۆنێتی بەکارهێنانیەوەیەتی، لەبەرئەوەی واتای وشە دیاری ئەکرێت بەپێی ئەو بارە جیاوازانەی کە وشەکە لە سنووریدا بەکارئەهێنرێتو تەنیا بە بەکارهێنانی وشە واتاکەی روون ئەبێتەوە"[2]. بەلای ئەم زانایەوە، وشەو ناو لەکاتێکدا کە بەکارناهێنرێن وەک لاشەی مردوو وان. لەم بارەیەشەوە ئەڵێت "هەموو وشەیەک خۆی لە خۆیدا وەک شتێکی مردوو وایەو لەکاتی بەکارهێنانیدا گیانی بەبەردا ئەکرێت"[3].

ئەم جۆرە رێککەوتنە لەسەر بەکارهێنانی واژەو هێما (بەجۆرێک کە واتاکەی دیاری بکات) ئەبێتە هۆی پەیڕەویکردنی ئەو بەکارهێنانە بۆ ئەو وشانە بەشێوەیەکی دیاریکراو. ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کە یاسای دیاریکراو هەیە لەسەری رێککەوتوون،

---

[1] مفهوم المعنى: ٦٦.

[2] هەمان سەرچاوە: ٦٧.

[3] هەمان سەرچاوە: ٦٨.

کە بەهۆیەوە ئەو وشانە یان (هێمایانە) بەکارئەهێنرێن. کە ئەمیش لە خۆیدا ئەبێتە وێنەی دووەمی ئەو بیردۆزە کە پێی ئەوترێت یاساکانی بەکارهێنان وا لە خوارەوە روونی ئەکەینەوە.

2- بیردۆزی یاساکانی بەکارهێنان - Rules of Use Theory

بەپێی ئەم وێنەیەی بیردۆزی بەکارهێنان (وشە یان هێما واتای نابێت بەبێ بوونی ئەو یاسایانەی کە بەکارهێنانی دیاری ئەکات، ئینجا ئەو یاسایانە ئەبنە واتای وشەکە یان هێماکە. ئەوەی لێرەدا تێبینی ئەکرێت ئەوەیە کە ئەم وێنەیەی بیردۆزەکە لەگەڵ وێنەی یەکەمی پێچەوانەی یەکتر نین، بەڵکو تەواوکەری یەکترنو ئەتوانین بڵێین دووەمیان پێشکەوتووتری یەکەمە، چونکە کە ئەڵێین واتای وشە بەپێی رێککەوتنە ئەوەی لامان روون ئەبێت ئەوەیە کە یاسای دیاریکراو هەیە بۆ بەکارهێنانی وشەکان، وشەکانیش بە بەکارهێنانی ئەم یاسایانە واتادار ئەبن، چونکە بەبێ ئەم یاسایانە نەئەتوانرا جیاوازی بکرێت لەنێوان بەکارهێنانی دروستو بەکارهێنانی نادروستی وشە. واتە پلەی پەیڕەویکردنی ئەم یاسایانە پێوانەیە بۆ دروستی یان نادروستی ئەم بەکارهێنانە. بەلای زۆر لە زمانەوانەکانەوە یاساکانی بەکارهێنان وەک یاسای یاریەکانی (شەترەنج، تنس، گۆلف و تۆپی پێ) وایە کە کردنیان بەپێی چەند یاسایەکی دیاریکراوەو هەر لادانێک لەو یاسایانە یاریە کە تێک ئەدات. بەم پێیە ئەتوانین هەر رێگەیەکی دیاریکراو بۆ بەکارهێنانی ناوێک بە یەکێک لە یاریەکانی زمان لەقەڵەم بدەین.

زۆر لە فەیلەسوف و زمانەوانە هاوچەرخەکان وێنەی (جۆن ویزدەم) و (فریدرش فایزمان) لەگەڵ رای (فتجنشین) دان. بەتایبەتی دووەمیان کە ئەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو یاسایانەی لە بەکارهێنانی وشەدا بەکارئەهێنرێ واتاکەی بەرهەم ئەهێنێ .

کورتەی ئەم بیردۆزە لە دوو خاڵدایە:

1. هیچ هێمایەک واتادار نابێت، ئەگەر کۆمەڵە یاسایەک نەبێت بۆ بەکارهێنانی.

2. واتای هێمایەک ئەو کۆمەڵە یاسایەیە کە بەپێیان هێماکە بەکارئەهێنرێت. بەم پێیەش دوو هێما هاوواتا ئەبن کاتێک کە یاساکانی بەکارهێنانیان یەک بن. بیردۆزی بەکارهێنان لە هەردوو شێوەکەیدا لە هەموو بیردۆزەکانی تر زیاتر جێی رەزامەندی فەیلەسوفو زمانەوانە هاوچەرخەکانە لەبەرئەوەی لە کایەی ئەم بیردۆزەدا جێی جۆرەها هێمای جیاواز ئەبێتەوە، چونکە تەرخان نەکراوە تەنیا بۆ یەک جۆر لەو یاسایانەی پەیوەندییان بە بەکارهێنانی وشە یان واژەوە هەیە.

دیسان ئەم بیردۆزە بەئاسانی پەیوەندی نێوان ناوەرۆکی هێماو ئەوەی ئەیگەیەنێت (ناونراو) لێک ئەداتەوە، چونکە بۆ هەر هێمایەک کۆمەڵە یاسایەکی بەکارهێنان هەیە کە بەهۆیەوە ئەوەی ئەیگەیەنێت، دیاری ئەکات، بەم پێیەش ئەو بابەتەی بە بەکارهێنانی یاسایەک لەو یاسایانە دیاری ئەکرێت ئەبێتە ناونراوی هێماکە هەربۆیە گیروگرفتی ئەو هێمایانەی کە ناونراویان نییەو ئەو هێمایانەش کە یەک ناونراویان هەیە لەگەڵ ئەوەشدا کە هاوواتا نین، هەموویان چارەسەر ئەکرێن.

# بەشی دووەم

## وشە وەک هێمایەک

- پەیوەندی نێوان وشە و هێما
کەرە سەی لێڵ
کەرەسەی روون
تەم و مژ
تەم و مژی ڕێزمانی و فەرهەنگی
فرەواتایی
هاوبێژی

# وشە وەک هێما

سەرەتا:

واتاسازی لە نیو سەدەی یەکەمی سەرهەڵدانیدا بۆچوونێکی مێژوویی تەواوبوو. بەدوای سییەکاندا (1930) گۆڕانێکی گەورە لە بوارەکەدا روویدابوو. لەجیاتی بایەخدان بە گۆڕانی واتای وشەو پۆلێنکردنی گۆڕانەکانو گەڕان بەدوای یاساو هۆو رێڕەوی گۆڕاندا، دەوری وشە لە زماندا درایە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە. دوو بۆچوون باڵیان بەسەر واتاسازی ئەمڕۆدا کێشاوە: ئەو ڕوانینەی کە وشە بە هێما ئەژمێرێ (بەواتای ئەوەی ئەرکێکی هێمایی ئەداتە پاڵ وشە)و ئەو ڕوانگەیەی کە زمان بە پەیڕەوێکی تێکچرژاو دائەنێ کە یەکەکانی تەواو بەناو یەکتریدا چوونو هەریەکەیان واتای ئەویتریان دیاری ئەکات. ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەمان بۆ باس لێکردن لە بۆچوونی یەکەم تەرخان ئەکەین .

پەیوەندی وشەو هێما:

هێما بریتیە لەو نیشانانەی کە مرۆڤ بۆ هەموو شتێکی دەوروپشتی بە خواستو ویستی خۆی دایناوە بۆ مەبەستی ناسینو لەیەک جیاکردنەوەو لەیەک گەیشتنو هەروەها وەک چەکێک بۆ بیرکردنەوە بەکاریان ئەهێنێ، تەنانەت بەلای هەندێ لە شارەزایانەوە هێماکاری لە ژیانی مرۆڤدا هێندە گرنگە کە زۆر زیاتر لە زمانو هۆشو کۆمەڵ پەروەری مرۆڤی لە گیانەوەر جیاکردۆتەوە[1].

کەواتە یەکێ لە بەکارهێنانەکانی هێما گوێزانەوەو گەیاندنی زانیارییە، بەڵام ئاشکرایە کە تەنیا هۆ نییە بۆ ئەم گوێزانەوەیە. مرۆڤ لە هەموو مەوداکانی

[1] زمانەوانی: ٤٩.


ژیانیدا هێماکاری بەکەڵکی هاتووەو زۆر گیروگرفتی بۆ چارەسەر کردووە.
لە گرنگترین بەکارهێنانەکانی:
پارە "کە هێمایە بۆ خواردن"، ئەستێرەی سەرشانو خەت "کە هێمای دەسەڵاتن" هەموو جۆرە خشڵێکی زێڕ "کە نیشانەی دەوڵەمەندین"، جلی تایبەتی "نیشانەیە بۆ ئەندامێتی لە کۆمەڵێکی دیاریکراو"، هەڵبژاردنی ماڵ "نیشانەیە بۆ پلەی چینی کۆمەڵایەتی خاوەن ماڵ"[1] . ئەبێ ئەوەش بزانین کە مرۆڤ هەموو کاتێک ئەتوانێ هێما بۆ هەموو شتێک لە دەوروپشتی دابنێت بەبێ خۆبەستن بە هیچ یاسایەکەوە وەک "س" بۆ چیا یان "ج" بۆ شەرواڵ یان "ب" بۆ زەوی، چونکە هێما لە بنەڕەتدا خاوەنی هیچ تایبەتییەکی خۆی نییەو ئەستێرە هیچ تایبەتییەکی نییە بۆ نواندنی پایەی سەربازیو هەر بە ڕێکەوتنی کۆمەڵ دروست ئەبێتو هەمان ڕێگەش، یان ئەمێنێتەوە یان لەناوئەچێت. هەرچەندە ئەو هێمایانە لەسەرەتای دانانیاندا، ئەو کەسانەی بەکاریان ئەهێنن نالەبارە لەلایان، بەڵام پاش راهاتنو دووبارەکردنەوەی ئەچەسپێتو بۆ هێمای تری چەسپاویش دایئەنێن، وەک ئەو هێمایانەی بەتایبەتی لە ماتماتیکدا رەچاو ئەکرێت.
دانانی هێماش لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر ئەگۆڕێت، وەک هێمای "سێو" کە لە عەرەبیدا بە "تفاح" دەرئەبڕرێت لەکاتێکدا لە زمانی ئینگلیزییدا بە "apple" و لە فەرەنسیدا بە "pomme" و لە ئیسپانیدا بە "mauzana" و لە هەنگاریدا بە "alma"و لە رۆمانیدا بە "mar" دەرئەبڕرێت[2] . دیسان دانانی هێما تەنانەت لەناو تاکە کۆمەڵێکیشدا لە چینێکەوە بۆ چینێکی تر ئەگۆڕێت، هەروەک: ئەموستیلەو بازنو گوارەو پشتێنو گۆبەرۆکی زێڕ هێمای دەوڵەمەندینو لای موسڵمانەکان برنجو گۆشت

[1] زمانەوانی: ٤٦.
[2] دور الكلمة في اللغة: ٢٥.

لێنان لە ئێوارانی هەینیو شەوی مەولوددا هێمایە بۆ موسڵمانێتی ڕاستو هێنانەوەی میوان لە شەوی وادا هێمایە بۆ یەکسانیو نەبوونی جیاوازی چینایەتیو مرۆڤایەتی[1].

ئەمانەی پێشوو باسی هێما بوو بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام ئەوەی بەلای باسەکەی ئێمەوە گرنگە هێماکاریە لە زماندا، بەواتایەکی وردتر "وشە وەک هێما"یە. ئاشکرایە کە زمانی مرۆڤ بەگشتی بریتیە لەو پەیڕەوییە کە بەکاری ئەهێنێت بۆ لەیەک گەیشتن، ئەم پەیڕەوەش بەندە بە توانای داهێنانو بەکارهێنانی هێماوە، هێماش ئەو ڕۆنانەیە کە دوو دیوی هەیە، دیوێکی ئەو ریزە دەنگەیە کە ئەبیسترێ کە هەندێ لە زمانەوانەکان بە "فۆرم" یان "دەربڕین" ناوی ئەبەن[2]. هەرچی دیوەکەی تریێتی بریتیە لەو بیرەی لە مێشکی مرۆڤدا بەرامبەر ئەو ریزە دەنگە ئەوەستێت کە بە "ناوەڕۆک" یان "واتا" ناوئەبرێت. ئەم دوو دیوەی هێماش بەهۆی کاری تێکەڵکردنەوە "إقتران" بە یەکترەوە ئەلکێن، بەم پێیە لە زمانی کوردیدا ریزە دەنگی "دەزرێژ" کە ڕێنووسی کوردی وەک "دەست رێژ" ئەینوێنێ. بە یەکگرتنی ئەم ریزە دەنگە لەگەڵ واتاکەیدا کە "تەقاندنی ژمارەیەکی زۆری گوللەیە بەدوای یەکدا بەخێرایی" هێمایەک دروست ئەکەن. واتە گۆکردنی "دەزرێژ" هێمایە بۆ کاری تەقاندنەکە، وەک لەم وێنەیەی خوارەوە روون ئەبێتەوە:

1) دەست ڕێژ        دەز ڕێژ .............. تەقاندنی گوللە بەخێرایی




[1] زمانەوانی: ١٧٦.

[2] هەمان سەرچاوە: ١٨٠.

2) زامدار زاممار (زامار) بریندار

(فۆرم) (واتا)

هێما

3) بیست دینار بیز دینار ........ هێزێکی پارەی دیاریکراو

ئەو وێنەیەی لە بیردا دروست ئەبێت بەرامبەر بە شتێکی دیاریکراو، لەو زمانانەدا کە نووسینیان هەیە (وەک ئەزانین تائێستاش ژمارەیەکی زۆر نەنووسراونەتەوە) روخسارێکی تریشی بۆ دروست ئەکرێت بێجگە لە روخساری گۆکردن، ئەویش رێنووس کردنێتی بەهۆی پیتەوە، هەرچەندە زمانەوانەکان بیروڕایان وایە کە نووسین دوو هەنگاو دوورکەوتنەوەیە لە راستی "واقیع". ئەویش بە هێماکردن بۆ ئەو وێنە هۆشەکییەی لەناو مێشکدایە بەرامبەر شتێکی دیاریکراو بە گۆکردن یەکەمجار ئینجا بە هێماکردن بە پیت بۆ ئەو ریزە دەنگەی گۆکردنی پێ دروست ئەبێت. ئەبێ ئەو راستیە بزانین کە بیرو هێشووەدەنگ "واتاو فۆرم" لە هەر هێمایەکی زمانیدا لە یەکتری جیانابنەوە تەنیا بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە نەبێت، واتە تەنیا بۆ روونکردنەوە لە یەکتری ئەیانترازێنین[1].

هێمای زمانی چەند تایبەتییەکی هەیە:

1) زۆربەی زمانەوانەکان باوەڕیان بە بوونی پەیوەندی سروشتی نییە لەنێوان هێماو ئەو شتەی ئەیگەیەنێت، واتە پەیوەندی نێوان فۆرمو ناوەڕۆک پەیوەندییەکی لەخۆوەیەو کۆمەڵ لەسەری رێک کەوتوون ئەم ئەنجامەش

---

[1] زمانەوانی: ٤٧.

هاتۆتە دەست لەدوای دروستبوونی مشتومڕێکی زۆر لەنێوان فەیلەسووفو زمانەوانەکانەوە هەر لە سەردەمی یۆنانییەکانەوە. هەر لەبەرئەمەشە کە نازانین لەبەرچی کورد بە "ئاو" ئەڵێن "ئاو" یان بە "ئاسمان" ئەڵێن "ئاسمان"....هتد تەنیا ئەوەندە نەبێت کە ئەمە لەسەرەتای پلەکانی دروستبوونی زمانەوە کۆمەڵ لەسەری ڕێک کەوتوون.

2) هێما لەوانەیە یەک (لێکسیم – Lexeme) بێت هەروەک: کوڕ، درەخت، زەوی، هەوا...هتد. لەوانەشە رستەیەکی درێژبێت، کە لە دەیان هێمای زمانی پێکهاتووە وەک:

منداڵەکە پیاوە کوێرەکەی پەڕاندەوە.

کە ئەتوانین رستەکە هەمووی بەیەک هێما دابنێین و لەهەمان کاتدا بڵێین لە هێماکانی وەک:

منداڵەکە، پیاو، کوێر، پەڕاندەوە، پێکهاتووە، تەنانەت ئەتوانین ئاخاوتنێکی درێژیش بە هێما دابنێین وەک:

- تاکە دانیشتووی شاخ بەفر بوو. شەوانە لەوە دەچوو ئەستێرەکان لەنێو بەفری سەر لووتکەی، خۆیان مۆڵدابێ. ئەوشەوە شاخ چاوی نەچووە خەو، بەڵام هەرگیز دەنگێکی نەهاتەگوێ، گەڵایەک نەجوڵا، شەونمێک نەخزا[1].

لە رستەی (منداڵەکە پیاوە کوێرەکەی پەڕاندەوە) و تێکستەکەی تریشدا دوو پەیوەندیمان لەنێوان هێماکاندا بۆ روون ئەبێتەوە:

1. پەیوەندی ئاسۆیی – Syntagmatic:

واتە هێمای زمانی بەپێی کات ریز ئەبن. هێماکان لە ڕێچکەی گوتندا بەدوای

[1] گۆڤاری کاروان. ژمارە ٦٢، ١٩٨٩.

یەکتردا یەن‌و بەشێک لەو بەهایەی کە هێماکە هەیەتی لەوەوە وەری گرتووە کە بەدوای هێمای تردا دێت. هەروەک ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان (قژ و زەرد) و (کچ و شوکردن) و (سەگ و وەڕین)دایە کە لەم رستانەدا دەرئەکەوێ (قژی زەردە، کچەکە شووی کردووە، سەگەکە ئەوەڕێ). دیسان وەک لە رستەی (ئەم پیاوە لە ماڵەکەدا بوو) ئاشکرایە کە ئەو بزوێنەی لکاوە بە "پیاو"ەوە لەژێر کاری ئەم "دا"بووە، هەروەها ئاشکرایە کە ئەو پاشگری "دا"یەی کە پاشکۆی "ماڵەکە"وەیە پاشبەندی ئامرازی "لە"یە کە لەپێشترەوە هاتووە، ئەم جۆرە ریزبوونەش بەها ئەدات بە هێماکانی زمان.[1]

2. پەیوەندی ستوونی – Paradigmatic:

هێماکانی زمان لەکاتی بەکارهێنانیدا پەیڕەوێک دروست ئەکەن‌و بەهای هەر هێمایەکیان لەو پەیوەندییەوە هاتووە کە هێمایەک لەگەڵ چەندین هێمای تردا لە دیارنەبوونی (غیاب) ئەواندا پەیدای کردووە.

ئەم پەیوەندییە لەنێوان دوو وشەی وەک ( باش‌و خراپ)دایە. واتە هەریەک لەو وشانەی ئەچنە ژێر ئەو پۆلە ستوونییەوە کە لە رستەدا ئەتوانرێ لەجێی یەکتر دابنرێن بەڵام ئەندامانی کۆمەڵێکی تر ناتوانرێ بەکاربهێنرێ.




پاش لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان وشەو هێما دوو کێشە یەتە کایەوە:

[1] دراسات في اللغة: ٦٣.

أ. پەیوەندی نێوان فۆرم و واتا.
ب. تەم و مژ.

أ. پەیوەندی نێوان فۆرم و واتا:

ئەم کێشەیە لەدایکبووی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو هەر لە سەردەمی یۆنانییەکانەوە سەری هەڵداوە کە لە سەدەی هێلینیدا پێشڕەوی هەموو گەلە ئەوروپاییەکان بوون لە لێکۆڵینەوەی زماندا بەشێوەیەکی زانستیانە.

ئیفلاتوون (427 – 347پ.ز)[1] لەو دەمەوە دەری خستووە کە ناوی شتێک پەیوەندییەکی بەتینی هەیە لەگەڵ واتاکەیدا – واتە سروشتی بەرد وای کردووە کە ناوبنرێت بەرد. لەو ڕوانگەیەوە کە زمان دیاردەیەکی سروشتیە کەواتە ناولێنان ئەبێ سروشتی بێتو فۆرمەکە نرخو ناوەڕۆکی شتەکەی (ناونراو) هەبێت. تێ ڕوانینیش لەم ڕوانگەیەدا هێنانی دەستی سۆفستائیەکان بوو. لەڕێی دروست کردنی تەمومژو تاریکیو پێچو پەناو سیحر بۆ وشە تاکو بیردۆزەکەیان بسەلمێنن کە ئەڵێت "ڕاستی شتێکی نسبییە."[2]

ئەرستۆش هەر لەو ڕۆژانەوە پیشانی داوە کە زمان بەشێکە لە ڕێکخراوەکانی سروشتی(Physics) و واتای وشەش دەستکردی مرۆڤ خۆیەتی (Thesis) واتە تەواو بەپێچەوانەی ڕای مامۆستاکەیەوە.

بەڕای ئەرستۆ ناو پێی ناوترێت ناو ئەگەر نەبێت بە هێما بۆ شتێک کە پاش بەکارهێنانی ئەم ناوە ئیتر پەیوەندییەک دروست ئەبێت لەنێوان ناوەکەو ناونراوەکەداو ئەتوانرێت لە هەموو کاتێکدا ئەم ناوە بگۆڕڕێت بە ڕێککەوتنی کۆمەڵ لەسەری.

بەلای سوکراتەوە چوونە ناو بابەتێکی وەک پەیوەندی نێوان ناوو ناونراو کارێکی

---

[1] دراسات في اللغة: ٦٣.

[2] الدلالة اللغوية عند العرب: ١٥.

ئاسان نییەو ئاڵۆزە، لەبەرئەوەی ناو هەیە کە لە خۆیەوە نەهاتۆتە کایەوە. بەڵکو بنچینەیەکی هەیە کە پەیوەندی بە سروشتیەوە هەیە. لەهەمان کاتدا ناویش هەیە کە لە ئەنجامی بەکارهێنانیدا، پەیوەندی دروست بووە لەنێوانیانداو لە مێشکدا جێی خۆی گرتووە. دوای رێککەوتنی کۆمەڵ لەسەری بە ڕادەیەک کە لای ئەوانەی بەکاری ئەهێنن لەوە ئەچێت کە پەیوەندییە سروشتیەکە هەبێت، کە خۆی لە راستیدا پەیوەندییەکە ناسروشتییە. ئەم قووڵ بوونەوەیەی سوکرات تاڕادەیەکی زۆر بە چاوێکی سەرکەوتووانە سەری ئەکرا، چونکە شیکردنەوەکە زیاتر رێی تێ ئەچێت.

فەیلەسوفە عەرەبەکان کە ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە لەلایان لە سەدەی دووەمی کۆچیدا سەری هەڵدا، باوەڕیان وەک ئیفلاتون بوو . لەهەمان سەردەمدا لە ئەوروپا لەلایەن (هومبولت – Homboltd) دیسان پشتگیری هەمان باوەڕی ئەکرد، بەلایەوە پەیوەندییە سروشتیەکە پاش ماوەیەک بزر ئەبێت[1].

بەدوای ئەوانیشدا گەلێ لە زانا ناودارەکان بیروباوەڕی خۆیان دەربارەی پەیوەندی نێوان ناو و ناونراو پیشان داوەو لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە. وەک زانای سویسری دی سوسێر[2]، داهێنەری زمانەوانی تەرکیبی لە سەدەی بیستەمدا بەناوبانگترین بەرپەرچدەری پەیوەندی سروشتی نێوان فۆرمو واتا بوو. لای سوسێر پەیوەندییەکە لەخۆوەیە (اعتباطی – Arbitrany) و بە رێکەوتنی کۆمەڵەو تەنانەت دەنگە سروشتیەکانیش کە بەناوی خۆیانەوە یان ناوی نزیک لە خۆیان ناونراون سروشتی نین، چونکە ئەو دەنگانەی

---

[1] هەمان سەرچاوە.

[2] دلالة الالفاظ: ٧٠.

ناویان لیَ ئەنرێت سروشتی، لاسایی کردنەوەی سروشتە، نەک سروشتەکە خۆی. ئەم دەنگانەش بەلای سوسێرەوە ژمارەیان کەمەو دیاریکراون‌و بە رێکەوت لە واتاکانیان ئەچن‌و ناوی (ئۆنۆماتۆپیا – Onomatopeia)ی لێناون. هەرچی (ساپیر – Sapir)ە وای دائەنێت کە ئەو دەنگانەی بەلای سوسێرەوە لاسایی کردنەوەی سروشتە بەهیچ جۆرێک سروشتی نین بەڵکو لە مێشک‌و ئەندێشەی مرۆڤدا دروست ئەبن[1].

)هیاکاوا(Hayakawa – ش هۆی باوەڕنەهێنانی پەیوەندی سروشتی ئەگێڕێتەوە بۆئەوەی کە هەر زمانە دەنگی جیاجیا بەکارئەهێنیَ بۆ دەربڕینی هەر مەبەستێک بیەوێت. هەرچی) یسبرسن(Jesperson – ە لەگەڵ ئەوەشدا کە باوەڕی بە پەیوەندییە سروشتیەکە هەبوو، بەڵام بۆچوونەکە لە روانگەیەکی جیاوازەوە بوو، ئەویش ئەوەیە کە ئەم پەیوەندییە لە زۆر وشەدا هەبووە لە ئەنجامی بەکارهێنانیدا هەست کردن بە بوونی کەم بۆتەوە بەرەبەرە نەماوە. بەپێچەوانەش لە هەندیَ وشەی تردا پەیوەندییەکە لە سەرەتادا هەستی پیَ نەکراوە، بەڵام دوایی دەرکەوتووە هەروەک دەنگی هەندیَ گیانلەبەر کە پاش ماوەیەکی زۆر بووە بەناوی گیانلەبەرەکە[2].

سەرجەمی ئەم بیروڕایانەی پێشوو راستییەکمان بۆ روون ئەکاتەوە ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر پەیوەندی سروشتی ببوایە لەنێوان هەموو وشەیەک‌و واتاکەیدا وەک هەندیَ لە زاناکان باوەڕیان پێیەتی، ئەبوایە مرۆڤ لە هەموو لایەکی جیهاندا بە یەک زمان قسەیان بکردایە، ئەویش وانییە. دیسان دەنگە سروشتیەکانیش ئەگەر وێنەی دەنگی لە هۆشی مرۆڤدا بۆ دروست نەبوایە هەموو لاسایی کردنەوەکانی وەک یەک ئەبوو لەلای مرۆڤ بەگشتی وەک دەنگی

---

[1] دلالة الالفاظ: ٧٠.

[2] الدلالة اللغوية عند العرب: ٢٢٤.

هەورو باو تەقەتەقو خشەخشو دەنگی گیانلەبەرەکانو...هتد. هەندێ ناویش هەیە لەکاتی گوێ لێ بوونیدا لەوانەیە بکەویتە ئەو باوەڕەوە کە لە سەرەتادا پەیوەندییە سروشتیەکە هەبووە، و دوای بەسەرچوونی ماوەیەک ناونانی ناسروشتی هاتۆتە پێشەوەو ئیتر تێکەڵاوبوونو جیاکردنەوەیان کارێکی ئاڵۆزو گرانە لەم سەردەمەدا.

پاش ئەوەی گەیشتینە ئەو باوەڕەی کە پەیوەندییەکی لەخۆوە هەیە لەنێوان هەر هێمایەکو واتاکەیدا، کێشەیەکی تر یەتە پێشمان دەربارەی هێماکانی زمان ئەویش کێشەی لێڵی (تاریکی)و روونی ئەو کەرەسانەی زمانە. هەروەک سوسێر ئەڵێت "زمانی مرۆڤ پەیڕەوێکی هێمایی تاریکو لەخۆوەیە[1]."

کەواتە بەگشتی لە زمانی مرۆڤدا دوو جۆر کەرەسە ئەبینرێت:

1- کەرەسەی تاریک (لێڵ):

زۆرترین هێما سەرەکییە سەرتاییەکانی زمان ئەگرێتەوە. ئەو وشانەیە کە پێکهاتنو شێوەی دروستبوونیان واتایان روون ناکەنەوە. واتە شێوەی دارشتنیان واتای ئاشکراو دیار نیشان نادەن، وەک: وشەی "هێما" هەرچەندە دیارە کە واتای نیشانەیە، بەڵام شێوەی دارشتنی بەهیچ جۆرێک ئیشارەت نادات کە ئەم وشەیە لە چییەوە وەرگیراوەو تا چ رادەیەک پەیوەندی بە واتاکەیەوە هەیە.

بەپێی وتەکەی سوسێر کە لەسەرەوە خستمانە ڕوو: یەکێک لە نیشانە سەرەکییەکانی تاریکی وشە ئەوەیە کە هەر کۆمەڵێک بۆ هەر شتێکو هەر دیاردەیەک هێمای جیاجیا دائەنێت، ئەو وشەیەی بەواتای "دیوار" یەت بۆ نموونە، لە هەر زمانێکی جیهاندا وشەیەک یان هێمایەکی بۆ دانراوە بەبێ هۆی ئەوەی هەڵبژاردنی ئەو وشەیە

[1] دلالة الالفاظ: ٧٥.

بزانریّت چییه یان لەکویّوه هاتووه.

2- کەرەسەی روون:

بەشیّکی بریتییه لەو وشانەی کە دەنگە سروشتیەکان ئەنویّنن و واتاکانیان لاسایی کردنەوەی خۆیانە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە تاڕادەیەکی زۆر روون بن بەشیّوەیەک کە لە فۆرمەکانیانەوە (داڕشتنەکانیانەوە) واتاکانیان ئاشکرا ئەبیّتو تاڕادەیەک لە هەموو ئەو زمانانەدا کە ئەگەڕیّنەوە بۆ یەک خیّزانو تەنانەت ئەوانەش کە لە یەک خیّزانی زمان نین، فۆرمەکانیان وەک یەکە یان نزیکە لەیەکترەوە بۆنموونە دەنگی باڵندەی "کوکوختی."

هەرچی بەشی دووەمی کەرەسە روونەکانە، ئەو کەرەسانەن کە بە چەند ریّگەیەک روونییەکانیان دەستگیر بووە:

1. روونی بەهۆی ریّزمانەوە:

بەتایبەتی لە وشە لیّکدراوو ئاڵۆزەکاندا کە بەهۆی لیّکدانی یان خستنە پاڵی دوو وشە یان زیاتر. وشەی "بان" لەگەڵ وشەی "گیّڕان" کە دوو وشەی تاریکن لەئەنجامی لیّکدانیان بەپیّی دەستوریّکی ریّزمانی دیاریکراو بۆ دروستکردنی ناوی بکەر لە زمانی کوردیدا، وشەی لیّکدراوی "بان گیّڕ" دروست ئەبیّت. کە واتایەکی تاڕادەیەک روونمان ئەداتێ – بەواتایەکی تر – ئاشکرایە کە ئەو وشە نوێیە لە چی وەرگیراوە.

2. بەهۆی داڕشتنەوە:

بە داڕشتنی یان دروستبوونی وشەی نوێ بە خستنەسەری "پیّشگر" یان "پاشگر" یان "ناوگر" بەپیّی یاسای تایبەتی مۆرفۆلۆجی. بۆنموونە:

"هەڵگرتن" هەڵ + گرتن.

"شینایی" شین + ایــی.

هەرچەندە لەم بارەدا وشەکان زۆر روون نابن، بەڵام شارەزایانی رێزمان ئەتوانن وشەکان کەرت بکەنو پێشبینی واتاکانیان بکەن، کاتێ کە ئەو وشانەو ئەو پێشگرو پاشگرانەمان لە وشەی تردا بەرچاو کەوتبێ.

3. بەهۆی تێکەڵکردنەوە:

بەهۆی کرتاندنی چەند دەنگێک لە دوو وشەدا و تێکەڵکردنی دەنگە پاشماوەکانی ئەو دوو وشەیە بۆ نموونە: (زانین) و (کۆکردنەوە) تاریکن، بەڵام پاش گۆڕینی فۆرمی وشەکانو دوای کرتاندنی چەند دەنگێکو لێکدانیان جارێکی تر وشەیەکی روونی وەک (زانکۆ) ئەدەن بەدەستەوە.

4. بەهۆی خواستنی واتاوە:

خواستنی وشەیەک بۆ بەکارهێنانی بە واتایەکی تر ئەبێتە هۆی روونی. هەروەک چۆن وشەی "نووستن" لە "بەختی نووستووە"دا، بە وشەیەکی روون دائەنرێت بەهۆی ئەو پەیوەندییە لەیەکچوونەی لەنێوان واتای نووستنو بەختی نووستوودا هەیە.

زۆری بوونی وشەی تاریک هیچ لە نرخی ئەو زمانە کەم ناکاتەوەو بوونی پەیڕەوێکی تەواو روون زمانەکە بێ پێز ئەکاتو توانای گۆڕانکاریو گونجاندنی لێ ئەبڕێت، هەربۆیە ئەبێ روونی هێما هەروەک رابەرێک کاربکاتو تەنیا یاریدەی خوێندکاران بدات بۆ پێشبینی واتای هێماکان. ئەبێ تاریک و روونی هێما لە زماندا بکەوێتە ژێر دەسەڵات و بڕیاری کۆمەڵەوە. هەموو زمانێک بە ڕێژەیەکی جیاواز هێمای تاریکی تێدایە واتە بەپێی ژمارەی وشە تاریکەکان، زمان دابەش ئەکرێت بە سێ جۆرەوە:

1- ئەو زمانانەی گەورەترین ژمارە لە هێماکانیان روونن وەک زمانی ئەڵمانی.[1]

---

[1]وشەکانی (esstigch، مێز - خواردن) (Lese Lemp، چرا - خوێندنەوە) (wohn zimmer، ژوور - خواردن) کە لە زمانی ئەڵمانی هەڵ بژێردراون بۆنموونە، هەموویان روونن، بەواتای ئەوەی پارچەکان ئەمانگەیەنێتە واتای گشتی.

بەڵام هەرچی ئەم وشە فەرەنسیانەیە (La chambne a coucher) (پاڵ ئەکەوێت - ژوور) ( La noiture a chvel، ئەسپ - ئوتومبیل) (Sale de bain – خۆشتن - هۆڵ) واتای پارچەکانی واتا گشتییەکەیمان ناداتێ وەک ئاشکرایە کە نموونەی یەکەم واتای (ژووری نووستن) ئەگەیەنێت و دووەم

2- ئەو زمانانەی گەورەترین ژمارە لە هێماکانیان تاریکن وەک زمانی فەرەنسی.
3- ئەو زمانانەی لەنێوان هەردوو جۆرەکەی پێشوودان وەک زمانی ئینگلیزی.
زمانی کوردیش لە جۆری سێیەم دائەنرێت چونکە لەگەڵ ئەوەشدا کە وشەی تاریکی زۆرە، بەڵام هەروەک لەپێشەوە بۆمان روون بۆوە بە چەند رێگایەک وشەی نوێی روون پەسەند ئەکات.
دوای خستنە رووی کێشەی یەکەم (پەیوەندی نێوان فۆرم و واتا) کە لە لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان وشە هێمادا یەتە کایەوە، دێینە سەر کێشەی دووەم کە تەم و مژە.

ب. تەم و مژ - Ambiguity

تێگەیشتن بەهۆی بەکارهێنانی ئەو هێما زمانیانەوە ئەبێت کە کۆمەڵ لەسەری رێک کەوتووە. تێگەیشتنی تەواو ئەوکاتە ئەبێت کە هێما زمانییە بەکارهاتووەکان بۆ گەیاندنی هەواڵێک یان زانیارییەک، مەبەستی قسەکەر (یان نووسەر) بە تەواوەتی بگەیەنن بە گوێگر (یان خوێنەر)، نەک تەنیا گەیاندنی واتای تاکە هێماکان. دروستبوونی هەر تەگەرەیەک یان کۆسپێک لە لۆکەندەکانی ئەو گەیاندنەدا، ئەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک کە گرنگترینیان تەم و مژە.

---

عەرەبانە و سێیەم گەرماو ئەگەیەنێت واتە دانەکانی زمانی فەرەنسی روون نین، لە کاتێکدا لە زمانی ئینگلیزیدا کە لە هەردوو جۆرەکەیە بۆ نموونە: وشەی (bulle's eye) (چاو - گا) بە واتای (چەقی نیشانە) – کە دوورە لە واتای پارچەکان دیسان (cat's eye – چاو - پشیلە) بە واتای (فۆسفۆر). بەڵام هەرچی وشەکانی وەک وشەی (Reading Lampe – چرا - خوێندنەوە) واتای دانەکان واتای گشتی روونکردۆتەوە.

-بەواتایەکی تر – هەر کاتێک گومان لە مێشکی گوێگردا دەربارەی ئەو هەواڵە یان زانیارییە دروست بوو کە قسەکەر ئەیەوێت بیگەیەنێت، ئەوا ئەبێ تەم و مژ هەبێت لەو هێمایانەی بەکارهێنراون بەمەبەستی واتا گەیاندن.
وشە یان هێما بەگوێرەی ئامادەبوونیان بۆ هەڵگرتنی تەم و مژ ئەکرێن بە دوو بەشەوە، بەشێکیان ئەو هێمایانەن کە یەکێ لە تایبەتیەکانیان ئەوەیە کە ئەبنە هۆی لادانێک لە گەیاندندا بەهۆی ئەو تاریکییەی لە واتاکانیاندا هەیە. هەرچی بەشی دووەمە ئەو هێمایانەیە کە یان ناون یان تایبەتین بۆ شت یان بۆ رووداوی دیاریکراو یان زاراوەی زانستیو هونەرین کە ئەمانە تارادەیەک واتایان روونە، بەڵام تەنانەت ئەو بەشەش کە هێمان (ناو) بۆ شت خۆی لە خۆیدا جۆرە تەم و مژێکی تێدایە. هەروەک لەکاتی دروستبوونی وێنەی هۆشەکی بەرامبەر وشەیەکی وەک مێزدا رەچاو ئەکرێت. کە ئەم وێنەیە نەخشەیەکی گشتی مێزەو کورتکراوەی هەموو ئەو مێزە جۆربەجۆرانەیە کە بینیومانن یان بەکارمان هێناون بەبێ دیاریکردنی قەوارەو رەنگو مادەی پێکهێنەرو چەندان تایبەتی تریش کە لە چوارچێوەی بەکارهێنانی هێماکەدا نەبێت روون نابنەوە.
هەندێ هێماش هەیە تەم و مژاوییە لەناو کۆمەڵێکدا بەهۆی کەم بەکارهێنانی ئەو شتەوە کە هێماکەی بۆ دانراوە، هەروەک ناوی ئەو رووەکە جۆربەجۆرانەی لای خەڵکی لادێکانو جووتیارەکان ناسراوەو لای خەڵکی شار کەمتر ناسراونو نەشارەزاییان هەیە بەرامبەری. هەندێ جار تەم و مژ دەربارەی وشەی واتا روون پەیدا ئەبێت بەهۆی بەکارهێنانی لەلایەن کەسانی خاوەن

خیبرەی جیاوازەوە وەک وشەی "خانوو" کە واتای بنەڕەتی (شوێنی ژیانی مرۆڤە)، بەڵام لای هەریەک لە ئەندازیارو بەناو دەڵاڵی خانوو و ئەوکەسانەی ئەیکڕن واتای جیاوازی هەیە، هەرچەندە واتا جیاوازەکانیش سێبەری واتا سەرەکییەکانەو دروستبووی ئەنجامی بەکارهێنانی جیاوازن.
ئەتوانین دوای چاوخشانێکی کورت بەسەر تەم و مژدا بەشێوەیەکی گشتی، دوو جۆری سەرەکی لێ جیابکەینەوە کە:
یەکەمیان: تەم و مژی فەرهەنگییە.
دووەمیان: تەم و مژی رێزمانییە.
جۆری یەکەمیان گرنگی بەشێوەیەکی سەرەکی هەیە لە لێکۆڵینەوەکەی ئێمەدا، وا لە خوارەوە روونی ئەکەینەوە. هەرچی جۆری دووەمیشە دوای بەشی یەکەم بەکورتی پێناسەی ئەکەین.

یەکەمیان: تەم و مژی فەرهەنگی:
بەلای هەندێکەوە زمانی نموونەیی ئەو زمانەیە کە تیایدا هەر شتێک یەک ناو بەرامبەری هەبێتو هەر واتایەکیش بەسترابێت بەیەک ناونراوەوە. هەروەک ئولمان لە پێناسەی وشەدا ئەڵێت "وشە هەریەکەیان مەبەستێکی تایبەتیو سەربەخۆ ئەگەیەنن"[1]. ئەمەش بەهیچ جۆرێک لە هیچ زمانێکی سروشتیدا نەهاتۆتە دی، چونکە ئەگەر بهاتایە دی پێی نەئەوترا زمانی نموونەیی.
بەلای هەندێکی تریشەوە بوونی وشەیەکی سەربەخۆ بەرامبەر هەموو ئەو شتانەی کە لەکاتی قسەکردنا بەکارئەهێنرێن بارێکی گران ئەدات بەسەر بیرو هۆشی مرۆڤ. زمانیش توانای دەربڕینی بیری جیاجیای هەیە

[1] دور الكلمة في اللغة: ١١٣.

بۆئەوەی ئەم ئەرکە نەکەوێتە سەر بەکارهێنانی زمان، بە ڕێگەیەکی زیرەکانە وای لە وشەکانی کردووە کە بشێن ئامادەبن بۆ بەکارهێنانی تری نوێ لەپاڵ بەکارهێنانەکەی خۆیدا بەبێ ئەوەی زۆرجار واتا کۆنەکەشی وون بکات. ئەم دیاردەیەش بە "فرە هاوشانی" ناوئەبرێت[1] . کە ئەبێتە هۆی دروست بوونی جۆرە تەم و مژێک کە بەلای هەندێ لە زمانەوانەکانەوە زۆر ترسناکە، چونکە ئەبێتە هۆی تاریکیو جۆرە ونبوونێک، بەڵام لە راستیدا بوونی دیاردەی "فرە هاوشانی" نابێتە هۆی تەم و مژ، ئەگەر تەمیش بە ڕادەیەکی کەم پەیدا بێت ئەوە چوارچێوەی بەکارهێنان و بارودۆخ ئەیڕەوێنێتەوە هەر لە زۆر کۆنەوە ئەو لادانە واتاییە کە "فرە هاوشانی"یە کراوە بە دوو جۆرەوە:

1. فرە واتایی.
2. هاوبێژی.

1. فرە واتایی Polysemy:

زاراوەیەکی یۆنانییە لە بنەڕەتدا لە (Poly) بەواتای زۆر (یان فرە) (Semy) . بەواتای (واتا) پێکهاتووە[2] . فرە واتایی بەلای دێرینەکانەوە ئەو وشەیەیە کە دوو یان زیاتر واتای جیاواز ئەگەیەنێت[3] . بەلای ئولمان و پالمەرەوە "ئەو بارانەیە کە وشە تیایدا ئەبێت بە ناونراو بۆ چەند شتێک[4] "هەرچی (جۆن لاینز) فرەواتایی دائەنێت بە تایبەتیەکی دانە فەرهەنگیە تاکەکان."[5]

---

[1] Otto, 1980, p. 103 – 136.

"فرەهاوشانی" ئەو دیاردەیەیە کە وشە زیاتر لە واتایەکی هەبێت، یان واتایەک زیاتر هێمایەک بنوێنن.

[2] دور الكلمة في اللغة: ١١٤.

[3] الدلالة اللغوية عند العرب: ١١٢.

[4] الدلالة اللغوية عند العرب: ١١٢.

[5] اللغة والمعنى والسياق: ٤٨.

لەبەر ڕۆشنایی پێناسەکانی سەرەوەدا ئەتوانین بڵێین ئەم دیاردەیە بریتییەلە: بوونی دوو واتا یان زیاتر بەرامبەر یەک فۆرم، لەگەڵ بوونی پەیوەندی لەنێوان واتاکاندا. وشەی "ڕۆژ" جگە لە واتا بنچینەییەکەی خۆی کە "خۆر"ە بەو دوانزە سەعاتەش ئەوترێت کە تیایدا جیهان ڕووناکە بەهۆی خۆرەوە. ئەمەش بەهۆی بوونی ئەو پەیوەندییە هۆییەوە کە لەنێوان هەردوو واتاکەدا هەیە. دیسان لەم دوو ڕستەیەدا:

1. خوێنی لووتی بەربوو.
2. مناڵەکان نیوەڕۆ بەربوون.

ئەبینین وشەی "بەربوون" فرەواتایە، لەبەرئەوەی دوو بەکارهێنانی جیاوازی تاکە وشەیەکن[1]. فەرهەنگ نووس ژمارە ئەدات بە واتاکانی فرەواتاکان بۆ هەر وشەیەکو واتا بنچینەییەکەی‌و واتاکانی تری کە جۆرە پەیوەندییەک هەیە لە نێوانیاندا. وەک لەم وشانەدا دیارە:

- جۆش سەندن: .1هاتنەکوڵی شتێ لەسەر ئاگر.

وەک: چایەکە جۆشی سەندووە.

2 .تاوسەندنی جیهان لە هاویندا.

وەک: دنیا جۆشی سەندووە لە گەرمادا.

3 .گەرم بوونی یەکێک لە کارێکدا.

وەک: سەرچۆپی کێشەکە جۆشی سەندووە.

[1] لەدایک بوونی واتای نوێ یەکێکە لەتایبەتیەکانی زمان، نیشانەی ......، بۆئەوەی کە زمان لە بارێکی سروشتیدایە، بە مەرجێک کە ئەم لە دایک بوونە لە سنوورێکی دیاری کراودا بێت بە پێ ی پێویستیەکانی ژیان لە رووی بیر و رۆشنبیری و زانستەوە.

- بەردانەوە: 1. بەردانەوەی ئاوی گیراوە.
وەک: ئاوی ئەستێلەکەم بەردایەوە.
2. فڕێدانی شتێک لە بەرزییەوە[1].
وەک: تۆپەکەم لە سەربانەوە بەردایەوە.

لادانی وشە لە واتا بنچینەییەکەی خۆی‌و وەرگرتنی زیاتر لە یەک واتا بەچەند ڕێگایەک ئەبێت، گرنگترینیان ئەمانەن:

1. بەهۆی خواستنی واتاوە:

ئەرکی خواستن، گەیاندنی ناونراوی نوێیە بە ناوە کۆنەکە (بنچینەییەکە) لەڕێی ئەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆیەی لەنێوان هەردووکیاندا هەیە، کە قسەکەر لە کاتی بەکارهێنانی ناونراوە نوێیەکەدا هەست بە بوونی ئەکات .

وشەی "مل" ناوی ئەندامێکی لەشی زیندەوەرە. ئەو وشەیە خوازراوە بۆ گەیاندنی واتای ملی هەر ئامێرێک کە لە شێوەو ئەرکدا وەک ئەوبن وەک "ملی شووشە" لەم ڕووەوە چۆن لاینز باوەڕی وایە کە ئەو وشانەی کە واتاکانیان ئەخوازرێ بۆ گەیاندنی واتای تر وەک "چاو" بۆ ڕووبار یان کانی‌و "سەر" بۆ کەسانی خاوەن گەورەترین پایە لە هۆزدا یان کۆمەڵدا... هتد. تەنانەت ئەگەر لێکچوونێکی ڕوونیش لە نێوانیاندا هەبێت لەڕووی شێوەو ئەرکەوە ناتوانرێ بە دوو وشەی وەک یەک ناو بنرێن، بەڵکو بەیەک وشەی دوو واتایی، کە لە ڕەوانبێژیدا بە "خوازە" ناوئەبرێت، بەڵام لە زانستی نوێی زماندا بە فرە واتایی ناو ئەبرێت[2]. هەندێ جاریش فرەواتایی بەهۆی کورتکردنەوەوە لە ئەنجامی زۆر دووبارەکردنەوەی وشەکە لە بارودۆخی جیاوازدا پەیدا ئەبێ. لەکاتی واش بەتەنیا بەکارهێنانی وشەکە ڕوونی ئەکاتەوە کام واتایان مەبەستە،

---

[1] واتای وشەکانی (جۆشسەندن) و (بەردانەوە)، لە د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٥، ٩، وەرگیراوە.
[2] علم الدلالة: لاینز: ١٧.

وەک وشەی "لەبەرکردن" بەواتا پۆشینی جلوبەرگو واتای لەبەرکردنی هۆنراوە.

2. هەندێکیش لە زاناکانی زمان وەک (پاڵمەر) دیاردەی فرە واتایی ئەگێڕنەوە بۆ دوو جۆرەکەی واتا، کە واتای ئاسایی یان (فەرهەنگی)یە، لەگەڵ واتای لاوەکی (ئەو واتایانەی وشە لە چوارچێوەی بەکارهێناندا بۆی دروست ئەبێت)[1] بۆنموونە: خواردنی گۆشت، خواردنی شۆرباو، هەندێ جار تەنانەت خواردنی ئاویش، کە یەکەمیان بەهۆی چەقۆو دووەمیان بەهۆی کەوچکو سێیەمیان بەهۆی جام یان پەرداخەوە. دیسان خواردنی شیرینی کە بە ڕێگەی مژینەو نان بەهۆی کرۆشتن... و چەندان جۆری تریش ئەگەر زۆر لێیان ورد نەبینەوە ئەو بڕیارە ئەدەین کە بەرامبەر کاری خواردن لەگەڵ هەر جۆرە خواردنێکدا کە ئەیخۆین، جۆرە واتایەکی جیاواز هەیە، واتە واتای جیاجیا بەرامبەر یەک وشە.

## 2. هاوبێژی:Homonymy

وشەیەکی یۆنانییە لە (Homos) بە واتای (هەمان)و (omonma) بە واتای گۆکردن یەت.

ئینجا ئەم وشانە لە ئینگلیزیدا گۆڕانو بوون بە (Homonymy) بە واتای "هەمان گۆکردن"[2]. لای ئەوروپیەکان "هاوبێژ" ئەو کۆمەڵە وشەیەیە کە هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە، تەنیا لەڕووی گۆکردنەوە نەبێت بەلای ئۆڵمانو پاڵمەرەوە: ئەو وشانەن کە لە ڕووی شێوەو پێکهاتنەوە یەکن[3]. نموونەشیان بۆ ئەم پێناسەیە وشەی(see) و(sea) ، کە لەڕووی

[1] علم الدلالة: پاڵمەر: ١١٦.

[2] الدلالة اللغوية عند العرب: ١١٢.

[3] هەمان سەرچاوە.

خوێندنەوەوە (گۆکردن) یەکن، بەڵام ڕێنووس‌و واتایان جیاوازە.
لەم ڕووەوە زمانی کوردی لەگەڵ زمانە ئەوروپییەکاندا جیاوازە هەرچی ئەوانن لێکۆڵینەوەکانیان لەڕێی وێنە دەنگییەکانەوە ئەکەن، بەڵام لای ئێمە لەڕێگای وێنە نووسراوەکانەوەیە، چونکە زمانی کوردی ڕێنووسی بەتەواوەتی وەک گۆکردنێتی، واتە چۆن گۆئەکرێت هەرواش ئەنووسرێت. کەواتە ئەو پێناسەیەی لەگەڵ هاوبێژدا ئەگونجێت لە زمانی کوردیدا بەم شێوەیەیە، "دوو وشە یان زیاتری واتا جیاواز کە یەک فۆرم وەرئەگرن"[1]. یان ئەو وشانەی کە ڕێنووسیان یەکەو واتایان جیاوازە[2]. وەک :

أ- هاوبێژی لەشێوەی وشەی سادەدا:
ئازار 1. ئێشی ئەندام.
ئازار 2. مانگی مارت.
تاڵ 1. وەک تامی تاڵ پێچەوانەی شیرین.
تاڵ 2. یەک دانە مووی سەر، یان هەرشتێک لەشێوەیدا لەو بچێت.
بەر 1. پانایی شتی چنراو.
بەر 2. دیوی ناوەوەی ئەو شتانەی دوو ڕوو یان دوو لایان هەیە.
بەر 3. هێزێکە پاش خوێندنەوەی شیعر یان ووتار... هتد لە مێشکی مرۆڤدا ڕاگیر ئەکات.

---

[1] زمانەوانی: ١٨٢.
[2] وشەی زمانی کوردی: ١٤.

بەر 4. بەرهەمی دارودرەخت.
بەر 5. پێش.
بەر 6. پاشبەندێک بەدوای ناوەوە ئەلکێ واتای (بردن) زیاد ئەکات بۆ وشە[1].
شیر 1. شیری خواردن.
شیر 2. شمشێر.
ب- هاوبێژ لە وشەی داڕێژراودا، وەک:
ڕێکەوت 1. بەرامبەر (صدفە)ی عەرەبی.
ڕێکەوت 2. ئامادەبوو.
ج- هاوبێژیش هەیە لە شێوەی گیرەکدا، وەک:
پیاوان 1. (ان) مۆرفیمی پاشگرە واتای کۆ ئەگەیەنێت.
جاران 2. (ان) مۆرفیمی پاشگرە ئاوەڵکاری کات ئەگەیەنێت.

فەرهەنگ نووس وەک شێوەی پێشەوە ژمارە ئەدات بە وشەکان، چونکە یەک وشە نین و هیچ پەیوەندییەکیش نییە لە نێوان واتاکانیاندا تەنیا ئەوە نەبێت کە یەک فۆرمیان هەیە. هەر ئەم تایبەتییەش لە فرە واتایی جیا ئەکاتەوە. لەوانەش لێکۆڵینەوەی مێژوویی ڕوونی بکاتەوە کە ئەم وشانە لە بنچینەدا خاوەنی یەک فۆرم نین، بەڵام ئەم کارە زۆر گرانەو لەبەر نەبوونی تێکستی نووسراو ئەنجامی وورد نییە

[1] زەبیحی، ١٩٧٨: ١٥٠.

و هیچ بەڵگە نییە کە بتوانێت بمانگەیەنێتە یەکەم فۆرمی وشەیەک هەر لەبەر ئەم هۆیەشە لە لێکۆڵینەوەکانی ئەمڕۆدا تەنیا تەماشای کاتی ئێستای وشەکان ئەکرێت، لێکۆڵینەوەکان وەسفین.

2 .هاوپیت Homograph:

زاراوەیەکی زمانەوانییە، بەو وشانە ئەوترێت کە لە نووسیندا وەک یەکن، بەڵام لە گۆکردنو واتادا جیاوازن، یان ئەو وشە هاوبێژانەن کە بە نووسین وەک یەکن، بەڵام لە خوێندنەوەدا جیاوازییان هەیە.

لە خوێندنەوەدا (هێز- سترێس) ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە دیاریکردن یان جیاکردنەوەی وشە هاوپیتەکاندا. لە کوردیدا بوونی هاوپیت بە گشتی ئەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لە شوێنی دانانی هێزی سەرەکیدا، هەروەک لەم وشانەدا دەرئەکەوێت:

هەمانە 1. کیسەیەک لە پێستی مەڕوبزن دروست کرابێت.

هەمانە 2. (ئێمە هەمانە).

قازی 1. ئەوکەسەیە پیشەی مارەکردنە.

قازی 2. (تۆ قازیت).

بەردەم 1. لەپێش.

بەردەم 2. وەک (مارەکە بەردەم).

نەمام 1. درەخت کە تازە ڕوواوەو هێشتا پێنەگەیشتووە.

نەمام 2. (من نەمام).

بەرین 1. پان.
بەرین 2. وەک (کۆڵەکە بەرین)[1].

بەشێوەیەکی گشتی هاوبێژ بەچەند ڕێگەیەک لە زماندا دروست ئەبێت، گرنگترینیان:

1. بوونی چەند دیالێکتو بەشە دیالێکتێک لە زماندا، وەک وشەی:
بەش 1. هەندێک لە شتێک بڕدرابێت بۆ یەکێک (کرمانجی خواروو).
بەش 2. گیانداری ناوچەوان سپی (کرمانجی ژووروو)[2] .

2. بەهۆی خواستنەوە کاتێک هەندێ وشە لە زمانێکی بێگانەوە ئەکەوێتە ناو زمانەکەوە کە بەڕێکەوت هەمان وشە لەو زمانەدا هەیە، بەڵام بە واتایەکی تر کە پەیوەندی بە واتای وشە بێگانەکەوە نییە، وەک:
بیر 1. بیروهۆش.
بیر 2. (بئر)ی عەرەبی[3] .

---

[1] ئەوەی لە نموونەکانی سەرەوەدا ( کە بۆ هاوپیت هاتووە ) سەرنج ڕائەکێشێت بە تایبەتی روونکردنەوەی پێناسەی دیاردەکە – ئەوەیە کە ئەو هێمایانەی ژمارەیەکیان لێدراوە هێمای تاکن (وشەیەکن)، بەڵام ئەوانەی ژمارە دوویان لێدراوە لە هێمایەک زیاتر پێکهاتوون و لە شێوەی رستەیەکی سادەدان ئەمەش هەرچەند وەک شتیکی سەیر یەتە بەرچاو بەڵام ئاشکرایە کە دەرچوون و لادان نییە لە پێناسەکە. واتە لەم بارەدا هێماکان هاوپیت ئەبن، چونکە رستەش ئەتوانرێ وەک تاکە هێمایەکی زمانی تەماشا بکرێت بە پێ ی بیردۆزی ئەرکی وورد (النظرية الوظيفية القنة – Functionalism Linguistic Theory). پەیڕەوکەرانی (J – Muleder) و (S. Hervey)ە.
[2] وشەی زمانی کوردی: ١٩.
[3] هەمان سەرچاوە.

3. له ئەنجامی تێپەڕبوونی کاتو ڕۆژگاردا واتاکانی هەندێ وشەی فرەواتا له یەک دوورئەکەوێتەوەو وشەی هاوبێژیان لێ دروست ئەبێت، وەک:
زێ 1. ڕووباری زۆر گەورە.
زێ 2. زێی مێینە[1].
4. هەندێ وشە هەیە هەر له مێژووی پەیدابوونیەوە وا ڕێک کەوتووە کە ناوبێت بۆ زیاتر له شتێکی جیاواز، وەک:
باهو 1. شانوقۆڵ.
باهو 2. ئاسۆ[2].
بەشێوەیەکی گشتی جیاوازی نێوان هاوبێژو فرەواتا لەوەدایە کە لە یەکەمدا دوو وشە یان زیاتر هەمان شێوەیان هەیە، بەڵام له دووەمدا تاکە وشەیەک زیاتر له واتایەکی هەیە. گیروگرفتی ئەم بۆچوونە لەوەدایە کە پێناسەکە وای دائەنێ بەڵگە نەویستە کە هەموو کەسێک ئەزانێ کەی لەگەڵ دوو بەکارهێنانی تاکە وشەیەکدا ڕەفتار ئەکاتو کەی لەگەڵ دوو وشەی جیاوازدا. لەکاتێکدا کە ناسینەوەی وشەو بەکارهێنانی کارێکی هێندە ئاسان نییەو جیاوازی شێوە مەرزج نییە دوو وشەی جیاواز بهێنێتە ئاراوە، چونکە بەپێی پێناسەی هاوبێژ دوو وشەی جیاواز لەوانەیە تاکە یەک شێوە وەرگرن. دیسانەوە جیاوازی واتاش سوودێکی زۆری نییە بۆ جیاکردنەوەی هاوبێژو فرەواتا، چونکە تاکە یەک وشە ئەتوانێ واتای جیاجیا هەڵگرێت. لەڕاستیدا گیروگرفتی سەرەکی لەوەدایە کە هاوبێژو فرەواتایی هەردووکیان

[1] وشەی زمانی کوردی: ١٨.
[2] هەمان سەرچاوە: ١٩.

بەندن بە جیاوازی واتاو یەکێتی شێوەوە. هەرئەمەشە وائەکات کە گومان لەوەبکەین کە ئەم دووانە دوو دیاردەی جیاوازن، لەڕاستیشدا هەندێ زمانەوان هەوڵ ئەدەن بۆ وازهێنان لە جیاکردنەوەیان. هەندێ لەمانە کە نەهێشتنی جیاوازییەکە بەهۆی فراوانکردنی هاوبێژەوە پەسەند ئەکەن، تەنیا بە واتاوە خۆیان ئەبەستنەوە (دوو کەرەسە بە دوو وشە دائەنێن کاتێ دوو واتایان هەبێت) بەمە "فرەواتایی" هەڵئەگرن، لەوباوەڕەوە کە هیچ وشەیەک لە واتایەک زیاتری نابێت.

هەندێکی تر ئەیانەوێ پشت لە واتا هەڵکەنو هەموو دوو شێوەیەک بە دوو بەکارهێنانی تاکە وشەیەک بزانن کە هەمان تایبەتی شێوەی (فۆرم)و سینتاکسیان هەبێت. بەمە ئەم زمانەوانانە "فرەواتایی" فراوان ئەکەنو دەست لە هاوبێژی هەڵئەگرن، بەڵام هێشتنەوەی ئەم جیاوازییە پێویستە ئەگەر سەلیقەی قسەکەران بە بەڵگەی ڕەوا دابنێین، ئەوا ئەزموون زۆرە، کە ئەیسەلمێنێت ئەم جیاوازییە ئەبێ بمێنێتەوە.

"لێرەر" لەچەند ئەزموونێکدا بۆی دەرکەوتووە کە قسەکەرانی زمانێک لەسەر هاوبێژە ئاشکراکان ڕێک ئەکەونو ڕێک کەوتنەکەشیان بە تێپەڕبوونی کاتیش تێک ناچێت، بەڵام کە لێکچوونی واتایی ڕوو ئەدات، نەک هەر ڕێک نەکەوتن لەنێوان قسەکەراندا هەیە، بەڵکو ڕای یەک قسەکەریش لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر ئەگۆڕرێ. لەمەوە لێرەر ئەگاتە ئەو ڕایەی کە نەگۆڕی ڕاکان بۆ هاوبێژیو گۆڕانی بۆ فرەواتایی بەڵگەی ئەوەیە کە جیاوازییەکە لە ڕەفتاردا هەیەو دروستە[1]. پاش شیکردنەوەی دیاردەی "فرەواتایی" و "هاوبێژی" ئەبێ

[1] ئەم تەم و مژەی لە واتای فەرهەنگیدایە، رای جیا جیای لەسەر دەربڕدراوە، بە لای هەندێکەوە ئەم تەم و مژە لە چوارچێوەی بەکارهێناندا چارەسەر ئەکرێت تەنیا لە چەند بارێکی کەمدا نەبێت، کە ئەم جۆرە وشانە ئەگەر زۆر بڵاو بن و ببنە هۆی ناسازی ئەوە ئەبێت لەناو بچێت. بە لای هەندێکی ترەوە بوونی هاوبێژ تەنیا سوودی لە یاری کردن بە وشەدا هەیە هەرچی کۆمەڵێکی ترە رایان وایە کە ئەم گرنگی هەیە لە رووی دیاری کردنی رادەی بەرزی شارستانێتییەوە، چونکە زمان لە سەرەتای دروستبوونیدا ئەم دیاردەیەی تێدا بووە.

ئەوەش بزانین کە هاتنی یەکێک یان زیاتر لە وشەی "فرەهاوشانی" لە ڕستەدا ئەبێتە هۆی دروستبوونی تەمومژی واتایی، وەک لەم نموونەیەدا:

شاخیان گرت.

لەوانەیە وشەی "شاخ" بە سێ واتا لێک بدرێتەوە:

1. چیا.
2. کەڵەشاخ.
3. زەرووگرتن.

کەواتە "شاخ" لەو وشانەیە کە زیاتر لە واتایەک ئەدەن. هەموو بەکارهێنانێکی ئەم جۆرە وشانەش یەکسەر تەمومژ درووست ناکات. بۆنموونە ڕستەیەکی وەک:

بەسەر شاخەکەدا سەرکەوتم.

تەمومژاوی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا کە وشەی فرەهاوشانی تێدایە، چونکە چوارچێوەی بەکارهێنان لە ڕستەکەدا ڕوونیکردۆتەوە کە مەبەست (چیایە).

مریشکەکە ئامادەیە.

لەوانەیە: 1. بە کوڵاوی ئامادەبێت بۆ خواردن.

یان: 2. ئامادەیە بە زیندوویی.

مەبەستی تەواوی ئەم ڕستەیە لەگەڵ بەکارهێناندا واتە تەواوکردنی

یان بەهۆی دەوروبەرەوە کە لە دەرەوەی زمانە، ڕوون ئەبێتەوە[1].
هەندێ جار تەمومژ (نەک بەهۆی بوونی وشەی فرەوهاوشانی) تەنیا تووشی واتای کێشەکی هێمایەک ئەبێتو واتا هۆشەکییەکە خۆی ئەپارێزێ .
بە واتایەکی تر، واتای هێمایەک لەوانەیە لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر یان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بەپێی تاقیکردنەوەیان بگۆڕێ. بۆ نموونە هەندێ هێما بە تێپەڕینی کات واتا کێشەکییەکەیان ئەگۆڕێ. لە دەربڕینێکی وەک (ئاشتی لە جیهاندا بڵاوبۆتەوە)دا، کە لە ساڵی (پەنجاکاندا) وترا واتای (ئاشتی) هەمان واتای نابێت کە لە ساڵی شەستەکاندا، ئەیگەیەنێت چونکە هۆی درووستبوونی ئاشتی لەهەردوو مێژووەکەدا لەوانەیە جیاوازبێت، لەگەڵ ئەوەشدا کە وشەی "ئاشتی" هەرخۆیەتی لەهەردوو سەردەمەکەداو نەگۆڕڕاوە (واتاکەی گۆڕڕاوە) واتە هەمان هێما دوو هەواڵی مەبەست جیاواز ئەگەیەنێت لە دوو سەردەمی جیاوازدا، کەواتە لێرەدا واتا بەندە بەو ڕووداوانەی پێشووتریان ئێستا[2].
جۆرێکی تر تەمومژ هەیە کە لە دەرەوەی بەکارهێنانی وشەی فرەهاوشانە ئەویش تەمومژی ڕێزمانییە. بەگشتی تەمومژی ڕێزمانی کاتێک ئەبێت کە چەند ڕستەیەک یان فرێزێک لەگەڵ ئەوەشدا کە لە واتادا جیاوازن، یەک شێوە وەربگرن، ئەمەش ئەبێتە هۆی بوونی زیاتری لە لێکدانەوەو بۆچوونێک بۆ واتای ڕستەکە یان فرێزەکە. ئەم جۆرە تەمومژە ناگەڕێتەوە بۆ تاریکی تاکە وشەکان بەڵکو ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییە سینتاکسییەی نێوان ئەو دانانەی کە ڕستەکەیان لێ پێکهاتووە. لەم بارەدا هەر ڕستەیەک چەند واتایەکی ڕووکەشو ڕۆنانێکی ژێرەوە

[1] لە هەندێ باردا ئەم دیاردەیە بە ویست و ئارەزووی قسەکەر یان نووسەر خۆی دێتە کایەوە بۆ خزمەتکردنی مەبەستێکی تایبەتی وەک ئەو تەم و مژانەی کە لە زمانی ئەو کەسانەدا هەیە کە لە کۆبوونەوە دبلۆماسییەکاندا بەشداری ئەکەن بۆ مەبەستی وون کردن و درێژەپێدان بۆ دەستکەوتنی کات و بەخشینی جۆرە نەرمییەک بە زمانەکیان کە بتوانن یاری بە واتاکەی بکەن بە پێ ی پێویستی و بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییان لە شوێن و کاتی تایبەتیدا. دیسان شاعیرەکان بۆ گەیاندنی تام و چێژ و ڕاکێشانی خەڵک بە لای شیعرەکانیدا تەم و مژ بەکارئەهێنن.
[2] مفهوم المعنى: ١٣١

ئەبێت، بۆنموونە، ڕستەیەکی وەک: ژوورەکە پڕە لە ژنو پیاوی پیر.
بە دوو شێوە لێک ئەدرێتەوە:
أ- ژوورەکە پڕە لە ژنو (پیاوی پیر).
ب- ژوورەکە پڕە لە (ژنوپیاو)ی پیر.
بەڵام: × ژوورەکە پڕە لە ژنی پیروپیاو.
بەپێی داڕشتنی ڕستەکە، بە واتای ئەوەی ئاوەڵناوەکە جارێک بۆ "پیاو" ئەگەڕێتەوەو جارێک بۆ هەردووکیان (ژنوپیاو).
یان لە ڕستەی: 2. ئازاد وەک نەوزاد ناخوێنێ.
أ- (ئازاد وەک نەوزاد) ناخوێنێ. واتە هەردووکیان ناخوێنن.
ب- ئازاد (وەک نەوزاد) ناخوێنێ. (نەوزاد کەمتر لە ئازاد ئەخوێنێ).
دیسان ڕستەی: 3. ئازاد نەیکێشا بەسەری شازاددا.
أ- ئازاد نەیکێشا (بەسەری) شازاددا. (کێشای بەشوێنێکی تریدا).
ب- (ئازاد) نەیکێشا بەسەری شازاددا. (ئازاد نەبوو یەکێکی تربوو).
هەروەها لە ڕستەی: 4. ئەم پیاوە شێتە.
أ- (ئەم پیاوە) شێتە.
ب- (ئەم پیاوە شێتە)... (بەهەرشێوەیەک تەواوکرێ) .
لە رۆنانی (4- أ)دا "شێتە" بەشێکە لە گوزارە، بەڵام لە رۆنانی (4- ب)دا "شێتە" دیارخەر پێک ئەهێنێ، کە بەشێکە لە نیهاد.
ئەم جۆرە تەمومژانە لە نووسیندا هەمووی بەهۆی دەوروبەرەوە چارەسەرئەکرێتو لە قسەکردنیشدا بەهۆی هێزەوە ئەڕەوێتەوە.
1. ژوورەکە پڕە لە (ژنوپیاوی پیر).
ژوورەکە پڕە لە (ژنوپیاوی پیر).

2. ئازاد وەک نەوزاد ناخوێنێ.

ئازاد وەک نەوزاد ناخوێنێ.

3. ئازاد نەیکێشا بەسەری شازاددا.

4. ئازاد نەیکێشا بەسەری شازاددا.

# بەشی سێیەم
## پەیوەندییە واتاییەکان

- پەیوەندی ئاماژە — Reference
- پەیوەندی شوێن — Sense
- هاوواتایی — Synonymy
  - هاوواتایی تەواو
  - هاوواتایی ناتەواو
- دژواتایی — Oppositeness
  - بەرامبەری — Complementarity
  - پێچەوانەیی — Antonymy
  - تەواوکردن — Converseness
- گرتنەوە — Hyponymy
- جیاوازی — Lncompatability

پەیوەندییە واتاییەکان

سەرەتا:

ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەکە دەربارەی بۆچوونی دووەمە کە لە واتاسازی وەسفی ئەمرۆدا باوە. بەپێی ئەم تێڕوانینە زمان بریتیە لە تەنێکی تێکچڕژاو کە کەرەسەکانی تەواو چوون بەناو یەکتریداو هەریەکەیان واتای ئەوانی تر دیاری ئەکات. لابردنی یان نەمانی کەرەسەیەک لەمانە ئەبێتە هۆی گۆڕان و هەڵوەشاندنەوەی پەیڕەوێکی زمانەکەو سەرهەڵدانی پەیڕەوێکی نوێ.

لە سەرەتای ئەم بەشەدا پەیوەندی ئاماژەو پەیوەندی شوێن لە یەکتری جیاکراونەتەوە. بەدوای ئەمەدا، هەموو پەیوەندییە واتاییە شوێنییەکان (هاوواتایی، دژواتایی، گرتنەوە جیاوازی) بە وردی دراونەتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە .

ئاماژە – Reference [1]

زمان کە ڕێگەیە بۆ لێک گەیشتن، پێکهاتووە لە وشە، وشەش بریتیە لە هێما بۆ ئەو شتو ڕووداوانەی کە لە دەرەوەی زمانن. بەو پەیوەندییەی کە لەنێوان کەرەسە زمانییەکانی (وەک وشەو ڕستە) و شتی دەوروبەردا کە کەرەسەکان هێمان بۆیان هەیە، ئەوترێت ئاماژە. پەیوەندی نێوان وشەی سپی‌و ڕەنگی سپی پەیوەندییەکی ئاماژەیە.

زمان بەپێی پەیوەندی ئاماژە ڕۆڵی خۆی نابینێت. ئەتوانین بڵێین زانستی واتاسازی گرنگی ئەدات بەو ڕێگەیەی کە زمان بە خیبرەی کەسییەوە ئەبەستێت. بەم پێیە پەیوەندی ئاماژە ئەبێت بە کەرەسەیەکی ناوەڕۆکی

---

[1] زاراوەی ئاماژەم بەرامبەر (Reference) بەکار هێناوە. کە (مجید الماشطة) لە عەرەبیدا (الاشارة) ی بەکار هێناوە.

له واتاسازیدا[1]. به ناساندنێکی وردی ئەم پەیوەندییە چەند گیروگرفتێکی فەلسەفی یەتە ڕێگامان، لە رستەیەکی وەک:

ئەو چیایە بچووکە.

ئەم مشکە گەورەیە.

له راستیدا قەوارەی هەریەک لە چیاو مشک لامان روونە هەر لەبەرئەمەشە کە زمانەوانەکان زۆر قووڵ نابنەوە لە لێکۆڵینەوەی ئەم جۆرە پەیوەندییەدا. لە سەرەتای پێناسەی ئاماژەدا گرنگی ئەم پەیوەندییەمان بۆ دەرکەوت، بەڵام ئەم گرنگیە نابێ وامان لێبکات، کە بە پەیوەندییەکی سەرەکیتری دابنێین. لە هەموو پەیوەندییەکانی تر، و دیسان بچینە ئەو باوەڕەوە کە هەموو یەکەکانی زمانێک ئاماژەی هەیە بەپێی پێناسەکەی ئاماژەکە بوون‌و راستی (reality) بەیەکەوە ئەبەستێتەوە. کاتێک ئەڵێین وشەیەک یان کەرەسەیەک واتای هەیەو ئاماژە بۆ شتێک ئەکات، مەبەستمان ئەوەیە کە ئەو شتەی ئاماژەی بۆکراوە بوونی مادی هەیەو راستیەکە هەروەک چۆن ناو لە کەسانی دیاریکراو و گیانلەبەرو شتی بینراو ئەنێین کە بوونی راستیان هەیە، کەواتە تاڕادەیەک چەمکی (روونی مادی) دائەنێین بە بنچینەیەک بۆ پێناسینی واتایی ئاماژە. بۆ فراوانکردنی قەوارەی بەکارهێنانی (بوون) و (ئاماژە) ئەتوانین بۆ نموونە (دێو، خێو) وەرگرین کە ئەتوانین بوونێکی ئەفسانەیی‌و ئەندێشەییان بۆ دروست بکەین لە دەقێکی دیاریکراودا. بەم پێیە ئەتوانین بڵێین وشەکانی "دێو" و "خێو" خاوەنی ئاماژەن لە زماندا کاتێک کە لە کایەیەکی وەک ئەم باسەدا بەکاربهێنرێن. دیسان بە ڕێگەیەکی تریش ئەتوانین قەوارەی بەکارهێنانی "بوون" و "ئاماژە" فراوان بکەین ئەویش

[1] علم الدلالة: پاڵمەر: ٣٧.

به بەستنیانەوە بەو پێکهێنەرە دیمانەکیانەی (النقریه) زانست، واتە ئەو زیندەوەرانەی کە بەچاو نابینرێن وەک ئەتۆمو جینەکان و تەنانەت بۆ ئەو شتانەش کە بەتەواوی نابینرێن، لەبەرئەوەی بوونی مادییان نییە .
لێکۆڵینەوە دەربارەی ئاماژە بۆمان دەرئەخات هەندێ یەکەی (دانەی) زمانی هەیە کە پەیوەندی ئاماژەی نییە لەگەڵ هیچ شتێک لە دەرەوەی زماندا وەک: "زیرەک"، باش...هتد لەگەڵ ئەوەشدا کە زانای دەروون یان فەیلەسوف ئەتوانێ بە گریمان "بوون" بۆ ئەم جۆرە وشانە دابنێت لە دەرەوەی زمان، لە چوارچێوەی بیردۆزەیەکی دیاریکراودا کە سەر بە زانستی دەروون یان زانستی رەوشت (أخلاق) بێت.
دیسان ئەتوانێت ئەم راستیەش بسەلمێنێت بەهۆی چەند جۆرە پێناسەیەکی ئاماژەیی (التأشیریه)وە، بەڵام ئەمەش کارناکات لەو بیرە گشتیە کە "ئاماژە پێویستی بە بوونە."
دوو خاڵی تر دەربارەی ئاماژە پێویستی بە روونکردنەوە هەیە:
1) باوەڕهێنانمان بەو بیرۆکەیەی کە "هەموو دانەیەکی فەرهەنگی دیاریکراو ئاماژەیە بۆ شتو تایبەتی لە دەرەوەی زمان"[1]، ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە بەشێوەیەکی مەنتیقی پەسەندی ئەو گریمانە ئەکەین کە هەموو ئەو شتانەی بەهۆی واژەیەکی دیاریکراوەوە ناسراون لامان پۆلێکی سروشتی (A natural class) پێک ئەهێنن.
2) مەرج نییە ئاماژەی کەرەسەی فەرهەنگی تەواو وورد بێت بە ڕادەیەک وای لێبکات هەمیشە روونو دیاریکراو بێت، هەروەک بۆمان دەرکەوت

[1] علم الدلالة: لاینز: ٤٥.

پێویست نییە لە گفتوگۆی رۆژانەدا ئەم جۆرە ووردیو روونییە هەبێت، چونکە زۆرجار سنووری ئاماژەیی کەرەسە فەرهەنگیەکان روون نییە.
بۆ نموونە ناتوانین سنورێکی تەواو جیاکەرەوە دابنێین لەنێوان (چیاو گرد)، (مریشک و جووجەڵە)، و (سەوزو شین)دا، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت کە چەمکی ئاماژە ناسەلمێنرێ (لا تنگبق) لەسەر ئەم جۆرە وشانە، چونکە یەکێک لە تایبەتییەکانی زمان ئەوەیە کە پۆلێن کردنی فەرهەنگی دیاریکراو ئەسەلمێنرێ بەسەر جیهاندا، بەڵام سنوورێکی لەخۆوەی بۆ دائەنێ لە شوێنی جیاجیادا. لە راستیدا ئەم جۆرە سنووردانانەش نابێتە هۆی سەرنەکەوتنی کار پەیوەندی کردن (یان تێگەیشتنی هەڵە) چونکە هەروەک لەسەرەوە روون بۆوە پۆلێن کردنی وورد بۆ شتو دانانی لەژێر پۆلێکی فەرهەنگیی دیاریکراودا کارێکی گرنگ نییە هەمیشەو هەرکاتێکیش گرنگ بوو ئەوا پەنا ئەبرێتە بەر رێگای تر بۆ پێناسینو دیاریکردنی. بۆ نموونە: ئەگەر ویستمان لەرێی ئاماژەوە "ژن" لە "کچ" جیابکەینەوە ئەوا ئەتوانین پەنا بەرینە بەر ناوو تەمەنو رەنگی قژو جلوبەرگ...هتد. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاماژەی "کچ" لەگەڵ "ژن"دا بەیەکدا ئەچنەوە. بەڵام ئەو دوو وشەیە هاوواتا نینو لە رووی تەمەنەوە هەردووکیان دیاریکراون و لە زۆرباردا هەریەکێکیان راستە. ئەم ناوو وردییەی ئاماژە بەلای هەندێ لە فەیلەسووفەکانەوە کەموکورتییە لەکاتێکدا کە هەر ئەم هۆیەیە زمانی وای لێکردووە کە ببێت بە چەکێکی کاریگەری پەیوەندیکردن (واتە بەشێوەیەکی سەرکەوتووتر هەستی بە کاری لەیەکتر گەیشتن). و لەهەمان کاتیشدا ووردی تەواو کارێکی یەکجار سەختەو هەرگیز نایگەینێ لەبەر بوونی ژمارەیەکی بێ پایان لە جیاوازی لەنێوان شتەکاندا.

کتێبە زمانەوانییەکان لە لێکۆڵینەوەی پەیوەندی ئاماژەیی زۆر قووڵ نابنەوە لەبەرئەوەی پەیوەندیەکی فەلسەفییە زیاتر لەوەی زمانەوانی بێت. هەروەک لە نموونەی ئەو "چیایە بچووکە"و "ئەم مشکە گەورەیە"دا لە رووی مەنتیقەوە "گەورە" قەوارەیەکی فراوانتری هەیە لە "بچووک"، بەڵام دانانی "گەورە" لای مشکەوەو "بچووک" لای چیاوە پێچەوانەکەی ئەگەیەنێت. کەواتە لە پەیوەندی ئاماژەییدا جێی مەنتیق نییە، هەروەک چۆن هیچ لێکدانەوەیەکی مەنتیقی نییە بۆ هەڵبژاردنی "ئازاد" بۆ ناونانی "کوڕ"، چونکە هەڵبژاردنێکی کاتییەو ناونانێکی لەخۆوەیە، ناونانی لەخۆوەش یەکێکە لە تایبەتییە سەرەکییەکانی زمان کە بەهۆیەوە جۆرە چالاکییەک بەدەست ئەهێنێت.

شوێن - Sense[1]:

پەیوەندی شوێن ئەو پەیوەندیە ئاڵۆزەیە کە لەنێوان کەرەسە زمانییەکان (بەتایبەتی وشەکان) خۆیاندا هەیە، واتە تەنیا گرنگی بە پەیوەندییەکانی ناوەوەی زمان ئەدات[2]. فەرهەنگ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گرنگی ئەدات بەم جۆرە پەیوەندییە، چونکە رێکخستنی فەرهەنگ بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنچینەی رێکخستنی پیتەکان[3].

بەپێی بیروڕای رۆنەرەکان (الترکیبیین) – سوسێرو لایەنگرەکانی – هەر کەرەسەیەکی زمان شوێنێکی هەیە لە پەیڕەوێکی دیاریکراودا، و ئەرکو نرخی هەریەک لەو کەرەسانەش لەو پەیوەندییەدایە کە ئەیبەستێت بە کەرەسەیەکی

---

[1] زاراوەی شوێن بەرامبەر "الترابط" و "الموضع" و "المدلول"ی عەرەبیە کە مجید الماشطة و یوئیل عزیز بەرامبەر "Sense" بەکاریان هێناوە.

[2] علم الدلالة: پاڵمەر: ٣٧.

[3] هەمان سەرچاوە.

ترەوە لەهەمان پەیڕەودا. پەسەندکردنی ئەم رایەش دوورمان ئەخاتەوە لەو کێشانەی لێدوانێکی زۆریان لەسەرە لە رووی دەروونی و فەلسەفییەوە، واتە ئەو شیکردنەوە لێکۆڵینەوانەی سەر بەم پەیوەندییەن سەر بە زانستی زمانن: کە زانستێکی بابەتییە objective – وەک ماتماتیک، بەواتای ئەوەی کە جێی هەستی کەسی تێدا نابێتەوە. ئەم بابەتییەو دیسان گرنگیدانی ئەم پەیوەندییە بە کەرەسەکانی ناوەوەی زمان، بووە هۆی ئەوەی کە زانایانی زمان ئەرگی گرنگی پێدانو شیکردنەوەی بخەنە ئەستۆی خۆیان بەشێوەیەکی زۆر قووڵتر لە پەیوەندی ئاماژە. ئەوەی لامان ئاشکرایە ئەوەیە کە بەشێک لە واتای هەموو کەرەسەیەکی زمان بەهۆی شوێنەکەیەوە، دیاریکراوە. بەواتایەکی تر، واتای فەرهەنگی هەر کەرەسەیەک بەشێکە لە واتاکەی لە رستەدا. پەیوەندی شوێنی دوو کەرەسەی فەرهەنگی یان زیاتر بەیەکەوە ئەبەستێت بەهۆی واتاوەو چەندین دیاردەی گرنگ وەک (هاوواتایی) ئەهێنێتە کایەوە. تەنانەت لەناو ئەو کەرەسانەشدا کە ئاماژەیان نەبێت یان ئاماژەکانیان وەک یەک نەبن.

بەم شێوەیە هەردوو پەیوەندییەکە (ئاماژەو شوێن) لەیەکتر جیائەبنەوە. ئەم جیاکردنەوەیەش بۆ یەکەمجار لەلایەن (لاینز)ەوە ئەنجامدراوە، پێش ئەم هەردووکیان وەک یەک پەیوەندی لێیان کۆڵراوەتەوە. جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆرە پەیوەندییە بایەخێکی تەواوی ئەبێ پێبدرێ چونکە هەموو پەیوەندییە واتاییە دێرینەکان (هاوواتایی، جیاوازی، دژواتایی...هتد) بەزۆری بەندن بە شوێنەوە نەک ئاماژە. تێنەگەیشتنی ئەم راستیە بۆماوەیەکی درێژ بۆتە هۆی سەرلێشێواندن لەناو زمانەوانەکاندا، بۆ نموونە، هەندێ لە زانایانی زمان لەگەڵ ئەوەدا نین کە "هیچ کاتێک دوو کەرەسە هاوواتا نابن و راستی و تەواوی لە دەمێکی دیاریکراودا تا هاوواتا نەبن لە هەموو ئەو دەقانەی تیایدا یەن". بۆ ئەم بەرپەرچدانەوەیەش

پەنا ئەبەنە بەر جیاکردنەوەی واتای هۆشەکی و کێشەکی (Congnitive and Emotive) هەرچەندە ئەم جیاکردنەوەیەش لەخۆیدا روون نییە، ئەم ناروونییە لە نرخی واتای کێشەکی کەم ناکەنەوە، چونکە رەنگدانەوەی لایەنە ویژدانییەکەی کە وشە لە بەکارهێنانیدا وەری ئەگرێت ناتوانرێت بخرێتە پشت گوێ. هەر ئەم هۆیەشە وا لە قسەکەر ئەکات کە کەرەسەیەک پەسەند بکات بەسەر یەکێکی تردا لەکاتی دواندا بۆ گەیاندنی هەمان مەبەست، بۆیە هیچ کاتێک نابێت دوو وشە هەمان واتای هۆشەکیو کێشەکییان هەبێت لە هەموو دەمێکدا کە یەن. کەواتە مەرجی هاوواتایی[1] نابێت هاتنی کەرەسە بێت بەهەمان واتا لە هەموو دەقێکدا. دیسان گریمانێکی تر هەیە کە واتاناسەکان دایانناوە کە ئەڵێت "هاوواتایی پەیوەندی پێکەڵ بوونە (تطابق) لەنێوان دوو شوێن (یان زیاتر)دا کە هەریەکەیان بەشێوەیەکی سەربەخۆ پێناس کرابن، واتە واتای فەرهەنگیان دیاریکرابێت". بەواتایەکی تر کاتێک کە بمانەوێت بزانین دوو وشەی وەک (أ و ب) هاوواتان ئەبێت بزانین کە هەردووکیان هەمان ئاماژەو هەمان شوێنیان هەیە. کەواتە لێرەدا بەم شێوەیە پێناسی هاوواتا ئەکرێت: "دوو کەرەسە (یان زیاتر) هاوواتا ئەبن ئەگەر لەناو دوو رستەدا جێ گۆڕکێیان پێ بکرێت، و ئەو دوو رستەیە هەمان واتایان هەبێت". ئەمەش ئەوەمان بۆ روون ئەکاتەوە کە هاوواتابوونی کەرەسە فەرهەنگیەکان بەشێکە لە شوێنەکانیان. یان بەشێوەیەکی گشتی تر ئەڵێین "دیاریکردنی شوێنی کەرەسەیەک دیاریکردنی هەموو جۆرە پەیوەندییە شوێنییەکانە (کە هاوواتایی یەکێکە لەوان) کە بەهۆیەوە لەگەڵ کەرەسەکانی تر رێک ئەکەوێت. شایانی سەرنجە کە دوو جۆر پەیوەندی شوێنی هەیە:

1- پەیوەندی ستوونی.

---

[1] (لاینز) بۆ روونکردنەوەی گرنگی پەیوەندی شوێن و جیاکردنەوەی لە پەیوەندی ئاماژە و دیسان بۆ روونکردنەوەی گرنگی واتای کێشەکی و چەندین مەبەستی تر کە پەیوەندی راستەوخۆی بە واتاوە هەیە ئەبینین کە (هاوواتایی)ی کردووە بە بە نموونە، ئەمەش ئەوە دەرئەخات کە هاوواتایی گرنگترین و روونترین پەیوەندییە شوێنییەکانە.

2-   پەیوەندی ئاسۆیی (لە بەشی دووەمدا باسیان کرا).
پاش پێناسەی "شوێن" بەپێی چەند رایەکی جیاوازو چەند قوتابخانەیەکی جیاواز پێویستە بێینە سەر ئەو دیاردە زمانییە گرنگانەی کە لە ئەنجامی پەیوەندی شوێن لە زماندا دەرکەوتووەو هەندێکیان بوونەتە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان.

هاوواتایی – Synonymy:
بەشێوەیەکی گشتی دوو بۆچوون هەیە بۆ پێناسەی "هاوواتایی" کە یەکێکە لە گرنگترین پەیوەندییە شوێنیەکان:
1.   دوو کەرەسە هاوواتا ئەبن ئەگەر هەمان شوێنیان هەبێت، (کە ئەم بۆچوونەیان ئێستا لە زۆرترین بیردۆزەکانی هاوچەرخدا هەیە)[1].
2.   دوو کەرەسە کاتێک هاوواتا ئەبن کە لە هەندێ شوێندا جێی یەکتری بگرنەوە، چاوخشاندنێک بە فەرهەنگدا بۆمان دەرئەخات کە چەندین وشە وەک: شۆخ و شەنگ و قەشەنگ هاوواتان لەگەڵ وشەی جوانداو لە زۆر چوارچێوەدا جێی ئەگرنەوە[2].
بەلای هەندێک زمانەوانەوە، هاوواتایی پلەی هەیە، واتە هەر کۆمەڵێک لە کەرەسە فەرهەنگیەکان ئەتوانرێ ریز بکرێت بەپێی پلەی لەیەکچوونو جیاوازی لە شوێنەکانیاندا. بۆنموونە (أ) و (ب) کە لە رووی شوێنەوە یەک بن ئەوا هاوواتای تەواون، و کە (أ) و (ج) لە رووی شوێنەوە تاڕادەیەک لەیەکتر بچن ئەوا هاوواتایی

---

[1] علم الدلالة: لاینز: ٧٣.
[2] ئەورەحمان حاجی مارف، لە وشەی زمانی کوردیدا، ١٩٧٥ لاپەڕە ٢٠ بەم شێوەیە پێناسەی هاوواتایی کردووە "هاوواتا بەو وشانە ئەڵێن کە یەک مانا ئەبەخشن یاخود مانایان لێک نزیکە، بەڵام لە خوێندنەوە و نووسیندا جیاوازن" هەرچی (محمود فهمي حجاز)یە لە لاپەڕە (٢٦١) ی (الترادف في اللغة – ١٩٨٠) ی حاکم مالک لعیبی ئەڵێت "هیچ کاتێک دوو وشە یان زیاتر رێکناکەوێت کە سێبەرە واتاکانیان تەواو یەک بن، بەڵام ئەوەندە هەیە کە لە هەندێ وشەدا مەبەستەکانیان زۆر لەیەکتر نزیک ئەبنەوە." زۆربەی ئەو زانایانەی باوەڕیان بە بوونی هاوواتایی تەواو نییە، لەسەر ئەم رایەن بە بەڵگەی ئەوەی واتای کێشەکی هەموو کاتێ لە کەسێکەوە ئەگۆڕێت بۆ کەسێکی تر.

ناتەواون‌و (أ) و (د) کە کەمتر شوێنەکانیان لەیەکتر بچێت ئەوا پلەی هاووتاییان کەمترە لە ناتەواو و...هتد.

بەم پێیە هاوواتایی (لەسەر بنچینەی پلەکردن) ئەکەین بە دوو بەشی سەرەکییەوە:

1) هاوواتایی تەواو (یان راست) – Complete Synonymy:

لەیەکچوونی واتای دوو وشە (یان زیاتر) بەجۆرێک کە هەریەکەیان بتوانرێت لەجێی ئەویتریان دابنرێت لە هەموو دەقێکدا کە تیایدا یەن بەبێ هیچ جۆرە گۆڕانێک لە واتای هۆشەکی‌و کێشەکیدا. وەک (شادمان و بەختیار و کامەران، پێ خۆشحاڵ) و (سەیرم کرد، تەماشام کرد، تێم ڕوانی)[1].

2) هاوواتایی ناتەواو – Partial Synonyms:

نزیکبوونەوەی مەبەست یان واتای وشەکانە لەیەکتری، بەشێوەیەک کە لە چەند دەقێکدا جێی یەکتر ئەگرنەوە، بەڵام ئەم جێ گرتنەوەیە ناشێت لە دەقی تردا[2]. وەک: (بەند و گیراو)، (ئازاد و بەرەڵڵا)، (ووریا و زیرەک). ئۆڵمان ئەڵێت: "هاوواتای تەواو زۆر بەدەگمەن لە زماندا ئەبینرێت، چونکە هاتنە کایەوەی ئاسان نییەو شتێکی زیادیشە"[3]. بەپێی ئەم وتەیەی ئۆڵمان هاوواتایی بەو وشانە ئەوترێت کە ئەتوانرێ لەجێی یەکتر دابنرێن لە چەند دەقێکدا بەمەرجێ هیچ گۆڕانێک لە واتای هۆشەکی‌و کێشەکیدا روونەدات. لەبەر گرنگی رۆڵی واتای کێشەکی لە دیاریکردنی هاوواتاییدا زۆر لە زمانەوانەکان لە واتای هۆشەکیان

---

[1] هەر لە کۆنەوەو تائێستاش دەربارەی بوون و نەبوونی هاوواتایی مشتومڕێکی زۆر هەیە. ئەرستۆ یەکەم کەس بووە کە باوەڕی بە بوونی ئەم دیاردەیە نەبووەو وتوویەتی: "هەڵەیە ئەگەر بڵێین دانانی زاراوەی جیاواز بەیەک واتا هیچ نابێتە هۆی گۆڕان لەو واتایەدا، چونکە هەندێ زاراوە هەیە شیاوترە لە یەکێکی ترو زاراوەش هەیە زیاتر واتای مەبەستەکە ئەگەیەنێ و روونترە لە یەکێکی تر". رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی "تولدکە"و زانا "فیرث"، بەلایانەوە ئەو وشانەی بۆ یەک شت بەکارئەهێنرێن، تایبەتییەکانی ئەو شتەن، لەپاڵ واتا بنچینەییەکەیدا. هەرچی بلۆمفیلدە لەم بارەیەوە ئەڵێت: "لەبەرئەوەی دوو کەرەسە لە رووی پێکهاتنی دەنگییەوە جیاوازن پێویستە واتاکانیشیان جیاواز بێت". زۆربەی ئەو زانایانەی باوەڕیان نییە بە هاوواتایی تەواو باوەڕیان بەم رایە هەیە. رای (محمود فهمي حجازي)یشمان خستە روو لەپێشتر لەم بارەیەوە، کە دیسان دژی هاوواتایی تەواو ئەوەستێت. سەرەنجام: زۆر گرانە لە راستیدا دوو وشە بەیەک واتا بمێنێتەوەو بژین لە زمانێکدا، چونکە ئەمە لە توانای زمان کەم ئەکاتەوە.

[2] الترادف في اللغة: ٦٩.

[3] علم الدلالة: لاينز: ٧٥.

جیاکردۆتەوە لەوباوەڕەوە کە زمان لە بەکارهێنانی ڕۆژانەدا، دوو هێزی جیاوازی هەیە، یەکێکیان مێشکەو ئەویتریان ئەندێشەو سۆزە. ئەندێشەو سۆز کارێکی زۆریان هەیە لەسەر قسەکەر، چونکە ڕەنگدانەوەی بەکارهێنانی کەسی کەرەسەکان (لەپاڵ واتا هۆشەکییە بنچینەییەکەی خۆیدا) دەرئەکەوێت، تەنیا لەو کەرەسانەدا نەبێت کە بۆ شێوازی زانستی بەکارئەهێنرێن دوورن لە هەستی کەسی. هەر هێزی هەستی کەسیشە یارمەتی قسەکەر ئەدات لە هەڵبژاردنی کەرەسەی شیاوداو پەسەندکردنی بەسەر کەرەسەی تردا بۆ گەیاندنی مەبەست. بەڵام ئەم گرنگییە هیچ کاتێک وامان لێ ناکات کە لایەنی کێشەکی پەسەند کەین بەسەر هۆشەکییدا لەکاتی پێناسەی هاوواتاییدا، چونکە هیچ کاتێک دوو وشە هاوواتا نابن ئەگەر لە واتای هۆشەکییدا لەیەکتر نەچن. واتە واتای کێشەکی نابێتە هۆی هاوواتایی لەپاڵ واتای هۆشەکیدا نەبێت.

هاوواتای ناتەواو چەند جۆرێکی هەیە:

أ- هاوواتایی بوون بەهۆی گرتنەوە (التچمين)ەوە:
ئەگەر رستەیەکی وەک (ڕ1) رستەیەکی تری وەک (ڕ2)ی گرتەوە، (ڕ2)یش (ڕ1)ی گرتەوە، ئەوا ئەو دوو رستەیە هاوتان .
بەشێوەیەکی تر :

ئەگەر ڕ1 > ڕ2
و ڕ2 > ڕ1
کەواتە ڕ1 ≡ ڕ2 [1]

ئینجا ئەم دوو رستە هاوتایە کە لەهەمان باری ڕێزمانیدا بن و جیاوازییان تەنیا لەوەدا بێت کە لە یەکێکیاندا کەرەسەیەکی فەرهەنگی وەک (س) هەیەو لەویتریاندا (ن)، ئەوا (س) و (ن) هاوواتا ئەبن.

ئاواتم ئەوەیە ئازاد سەرکەوتوو بێت.
ئاواتم ئەوەیە ئازاد دەرچێت.

ب- هاوواتایی بەهۆی واتای هۆشەکییەوە:
شایانی تێبینییە کە هەندێ وشە لە واتای هۆشەکیدا هاوواتان، بەڵام لە واتای کێشەکییاندا جیاوازن، وەک:

کچ = کیژ.
ژن = ئافرەت.
کەتە = زەبەللاح[2] .

هەندێ وشەش هاوواتان هەرچەندە تەنیا لە چەند فرێزێکدا بەیەک واتا یەن،

---

[1] > هێمایە بۆ پەیوەندی گرتنەوە.
≡ هێمایە بۆ هاوتابوون.
[2] زمانەوانی: ١٧٦.

وەک:

خۆی شاردەوە = "خۆی مەڵاسدا"

بەڵام "کتێبەکەی شاردەوە" ≠ "کتێبەکەی مەڵاسدا[1] ."

ج- هاوواتایی بەپێی هاتن لە دەقدا:

لەگەڵ ئەوەشدا کە هەموو پەیوەندییە شوێنییەکان پشت بە دەق ئەبەستن، بەڵام هاوواتابوون بەپێی دەق گرنگییەکی تایبەتی هەیە. دوو وشە (یان زیاتر) بەهۆی توانای هاتنیان لە دەمێکدا، هاوواتا ئەبن. بۆ نموونە وشەی "کڕی" و "پەیدای کرد" هەردووکیان بۆ یەکەم رستەی خوارەوەو "دێڵەکە" و "سەگەکە" بۆ رستەی دووەم ئەشێت:

1) چووە دەرەوە نانێکی........

2) .........دوو بەچکەی بوو[2] .

"کڕی" و "پەیدای کرد" هاوواتان، چونکە هەر کاتێک یەکێک روو بکاتە نانەواخانەیەک و بڵێت "ئەچم نانێک پەیدا ئەکەم" بەکارهێنانی "پەیدا ئەکەم" لەجێی "ئەکڕم" بێ هێزتر نییە لەوەی کە بڵێت: "نان ئەکڕم". هەرچی رستەی دووەمە وشەی "سەگ" خۆی بێ لایەنە، ئەتوانرێ لەجێی "نێرومێ" هەردووکیان دابنرێت، ئەمەش ئەچێتە ژێر جۆرە پەیوەندییەکی تری "شوێنی"یەوە کە (گرتنەوە – Hyponomy) یە، کە لەمەودوا دێینە سەر باسی ئەم پەیوەندییە. دیاردەیەکی تری سەرنج راکێشەر لەم جۆرە هاوواتایەدا ئەوەیە کە هەندێ جار دوو وشە تەواو دژی یەکن لە دەرەوەی چوارچێوەیەکی بەکارهێناندا، بەڵام لە چوارچێوەیەکی بەکارهێنانی

---

[1] زمانەوانی: ١٧٦.

[2] هەمان سەرچاوە.

دیاریکراودا هاوواتا ئەبن:
لێدانێکی چاکم لێدا.
لێدانێکی خراپم لێدا.

سەرچاوەی هاوواتایی:
دروستبوونی هاوواتایی لە زماندا ئەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک:
1. بوونی چەند دیالێکتێک و بەشە دیالێکتێک لە زمانێکدا بووە بەهۆی پەیدابوونی گەلێک وشەی هاوواتا:
لووت = کەپوو.
قـــژ = پرچ.
قـۆڵ = باسک.
چێشت = شیو = ئاش.
2. لە ئەنجامی بەکارهێنانی شێوازی جیاواز، وەک (جەناب = تۆ).[1] یان بەکارهێنانی زمانی زانستی (خوێ – سۆدیۆم کلۆراید).
3. هەرچەندە زۆر وشەی رەسەن هەیە لە زمانێکی دیاریکراودا، لەگەڵ ئەوەشدا وا رێک ئەکەوێ کە بۆ هەمان واتا لە زمانی ترەوە وشە یەتە زمانەکەوەو لەگەڵ وشە رەسەنەکەدا ئەبن بە هاوواتا:
زەوی = ئەرز = عەرد
مەردوم = مرۆڤ = ئینسان
هەژار = فەقیر.[2]

---

[1] زمانەوانی: ١٧٦.
[2] وشەی زمانی کوردی: ٢٢.
– مامۆستا ئەورەحمان وشەی (زەوی) وا دیارە بە ڕەسەنی داناوە، لە کاتێکدا کە زۆر سەرچاوە کۆنەکان دەری خستووە کە لە هەموو زمانە هندۆ ئەوروپییەکاندا وشەی (ئەرد) ڕەسەنە.
– مامۆستای ناوبراو وشەکانی (دامێن و داوێن)، (هشک و وشک) ی بە جۆرێک لە جۆرەکانی هاوواتایی داناوە، لە کاتێکدا کە (حاکم مالک لعیبي) لە لاپەڕە (٦٦) ی (الترادف في اللغة) دا ئەڵێت: "بە رای زمانەوانە هاوچەرخەکان یەکێک لە مەرجەکانی هاوواتایی ئەوەیە کە نابێت یەکێک لەو دوو وشەیەی بە هاوواتای دائەنێین، لە ئەنجامی گۆڕانی یەکێک لە دەنگەکانی ئەویتریان هاتبێتە کایەوە".

4. هەندێ جاریش هۆی هاتنەکایەی هاوواتایی ئەگەڕێتەوە بۆ خۆشکردنی هەندێ دیاردە کە خۆیان ناخۆشن، وەک: مردن، نەخۆشی...هتد. بەکارهێنانی وشەی "مردن" لە هەندێ باردا کارئەکات سەرباری دەروونی مرۆڤ بۆیە بەهۆی چەند رستەیەکی وەک (چرای ژیانی کوژایەوە، عەمری خوای کرد، کۆچی دوایی کرد...هتد) دەرئەبڕرێت[1].

ئەوەی شایانی باسە نابێت لەبیرمان بچێت کە کات رۆڵی هەیە لە دیاریکردنی پەیوەندی هاوواتاییدا، واتە ئەو دوو وشەیەی کە بە هاوواتا دائەنرێن پێویستە لەیەک کاتدا بەکاربهێنرێن.

## دژواتایی – Oppositieness of Meaning

پەیوەندی دژواتایی لە کۆنەوە بە یەکێک لە گرنگترین پەیوەندییە شوێنییەکان ناسراوەو ڕای جیاجیای لەسەر بووە، لەبەرئەوەی هەندێ لە واتاناسەکان دایاننناوە بە تەواوکەری هاوواتایی لەکاتێکدا کە ئەم دوو پەیوەندییە شوێنییە جیاوازن لە یەکتر. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە زۆر لە زمانەوانەکان نەیانتوانیوە کە گرنگی تەواو بدەن بە جۆرە جیاوازەکانی دژواتایی.

لێرەدا ئێمە بەمەبەستی ئاسانکردنی لێکۆڵینەوەکەمان لەسەر ئەم جۆرە

---

لە لایەکی تریشەوە تەنانەت (د. ئەوڕەحمان) خۆشی لە لاپەڕە (٢١)دا دەربارەی نموونەکانی خۆی کە بە هاوواتای داناوە، ئەڵێت "ئەم وشانە خۆیان لە ڕەسەندا هەر یەکن و لە ئەنجامی گۆڕان لە یەکێک لە دەنگەکاندا وشەکەی تریان هاتۆتە کایەوە" بەپێچەوانەی ئەو پێناسانەی هاوواتایی کە روونی ئەکاتەوە کە پەیوەندییەکە کە لە نێوان دوو وشەی جیاوازدا.

[1] ئەم دیاردەیە ؛ە زۆربەی زمان سروشتیەکاندا بەدی ئەکرێت، وەک لە زمانی فەرەنسیدا بەرامبەر "ئەمرێت" وشەی (لەناوئەچێت – Perir) و (تێپەڕ ئەبێت – Fasser) و (ئەپەڕێتەوە – Trepasser) بەکار ئەهێنن و لە ئەڵمانیدا بەرامبەر "مرد" (دیارنەما – Vergehen) و (ڕەنگی نەما – Verbleichen) بەکار ئەهێنن. ئەم نموونانەم لە (الالفاظ اللغوية) ی د. عبدالحميد حسن، ١٩٧١ لاپەڕە ٧٢ وەرگرتووە.

پەیوەندییەو بۆ روونکردنەوەی بەدوای لاینزدا[1] ئەیکەین بە سێ بەشەوە:

1) بەرامبەری – Converseness:

ئەم جۆرە لە پەیوەندی دژواتایی ئەتوانین بەو پەیوەندییە روون کەینەوە کە لەنێوان (نێرومێ)، (کچو ژن)دا، تێبینی ئەکرێت. "نێر" بەرامبەر "مێ" و "کچ" بەرامبەر "ژن"ە.

یەکێک لە تایبەتییەکانی ئەم جووتە کەرەسانە ئەوەیە کە ناکردنی (نفی) یەکێکیان بریتییە لە پەسەندکردنی یان سەلماندنی ئەویتریانو دیسان سەلماندنی یەکێکیان ناکردنی ئەویتریانە، بەم پێیە رستەی: نەسرین کچە.

رستەی: (نەسرین ژن نییە). ئەگرێتەوە.

و نەسرین ژنە.

رستەی (نەسرین کچ نییە) ئەگرێتەوە.

"بەرامبەری" بارێکی تایبەتی پەیوەندی "جیاوازییە" کە لەنێوان دوو کەرەسەدا هەیە، جیاوازیش وەک لەمەودوا روونی ئەکەینەوە، سەلماندنی هەریەکێک لە دانەکانی ناکردنی یەکێکە لە دانەکانی تری کۆمەڵەکە لەکاتێکدا کە بە جیاجیا وەریان بگرین (سور ~ شین و ~ سەوز ~ رەش...هتد)[2].

و ناکردنی هەر دانەیەک لە کۆمەڵەکە هەڵبژاردنی یەکێک لە ئەندامەکانی تر

---

[1] علم الدلالة: لاینز: ٩٥.

[2] ( ~ ) نیشانەی ناکردنە.

ئەگریتەوە(~ سور یان سەوز یان شین یان....هتد) ئەو کۆمەڵانەی کە لە دوو کەرەسەی جیاواز پێکهاتوون، هەریەک لە کەرەسەکان یەک کەرەسە بەرامبەریانە وەک لە "نێر" و "مێ"داو ئەو کۆمەڵانەی لە چەند کەرەسەیەکی جیاواز پێکهاتوون ئەوا هەر کەرەسەیەک زیاتر لە کەرەسەیەک بەرامبەرێتی.

خاڵێکی تریش لەم جۆرە پەیوەندییەدا شایانی تێبینی کردنە ئەویش ئەوەیە کە لە بەکارهێنانی دوو زاراوەی وەک "کوڕ" و "پیاو" کە وەک بەرامبەرێک بۆ یەکتری تەماشایان ئەکەین پێویستە لە سەرەتاوە ئەوە بزانین کە بەپێی پێوەرێکی پەسەندکراو لە رووی شارستانێتییەوە کە ژنهێنانە دانراوە، "کوڕ" ئەبێ توانای ژنهێنانی هەبێت ئینجا ئەبێت بە بەرامبەر بۆ "پیاو". هەریەک لە وشەکانی بەرامبەری جەمسەرێک ئەگرن و لەنێوانیاندا پلەی تر نییە[1].

2) پێچەوانەیی – Antonymy:

ئەم جۆرە پەیوەندییە بە بەراوردکردنی وشەی "خراپ" و "چاک"، "گەورە" و "بچووک"، "درێژ"و "کورت"، "سارد" و "گەرم" و دەیان وشەی تر دەرئەکەوێت.[2]

دیارترین تایبەتی لەم جۆرە پەیوەندییەدا، توانای پلەکردنە بە رێکوپێکی، ئەم پلەکردنەش پەیوەندییەکی زۆری هەیە بە بەراوردکردنەوە. کەواتە پلەداری بەراوردکردن ئەگەیەنێت.

بەراوردیش لەوانەیە یان ئاشکرا یان نەدرکاو بێت.

بەراوردکردنی ئاشکراش دوو جۆرە[3].

---

[1] زمانەوانی: ١٧٧.

[2] هەمان سەرچاوە.

[3] هەمان سەرچاوە.

بەراوردکردن لەوانەیە لەنێوان دوو شتدا یان دوو کەسدا بێت کە پەیوەندی بە تایبەتییەکی دیاریکراوەوە هەبێت، بەڵام لە یەکێکیاندا پلەیەکی بەرزتری هەبێت وەک:

خانووەکەمان لە خانووەکەی ئێوە گەورەترە.

ئازاد ئیمساڵ لە پار زیرەکترە.

هەندێ جار ئەتوانین جۆرە تەم و مژێک بەجێ بهێڵین کە خوێنەر لای روون نەبێت بەوەی نەزانێ بەراوردەکە لەنێوان دوو کەسدایە یان لەنێوان دوو حاڵەتدایە:

ئازاد وورياترە......

یان (لە شازاد).

و یان (لە پاری خۆی).

یان لەوانەیە هەردوو جۆرە بەراوردەکەی پێشوو لە یەک رستەدا بێت:

خانووەکەمان گەورەترە لە جارانی خانووەکەی ئێوە.

ئازاد لە جارانی باوکی درێژترە.

ئەتوانین ئەو دوو بەراوردەی رستەکانی سەرەوە بەپێی هاوکێشەیەک دەربڕین:

بەراوردکردنی (دن1 + أ + ک1) (دن2 + أ + ک2).

(دن) هێمایە بۆ دەستەواژەی ناوی، (أ) هێمایە بۆ ئەو بەشە لە رستەکان کە بەراورد ئەکرێت، (ک)یش هێمایە بۆ کات (رابووردوو یان ئێستا یان داهاتوو).

هاوکێشەکە بەم شێوەیە شی ئەکرێتەوە:

بەراوردکردنی {(خانووەکەمان، گەورە) کاتی ئێستا} {(خانووەکەتان، گەورە) کاتی رابووردوو}

ئەم شیکردنەوەیە لەگەڵ ئەوەشدا کە تەواو وورد نییە، بەشە گۆڕاوەکانی

دیاری کردووە. وەک لە رستەی (خانووەکەمان لە جارانی خانووەکەی ئێوە گەورەترە) کە ناتوانین پشت بە شیکردنەوەی ئەو دوو رستەیە ببەستین کە پێکهاتنیان بەم شێوەیەیە:

(خانووەکەمان گەورەیە.)

و (خانووەکەتان گەورەیە.) – وەک لە هاوکێشەکەدا هاتووە.

چونکە لە رستەی سەرەوەدا بەپێی شیکردنەوەی واتایی بۆمان دەرئەکەوێت کە هەردوو دەستەواژەکە جیاوازن، واتە: دن1 ≠ دن2

دیسان ک1 ≠ ک2

جۆرێکی تر لە بەراورد هەیە کە وەک رستەکانی تر لە رووکەشدا دیار نییە بەهۆی (تر.....لە)وە دەرنەبڕراوە، بەڵکو هەر لە واتای گشتی رستەکە روون ئەبێتەوە.

ئازاد کوڕێکی ئازای پۆلەکەیەتی.

مەبەست ئەوەیە کە "ئازاد" لە هەندێکیان ئازاترەو هەندێکیان لەو ئازاترن .

ئەبێ ئەوەش بزانین کە ئەو وشانەی ئەم جۆرە دژایەتییەیان تێدایە لە هەندێ رۆناندا پلەکانیان وون ئەکەن، واتە هەست کردن بە "بەراورد" کەم ئەبێتەوە. و ئەتوانین بڵێین هەر نامێنێت، بۆ نموونە:

گەورەیی خانووەکەت چەندە؟

قووڵی چەمەکە چەندە؟

شەقامەکە درێژی چەندە؟

ئەم رستانە ئەوە ناگەیەنن کە (خانووەکە گەورەیە) یان (چەمەکە قووڵە) یان (شەقامەکە درێژە) بەڵکو پلەکانیان دیار نییەو بێ لایەنن.

شایانی تێبینی کردنە کە هەر ئەو تایبەتییە بەراوردکردنەیە کە ئەم جۆرە دژواتاییە لە جۆرەکەی پێش خۆی جیائەکاتەوە بووە بەهۆی ئەوەی کە لەم جۆرەیاندا ناکردنی یەکێکیان مەزح نەبێت بۆ سەلماندنی دووەمیان، واتە دوو وشەکە دوو جەمسەریان

گرتووە، بەڵام پلە لەنێوانیاندا هەیە، چونکە کە ئەڵێین (پیاوێکی ئازا نییە) مەرج نییە کە پیاوێکی ترسنۆک بێت، واتە هەڵبژاردنی یەکێکیان ئەویتریان ناگەیەنێ.

3) تەواوکەری – Complementarity:

سێیەمین پەیوەندی دژایەتی، ئەو پەیوەندییەیە کە لەنێوان "کڕین" و "فرۆشتن"، "ژنهێنان" و "شوکردن"، "دان" و "وەرگرتن"دا دەرئەکەوێت. پەیوەندی تەواوکەری لەگەڵ پەیوەندی بەرامبەریدا، بەرامبەر یەک ئەوەستنەوە هەروەک چۆن (دن1)، (دن3)ی لە (دن2) کڕی ئەوە ئەگرێتەوە وەک (دن2) (دن3)ی فرۆشت بە (دن1)، کە پەیوەندییەکی تەواوکەرییە:

ئازاد خانووەکەی فرۆشت بە شازاد.

شازاد خانووەکەی لە ئازاد کڕی.

دیسان (شازاد کتێبەکەی دا بە بەگزاد.)

ئەوە ئەگرێتەوە کە (بەگزاد کتێبەکەی لە شازاد وەرگرت.)

لە هەردوو نموونەکەی پێشوودا، تاکێک لە دوو وشە بەرامبەرەکە لە رستەیەکیاندایەو تەواوکەرەکەی لە رستەکەی تردایە. ئەم دیاردەیەش بەندە بەو گۆڕانە رێزمانییەی کە لە ریزبوونی هەردوو رستەکەدا رووئەدات.

ئەو وشانەی کە تایبەتن بە پەیوەندی خزمایەتیو پایەی کۆمەڵایەتی نموونەیەکی زۆرمان ئەدەنێ لەسەر پەیوەندی تەواوکەری. رستەی (دن1) خاڵۆزای (دن2)ە، ئەوە ئەگرێتەوە کە (دن2) پوورزای (دن1)ە.

ئازاد خاڵۆزای شازادە.

شازاد پوورزای ئازادە.

دیسان (دن1) مێردی (دن2)ە، (دن2) ژنی (دن1)ە ئەگرێتەوە .

ئازاد مێردی نەسرینە.
نەسرین ژنی ئازادە.
ئەگەر (دن1) باوکی (دن2) بێت، ئەوا (دن2) کوڕی (دن1)ە.
شەماڵ باوکی شازادە.
شازاد کوڕی شەماڵە.
هەندێ کەرەسەی فەرهەنگی هەیە کە هەمان پەیوەندی گۆڕینەوە (وەک تەواوکەری) لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام ناتوانین دایان بنێین بە تەواوکەری[1]، وەک:
(دن1) پرسی لە (دن2).
ئازاد لە شازادی پرسی ≠ شازاد وەڵامی ئازادی دایەوە.
ئازاد پرسی لە شازاد ناوت چییە؟≠
لەوانەیە ئەوە بگرێتەوە کە (شازاد) وەڵامی (ئازاد)ی دایەوە، و لەوانەشە ئەوە بگرێتەوە کە (شازاد) وەڵامی (ئازاد)ی نەدایەوە.
هەروەها: ئازاد دیاریەکی پێشکەش کرد بە نەسرین.
لەوانەیە ئەوە بگرێتەوە کە "نەسرین دیارییەکەی وەرگرت."
یان "نەسرین دیارییەکەی گێڕایەوە". و.......هتد.
ئەوەی شایانی تێبینییە ئەوەیە کە ئەم تایبەتی گۆڕینەوەیە هەمان پەیوەندییە کە زۆرجار لەنێوان رستەی کارادیارو کارابزردا هەیە.
(دن1)، (دن2)ی کوشت. ئەوە ئەگرێتەوە کە (دن2) کوژرا لەلایەن (دن1)ەوە.
شێرزاد بەهزادی کوشت.
بەهزاد کوژرا. (لەلایەن شێرزادەوە).

[1] علم الدلالة: لاينز: ١٠٩.

یان   بەهزاد (بەدەستی شێرزاد) کوژرا.

گرتنەوە – Hyponomy:[1]

یەکێکە لە پەیوەندییە گرنگەکانی شوێن. زاراوەی گرتنەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە نوێیە، بیرێکی زۆر کۆنەو یەکێکە لە بناغەکانی پێکهاتن لە ڕێکخستنی دانەکانی هەموو زمانێکدا. بەم پێیە گرتنەوە ڕەنگدانەوەی تایبەتیەکی مێشکە: توانای پۆلێن کردن یان دابڕین[2].

"ڕەنگ" بۆ نموونە: کە زاراوەیەکی گشتیە باڵ ئەکێشێ بەسەر سپیو ڕەشو سورو سەوزو زەرد... واتە هەموو ڕەنگەکان. هەروەک وشەی خۆشەویستیو ڕق و ترس و کینە ئەگرێتەوە. کەواتە گرتنەوە: دۆزینەوەی ئەندامانی پۆلێکە. گوڵ (پۆل)، گوڵەباخ و مێخەکو نەسرینو دالیا (ئەندامانی پۆل) ئەگرێتەوە.[3] واتە هەر وشەیەک یان زاراوەیەک تا زیاتر گشتی بێت، کەمتر دیاریکراوەو بەپێچەوانەشەوە. وشەی (گوڵ) گشتیترە لە (مێخەک) لەبەرئەوەی نیشانەیە بۆ پۆلێکی فراوانتر. بەڵام (مێخەک) دیاریکراوترەو تایبەتیترە، لەهەمان کاتدا. هەر لەبەرئەمەشە کە (گرتنەوە) لە خۆیدا تەم و مژاوییە. فراوانی و چڕی بەشێوەیەکی پێچەوانە بەرامبەر یەک ئەوەستن لەم جۆرە پەیوەندییەدا، واتە هەرچەند زاراوەکە فراوانتر بێت یان ژمارەیەکی زۆرتر شت بگەیەنێت ئەوا چڕی کەم ئەبێتەوە وەک (گوڵ) و بەپێچەوانەشەوە (مێخەک) کە فراوانی زۆر کەمتر بۆتەوە، ئەوە چڕی زۆرتر بووە.

---

[1] (گرتنەوە) (مامۆستا محمد معروف فتاح) بەرامبەر (التضمین) و (التواصل)ی عەرەبی بەکار هێناوە.

[2] علم الدلالة: لاینز: ٨٣.

[3] زمانەوانی: ٧٥.

– (گوڵ) زاراوە گشتیەکەیە Superordinate و مێخەک و نەسرین و دالیا ...هتد ئەو دانانەن (جورانەن) کە گوڵ ئەیانگرێتەوە.

لەوانەیە گرتنەوە بەشێوەیەکی تاک پێناس بکرێت وەک ئەڵێین (س) بەرامبەر ڕەنگی (پەمەیی)یە لە کاتێکدا (س) خۆی بەواتای (سور) دانرابێت بەڵام ناتوانین (پەمەیی) بەشێوەیەک دابنێین کە "سور" بگرێتەوە. واتە ئەو ڕستانەی کە زاراوەیەکی گشتی تێدایە، یان یەکێ لە پێکهێنەرەکانی و یان هەموو پێکهێنەرەکانی ئەو زاراوە گشتییە ئەگەیەنێت، کە ئەیانگرێتەوە کە لە ڕووی واتاوە پێکهێنەرەکان یەکسان بن، بۆ نموونە:

چەپکێک گوڵم پێشکەش کرا.

لەوانەیە (چەپکێک گوڵی مێخەک یان نەسرین یان گوڵەباخ...هتد) بگرێتەوە. لەوانەشە (چەپکێک لە گوڵی دالیا و نەسرین یان مێخەک و گوڵەباخ...هتد) بگرێتەوە. بەم شێوەیە بۆمان ڕوون ئەبێتەوە. کە یەکێک لە باشترین تایبەتیەکانی گرتنەوە ئەوەیە کە بەپێی بارو پێویستی قسەکانمان گشتیتر بکەین‌و یان ڕوونترو دیاریکراوتری بکەین.

لەگەڵ ئەوەشدا کە زاراوە گشتیەکە هەمیشە هەموو پێکهاتووەکانی ئەگرێتەوە، زۆرجار ڕێک ئەکەوێت چوارچێوەی دەقەکە دیاری ئەکات کام لە پێکهاتووەکان مەبەستە، بۆ نموونە لە (سوور) خۆیدا کە زاراوەیەکی گشتییە نازانین کام لە پێکهاتووەکانی (پەمەیی، سووری تێر، سووری کاڵ، جەرگی...هتد) مەبەستە، بەڵام لە بەکارهێنانی (سوور) (بۆنموونە) لەگەڵ خوێندا دەریئەخات کە مەبەست سووری تێرە نەک کاڵ یان پەمەیی یان....هتد.

پەیوەندی گرتنەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر ئەگۆڕێت[1]. لە ڕووی دیاری کردن

[1] پەیوەندی گرتنەوە وەستاوە لەسەر وشە، وشەی هاوواتای تەواویش لە نێوان دوو زماندا نییە، بەڵکو بەرامبەر یەکن لە ئەنجامی بەیەکدا چوونی شارستانێتی یەوە. کەواتە لامان ئاساییە کە یاساکانی دوو زمانیش (کە یەکێک لەوان پۆلین کردنە)، جیاواز بن.

و ژمارەی پێکهاتووەکانی زاراوە گشتیەکە(superordinate) ، بۆنموونە: پەتاتە لە کوردیدا نە لە پۆلی (سەوزە)یەو نە لە (میوە)یە، لەکاتێکدا بەپێچەوانەوە ئەچێتە کۆمەڵی (سەوزە)وە.[1]

بێجگە لەم جیاوازییە لە پۆلێن کردندا، زۆرجار پۆلەکە زاراوەیەکی گشتیان نییە کە کۆیان بکاتەوە، وەک (مریشک و کەڵەشێرو قەلەموون) لە کوردیدا کە وشەیەک نییە بیانگرێتەوەو بەرامبەر (الدواجن) و (Poultry) عەرەبیو ئینگلیزی بوەستێ[2]. ئەم دیاردەیە نەک هەر لە زمانی کوردیدا، بەڵکو لە هەموو زمانە سروشتیەکاندا ئەبینرێت. بۆنموونە: لە زمانێکی جیهانی وەک ئینگلیزیدا زاراوەیەکی گشتی نییە هەموو یەکەکانی رەنگ بگرێتەوە، لەبەرئەوەی هەروەک مەنتیقییەکان ئەڵێن "رەنگی سپی بەرامبەر رەنگاورەنگ (Colour) ئەوەستێتەوە، وەک لەکاتی جیاکردنەوەی جلی رەنگاورەنگ لە سپی بۆ شتن، دیسان رەنگی ئاویش یان روون بەرامبەر رەنگاورەنگ ئەوەستێتەوەو جیاوازیشە لەگەڵی. کەواتە رەنگی سپیو ئاوی ناچنە ژێر زاراوەی(Colour) ەوە"[3] . دیسان نموونەی تر هەیە بۆ نەبوونی زاراوەی گشتی، وەک نەبوونی زاراوەیەکی گشتی بۆ کۆکردنەوەی شێوەکانی (چوارگۆشە، خڕ، لاکێشە....)[4] زۆر وشەش هەیە کە بەکارهێنانی زۆر گشتییە وەک: یەت، ئەڕوات، کەس، شت، رووداو.....هتد[5]. ئەتوانین

---

[1] زمانەوانی: ١٧٥.

[2] هەمان سەرچاوە.

[3] علم الدلالة: لاینز: ٨٨.

[4] ئەم شێوانە لە زمانی زانستیدا پێیان ئەوترێت (شێوە ئەندازیاتییەکان).

[5] لێرەدا مەبەست لەوەیە کە دوو وشەی وەک (یەت و ئەڕوات) کە ئەبوایە زاراوەیەکی گشتیان هەبوایە کە هەر دووکیان بگرێتەوە، بە ڕادەیەک لە یەک دوور کەوتوونەتەوە کە وەک دوو کەرەسەی جیاواز بەکار ئەهێنرێن لە واتادا.

به کەرەسەی ڕێزمانی سەربەخۆیان دابنێین لە شیکردنەوەی قووڵی ڕێزمانیدا. بەلای زۆر لە واتاناسەکانەوە پۆلکردنی دانەکانی زمان لە شێوەی زنجیرەیەکی ڕێکوپێکدا و بە دەستپێکردن لە زۆرترین ڕێژەی گشتیەتییەوە تا بەرزترین ڕێژەی دیاریکردن (هەروەک لەم پێکهاتنە هەرەمییەدا ئەیبینین) شتێکی باشە:

گیانلەبەر

ڕووەک گیانلەبەر (بەواتای هەموو تەنێکی زیندوو)

باڵندە ماسی زیندەوەر شیردەر

مرۆڤ گیانلەبەر[1] ...

ئەوەی ئاشکرایە وشەی "گیانلەبەر" لە چەند شوێنێکدا دووبارەبۆتەوە، ئەم دیاردەیەش کاتێک پەسەند ئەکرێت کە وشەکە فرەواتا بێت بەجۆرێک کە یەکێک لە واتاکانی ئەو وشەیە هەر وشەکە خۆی بگرێتەوە، وەک: وشەی "گیاندار" بەرامبەر (ڕووەک) بۆئەوەی هەریەک لە وشەکانی (باڵندەو ماسیو زیندەوەرو شیردەر) بگرێتەوەو جارێکی تر بەواتای "شیردەر" بەرامبەر (باڵندەو ماسیو زیندەوەر) بۆئەوەی شیردەریش مرۆڤو گیانلەبەر بگرێتەوە .[2] دیسان لە پێکهاتنی هەرەمی (سەگ)دا هەمان دووبارەبوونەوە تێبینی ئەکرێت.

[1] علم الدلالة: پاڵمەر: ١٠٠.

[2] ئەگەر ئەم دیاردەیە بە کەم و کورتیش دابنرێت ئەوا زاراوە گشتیەکە ناگرێتەوە بەڵکو ئەو پێکهێنەرانە ئەگرێتەوە، کە ئەیانگەیەنێت، کە زاراوەی سەربەخۆیان تا ئێستا بۆ دانەنراوە.

سەگ

سەگ (نێر) دەڵەسەگ توتک[1]

سەگ زاراوە گشتیەکەیەو هەر خۆشی بە بەراوردکردنی لەگەڵ (دەڵەسەگ) بەواتای (سەگی نێر) یەت، کە ئەچێتە پێکهاتنی خۆیەوە.
هەندێ جار کەرەسەیەکی وەک "رەشە وولاخ" کە زاراوەیەکی گشتیە (گاو مانگا) ئەگرێتەوە، تەنیا بۆ کۆ (هەرچەندە لە فۆرمدا دیارە کە بۆ تاکە) ئەتوانین بەکاری بهێنین. کاتێک ئەڵێین (ئەوە رەشە وولاخە) لەوانەیە (ئەوە کۆمەڵێ مانگا یان، کۆمەڵێ گا) بگرێتەوە، بەلاّم ناتوانین لە شێوەی تاکدا بڵێین (ئەوە رەشە وولاخێکە).
ئەبێ ئەوەشمان بیرنەچێت کە لە پەیوەندی گرتنەوەدا چەمکی (پێویستایەتی – خروە) هەیە، وەک لەپێشەوە لە نموونەی گوڵدا روونکرایەوە. بەواتایەکی تر کە گوترا ئەمە مێخەکە ئەبێ (ئەمە گوڵە) بگرێتەوە. دیسان کە گوترا (ئەمە پەمەییە) ئەبێ (ئەمە سوورە) راست بێت. بەپێچەوانەشەوە "ئەمە گوڵە" مەرج نییە "ئەمە مێخەکە" بگرێتەوە.

## جیاوازی – Incompatibility:

پەیوەندی جیاوازی تاڕادەیەکی زۆر بە پەیوەندی گرتنەوەوە بەندەو هەردووکیان لە پەیوەندییە شوێنییەکانن و تەنیا بۆ مەبەستی ئاسانکردنو روونکردنەوە جیاکراونەتەوە. پێناسەی جیاوازی لەڕێ ی ئەو پەیوەندییە

[1] علم الدلالة: پالمەر: ١٠١.
سەگ (گەماڵ و تانجی) یش ئەگرێتەوە، بەلاّم لێرەدا پێویستمان بە ووردەکاری نییە.

دژایەتییەوە ئەکرێت کە لەنێوان رستەکاندا هەیە.
ئەگەر رستەیەک (ڕ1) راستی یان (ناوتوێژ – تچمین)ی رستەیەکی تری وەک (ڕ2)، نابکات ئەوا (ڕ1) و (ڕ2) دوو رستەی پێچەوانەی یەکترن لە رووی راستییەوە، بەڵام ئەگەر (ڕ2) و (ڕ1) دوو رستەی پێچەوانەی یەکتربن لە رووی پێکهاتنی رێزمانی و واتاییەوە، بەڵام جیاوازییان تەنیا لەو رووەوە بێت کە رستەیەکیان کەرەسەیەکی فەرهەنگی وەک (س)ی تێدا بێتو ئەویتریان کەرەسەیەکی فەرهەنگی وەک (ل)ی تێدا بێت، ئەوا ئەو دوو کەرەسەیە (س و ل) جیاوازن، بۆنموونە: کە ووتمان: نەسرین کراسێکی سووری لەبەردابوو. ئەم رستەیە ئەوە ئەگەیەنێت کە نەسرین کراسەکەی نە شینە، نە سپییە، نە زەردە....هتد. دیسان وشەکانی کۆمەڵەی (سەوز، شین، سپی، زەرد....هتد) بخەینە جێی (سوور) لە رستەکەدا ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە نای پێکهاتنی واتایی رستەکە ئەکات. بەم پێیە ئەو وشانەی رەنگەکان ئەگەیەنن بریتین لە کۆمەڵێک کەرەسەی فەرهەنگی جیاواز واتە پەیوەندی جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە. ئەمە شتێکی روونە تا ئێرە، بەڵام ئەوەی لای واتاناسەکان روون نییە بەتەواوی ئەوەیە، ئایا ئەم جۆرە (پەیوەندییە) پەیوەندی هەیە بە زانینی شوێنی (موچع) هەریەک لە دانەکانی کۆمەڵێکی وەک (رەنگەکان) یان نا.
پێویستە پەیوەندی جیاوازی جیابکەینەوە لە جیاوازی، لە شوێندا بەهۆی پێکهاتووەکانی زاراوە گشتیەکەوە کە لەناو خۆیاندا لەیەکتری جیاوازن. ئەم جۆرە جیاوازییەش بەهۆی لێکچوونی شوێنەوەیە. بۆنموونە لەگەڵ ئەوەشدا کە (پەمەیی) و (نەرم) لە رووی شوێنەوە جیاوازن، بەڵام پەیوەندی جیاوازی لەنێوانیاندا نییە. هەرچی (جگەری) و (پەمەیی)یە لە رووی شوێنەوە

لەیەک ئەچن (هەردووکیان ئەچنە جێی یەکتری)، پەیوەندی جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە. دوا خاڵی گرنگ لەبارەی "گرتنەوە"و "جیاوازی"یەوە، ئەوەیە کە ئەشێت هەمان جیاکردنەوەی واتایی بکرێت، یان بەهۆی پەیوەندی ستوونیو ئاسۆییەوە، یان بەهۆی یەکێکیانەوە بەتەنیا. بۆنموونە: لە کوردیدا (برا) و (خوشک) ستوونیانە جیاوازن.

ئەبێ ئەوەش بزانین بوونی زاراوەی گشتی زۆر گرنگە بۆ دیاریکردنی پەیوەندی گرتنەوە، بەڵکو هەر پەیوەندییەکە خۆی بەهۆی ئەو زاراوەیەوە یەتە کایەوەو روون ئەکرێتەوە، بەڵام ئەم زاراوەیە مەرج نییە بۆ بوونی پەیوەندی جیاوازی، چونکە تا شتێک شتێکی گشتیترو فراوانتر لە خۆی نەیگرێتەوە ئەوا پەیوەندی گرتنەوە دروست نابێت. بەڵام هەموو شتێک سەر بە هەر کۆمەڵە پۆلێک بێت، ئەشێ (ئەگەر واتاکەی رێ بدات) پەیوەندی جیاوازی هەبێت لەگەڵ یەکێکی تردا. وەک: کورسیو مانگاو پێڵاو و پاپۆرو پاشا...هتد. کە لە رووی واتاوە هەموویان تەنیا یەک شت کۆیان ئەکاتەوە (لەیەک تایبەتیدا هاوبەشن، ئەویش ئەوەیە کە هەموویان ئاماژەن بۆ شتی مادی).

# ئەنجام

دوای ئەوەی لە بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکەدا واتاو ناونانمان لەیەکتری جیاکردەوەو جۆرەکانی واتاو بیردۆزەکانیمان خستە روو بەکورتی لە سەرهەڵدانو گەشەو رێبازەکانی واتاسازی دواینو بەدوای ئەمانەشدا لە بەشی دووەمدا وشەمان وەک هێمایەک دایە بەر لێکۆڵینەوەو لە دوا بەشیشدا وشەمان وەک کەرەسەیەکی زمان سەیرکرد، ئەتوانین لە چەند خاڵێکدا ئەو ئەنجامانە بخەینە روو کە لە لێکۆلێنەوەکەوە ئەیانگەینێ:

1) وشەی "واتا" زیاتر لە واتەیەک و بەکارهێنانێکی هەیەو توێژەر (لێکۆڵەر) ئەبێ هەموو کاتێ ئاگاداری ئەوە بێت بەچی مەبەستێک بەکاری دێنێ.

2) لەگەڵ ئەوەشدا کە کێشە دێرینەکەی بوون یان نەبوونی پەیوەندی لەنێوان فۆرمو واتادا تارادەیەکی زۆر بەدوای سوسێردا بەو لایەدا کەوت کە پەیوەندی نێوانیان لەخۆوەیە. ناوبەناو لەم سەردەمەدا سەرهەڵئەداتەوەو لایەنەکەی تر بەتایبەتی لەم دواییەدا، هەڵوێستیان بەهێزتر بووە.

3) دابەشبوونی تەم و مژی واتایی (روونی و لێڵی) لە هەموو زمانەکانی جیهاندا یەک رێژە وەرناگرێ. بەشێوەیەکی گشتی، زمانە لکاوەکان روونترن لە زمانەکانی تر....

4) زمان تەنێکی داخراوەو کەرەسەکانی تێکچڕژاون و چوون بەناو یەکتریدا. ئەوەی ئەم وشانە بەیەکترەوە ئەلکێنێو گرێ ئەدا پەیوەندی واتاییە وەک (هاوواتایی، دژواتایی، گرتنەوە، جیاوازی.(

5) پەیوەندییە واتاییەکان (هاوواتایی، دژواتایی...هتد) پەیوەندی شوێنین، بەواتای ئەوەی کە تەنیا لە چوارچێوەیەکی زمانیدا کارئەکەن، بۆنموونە، (سپی) هەموو کاتێک دژواتایی (رەش) نییە، چونکە

لەکاتێکدا (ماڵی سپی) و (رۆژی رەش) رێزمانیین (ماڵی رەش و رۆژی سپی) ناپەسەندن.

6) ئەو پەیوەندییە دێرینەی کە بە دژواتا ناوبراوە بریتییە لە سێ جۆر پەیوەندی واتایی (جیاوازی، پێچەوانەیی، تەواوکەری) کە بەهۆی چەند تاقیکردنەوەیەکی زمانەوانییەوە لەیەکتری جیائەکرێتەوە.

7) زۆری بوونی هاوواتاو هاوبێژ وشەی فرەواتا لە توانای زمان کەم ئەکاتەوە، لەبەرئەوە زمان ئەم جۆرە کەرەسانە فڕێ ئەدات. ئەمەش یەکێکە لە هۆکانی بوونی بەردەوام لە زماندا.

8) واتاسازی چەقێکە کە زۆر زانستی تیا کۆئەبێتەوە، بەواتای ئەوەی جێگەی لێکۆڵینەوەو سەرنجی زمانەوانیو فەلسەفەو زانستی دەروونو رەوانبێژیو ئەنپروپۆلۆجیو بیردۆزی پەیوەندیکردن و چەند زانستێکی ترە. ئەم شوێنە گرنگو ستراتیجییەی واتاسازی ئەیکات بەبەشێکی زۆر گرنگی زمانەوانی.

9) واتاسازی ئەمڕۆ لەژێر ئەو تەمومژەدا نەماوە کە لە سییەکاندا لاوازی کردبوو. واتاسازی لە زمانەوانی ئێستەدا بایەخێکی زۆری هەیەو یەکێکە لەو بەشانەی کە لە برەودایە.

10) واتاسازی ئەم سەردەمە بەتایبەتی رێبازێکی وەسفی گرتووە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە لە دوارۆژدا رێبازێکی وا بدۆزێتەوە کە هەردوو رێگاکە مێژوویيو وەسفی تێکەڵ بکاتو بەدوای یاسا گشتییەکانی واتادا بگەڕێت.

## سەرچاوەکان


بەکوردی:

1. تێنەپەڕ فەرمانێکی بکەر نادیارە، د.وریا عمر امین، 1985، رۆشنبیری نوێ، ژمارە 107.
2. زانستی ئاوەڵواتا، د.کامل حسن عزیز البصیر، بەغداد، 1981، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.
3. زاراوەی کوردی، د.کامل حسن عزیز البصیر، سلێمانی، 1979، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.
4. زمانەوانی، محمد معروف فتاح، کتێبێکی مەنهەجییە، 1986.
5. زمان و پەیوەندی بە مێشکی ئادەمیزادەوە – غازی فاتح وەیس – گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە 100، ساڵی 1983.
6. فۆنەتیک، غازی فاتح وەیس، 1984، (مگبعە الادیب البغدادیە).
7. هێماکاری و زمانەوانی، محمد معروف فتاح، کاروان، ژمارە (28)ی ساڵی سێیەم، کانوونی دووەمی ساڵی 1985.
8. وشەی زمانی کوردی، ئەورەحمانی حاجی مارف، بەغداد، 1975، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

بەعەرەبی:

1. أچواو على الدراسات اللغويه المعاصره، د.نايف خرما، المجلس الوگنى للپقافه والفنون والاداب، الكويت 1978.
2. الالفاڤ اللغويه خصائصها وانواعها، د.عبدالحميد حسن، قسم البحوپ والدراسات الادبيه، معهد البحپ والدراسات العربيه، مگبعه الجيلاوى، جمهوريه مصر العربيه 1971.
3. تأملات فى اللغه واللغو، محمد عزيز الحبابى، مصنع الكتاب للشركه التونسيه

للتوزيع، تونس 1980.
4. الترادف فى اللغه، حاكم مالك لعيبى، منشورات وزاره الپقافه والاعلام، سلسله دراسات (221) بغداد 1980.
5. دراسات فى اللغه، د.عبدالكريم المجاهد، دار الشؤون الپقافيه العامه، بغداد 1986.
6. دلاله الالفاق، د.ابراهيم انيس، جامعه القاهره، الگبعه الپانيه، 1963.
7. الدلاله اللغويه عند العرب، د.عبدالكريم المجاهد، مركز العبدلى التجارى، الاردن، عمان 1985.
8. دور الكلمه فى اللغه، ستيفن اولمان (ت.د.كمال محمد بشر)، مكتبه الشباب، 1973.
9. علم الدلاله، اف.بالمر (ت.مجيد الماشگه)، مگبعه العمال المركزيه، بغداد 1985.
10. علم الدلاله، جون لاينز (ت.مجيد الماشگه)، مگبعه جامعه البصره، بغداد 1985.
11. علم الدلاله، السلوكى، جون لاينز (ت.مجيد الماشگه)، دار الحريه للگباعه، 1986.
12. اللغه العربيه معناها ومبناها، د.تمام حسان، مگابع الهيئه المصريه العامه، القاهره 1979.
13. اللغه والمعنى والسياق، جون لاينز (ت.د.عباس صادق الوهاب)، دار الشؤون الپقافيه، بغداد 1987.
14. ڤاهره المشتركه اللفڤى ومشكله غموچ الدلاله، الدكتور احمد نصيف الجنابى، مجله المجمع العلمى العراقى، المجلد الخامس والپلاپون، الجزو الرابع 1984.

15. ڤاهره التقابل فى علم الدلاله، الدكتور احمد نصيف الجنابى، مجله ێداب المستنصريه، العدد العاشر، 1984.
16. مفهوم المعنى، د.عزمى اسلام، حوليات كليه الاداب، جامعه الكويت، الحوليه السادسه، الكويت، 1985.
17. منهج البحپ اللغوى بين التراپ وعلم اللغه الحديپ، د.على زوين، دار الشۆون اليقافيه، بغداد 1986.

<u>به ئینگلیزی References</u>

1. Beirwish Manfred, 1970, Semantics, in New Harizons in Linguistics, John Lyons (ed) London: penguin.
2. Cooper, D.(1973) Philosophy and the nature of language London: University of London.
3. Leech, Cteoffrey, (1924) Semantics. London: Pelian.
4. Lehrer, Adrienne, (1985) Markedness and Antonymy, Journal of Linguistics V.2 No.2.
5. Lyons, John (1980) Language and Linguistics, London Cambriage University Press.
6. Otto, Panman, (1980) Homonymy and Polysemy, Lingua 58, 103-136.
7. Spence, N.C.W (1970) Meaning and Reference in Encyclopedia of Linguistics, Information and Control, Meetham (ed).

# ملخص البحث

يتناول البحث دراسة الكلمة على ضوء علم الدلالة، الذي يعني بدراسة المعنى دراسة علمية موضوعية، وأيضا بالتحديد الصحيح لعلاقة المعنى بحقول المعرفة الاخرى كالنحو والفلسفة وعلم النفس. وأعطاء صورة واضحة عن هذا العلم ونظرياته التقليدية والحديثة وعن مفهوم المعنى وانواع المعنى والمفاهيم الاساسية مثل الترادف والتضاد والتحليل المكوناتي....

ولغرض تغطية كافة جوانب الموضوع قسم الباحث دراسته الى ثلاثة فصول أضافة الى مقدمة وافية عن موضوع قيد البحث وتلخيص لاهم النتائج التي توصل اليها البحث.

يعتبر الفصل الاول من هذه الرسالة تمهيد للدخول الى علم الدلالة الوصفي (الذى خصص لدراسته فصلي الثاني والثالث). اذ يتناول التمييز بين مفهوم المعنى وتسمية الاشياء (الاشارة)، ثم يتحدث الباحث عن انواع المعنى والنظريات التي وضعت لغرض تحليلة وفي نهاية الفصل هناك عرض تأريخى لظهور وتطور علم الدلالة عند الاوروبيين.

أما الفصل الثاني فقد خصص لدراسة الكلمة كرمز فقام الباحث بعرض العلاقة بين الكلمة والرمز ومشكلة الغموض فى العناصر اللغوية، خاصة الغموض القواعدي والقاموسي وثم تفسير ظاهرتا المعنى المتعدد والمتجانس.

وخصص الفصل الثالث من البحث لدراسة الكلمة دراسة وصفية معاصرة من منطلق ان اللغة عبارة عن شيء معقد، عناصرة متداخلة بصورة كاملة ويوضح كل عنصر معنى العناصر الاخرى. ففي بداية الفصل تم بيان اوجه الاختلاف بين العلاقتين الاشارية والموضوعية. ومن ثم عرض كافة العلاقات الدلالية الموضوعية (الترادف، التضاد، التظمين، التضارب).

Abstract

This study, which deals with the central problem of language, lexical meaning, comprises an introduction, three chapters and some conclusions.
The first chapter, which serves as a background to the main bulk of the work in the other chapters, is concerned with meanings of meaning, reference, sense, types of meaning, theories of meaning, their merits and demerits, and it presents a historical survey of the development of semantics in Europe and its present tendencies. The emphasis is shifted in the rest of the work to descriptive semantics, the part which words play in the structure of language at a given moment irrespective of their antecedents.
The second chapter focuses on a basic approach to descriptive semantics: the conception which regards words as signs, as units endowed with symbolic function. Here two fundamental problems are raised: the relation between form and meaning (motivated and opaque words) and the fact that a form can have more than one meaning (problems of semantic ambiguity, polysemy and homonomy).
The third chapter concentrates on another dominating approach to descriptive semantics: the view that language is an integrated system, a ‘structure whose elemunts, including words, are interdependent and interconnected, deriving their significance from the system as a whose and their interrelationships, which are defined in terms of synonymy, hyponomy, antonymy, and incompatability.